# پەخشانی زەرد
# و
# شیعرو وشە

# پەخشانی زەرد

# و

# شیعرو وشە

**هاشم سەراج**

## دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- پەخشانی زەرد و شیعر و وشە
- نووسین: هاشم سەراج
- نەخشەسازیی ناوەوە: گۆران ڕواندزی
- بەرگ: ڕێمان
- نرخ: (٦٠٠٠) شەش هەزار دینار
- چاپ: (یەکەم) ٢٠٢٤
- تیراژ: ٤٥٠ دانە
- چاپخانە: هێڤی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٤)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە

**زنجیرەی کتێب (١١٣٥)**

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

*** لە سەرەتـای ساڵی ٢٠٢٣ وە دەستم بە  پڕۆژەی شیعریی ( شیعر و وشە ) کرد لە ١١-٧-٢٠٢٣ دەستم لێی هەڵگرت بە مەبەستی بە چاپگەیاندنی  لەگەڵ پڕۆژەی شیعریی ( پەخشانی زەرد ) دا لە دووتوێی یەك کتێبدا**

**هاشم ئەحمەد سەڕاج**

**٢٠٢٣-٧-١١**

# پەخشانی زەرد

جوانی برۆنزیت هەست وخەیاڵ و هزر و ڕیتمە
لەوێنەیەکی درەوشاوەدا مەوداکانی نێوان شیعر و پەخشان کاڵدەکاتەوە
***
بەم گەردوگوڵی بەیانە سۆکرات لەنزیك
شوفقەکانی ئیسکان بە پێخاوسی پیاسەی دەکرد
زانیم لەدەست ژنە هارە کەی ڕایکردووە گوتم پێویستە
پەخشانیش لەڕێگەی دنیابینی وشیعرگەراییەوە
ڕەفتاری گە نجەکان تێکبدا یەکبەدەنگی لەقاقایدا!
***
لەکۆمەڵگای مۆدێرن گە نجەکان بەمەستی پیرەکان دەکوژن
پیرەکان بەمیزی بازنەیی کاتەکان
لەکۆمەڵگای سونەتی پیرەکان بەکاتم گە نجەکان دەکوژن
گە نجەکان بەرێپێوان کاتەکان!
***
شیعرزمانە کۆپی گرتنەوە نییە
***
لیا جوانە دڵڕفێنیشە
کاتێ بەیەك تکە شەراب مەست دەبێ
گوارە زیوەکانی فڕێ دەدا و ملپێچە شەکەرییەکەشی
ملوانکە شینەکەی لە گەردنی( لوا ) دەکا و لە پڕ ێکا لێوی دەگەزێ و
بەڕووت وقووتی ڕووەو کێوە زەردەکان ڕادەکا و
بەدەم تووترك لێکردنەوە گۆرانی دەڵێ
پۆل پۆل قوڵنگی سوور و سپی بەدەوریا دەگەڕێن!

دڵخۆشیی شوناسی بوون شیدەکانەوە دڵتەنگیی شوناسی نەبوون؛
***
وتم ( پیێ ) ( پۆڵ ) شێوەکارێکی گەڕیدەی شێتە
ئەگینا عیشق گیرۆدەبوونە بەیەکترو لەئاگرێکی شینی شەیداییدا
دەسووتێن و گەمەی ئیرۆتیکی دەکەن ( پیێ ) بزەیەکی گرت و بەسەرسوڕمانەوە سەیری
کردم و لە پڕێکا دیارنەما

***
جوانی خە نجەرێکی جەوهەرداری مشتوو زیوە
گیانت لەبەردەبڕێ عیشق کالانی ڕەشیەتی؛
***
زمان دۆزەخێکی سپییە فیردەوسێکی ڕەش
بەردەوام لەسکوزادایە
لەدزیشدا دیدالۆسێکی بێهاوتا
کەس بۆی نییە ڕێگەی پێ بگرێ؛
***
ئەفازیا دڵەڕاوکێیەکی سپییە ڕەشیشە
لە( جندول ) سێ ( لحم بعجین ) م سەند
هەستم دەکرد فۆنیمی س لە د
ناسکترە
&
ی
***

ئەی جوانی  لەوساوە لێکدابڕاین دڵم بەردەوام کوتەکوتیەتی

***

شیعر هەستە  بۆشاییە سێکسییەکانی زمان پڕدەکاتەوە

***

شیعر هێزێکی دیۆنیزیۆسییە تیۆری جەنگە بێ مردووەکان تێکدەدا!

***

شیعر لەژووری بەتاڵی زەینی وەرگردا  پاشخانێکی شینە چەشنی تۆپێکی سپی هەڵواسراوە

***

وێنەی شیعری بۆمبێکی زەردی زیرەکە

هزری زیندووی ڕەنگاوڕەنگ دەتەقێنێتەوە

***

شیعر  پرۆسەی سێکسییە لەچێژ وخەیاڵی تاکەوە سەرچاوەدەگرێ!

***

چێژ لەئارەزووی سێکسیدا چەنێ ئۆنتۆلۆژییە!

***

ویستم لەبوونی لیا نزیك بکەومەوە عیشق وسێکس لەچێژدا  بەیەکەوە هەڵایسان

***

لە پرۆسەی شیعردا هەست دۆزەخە زەمهەریریشە چێژ ڕێساکان تێکدەشکێنێ زمان یاساکان

***

جوانی ڕوخسارت چەنێ هەستبزوێنە دووبارە بوونم لەت و پەت دەکات

***

چێژ لە ئارەزوودا نیشتەجێیە ئارەزوو لە چێژدا
جەستە پێش سەرجێیی کێکی ئیسفە نجە پاش سەرجێیی سەموونی عەسکەری
***
وتم (لیڤیناس) ڕوخسار شەبەنگی جوولەی جوانییە
مەگەر بەڕێکەوت خۆی دەرخا
***
من فینۆمینۆلۆژییەکی شێتم چاوم بڕیوەتە شێوەی لیا
بەڵکو ڕوخساری دەرکەوێ و نهێنی جوانی شیکاربکەم
***
منی شیعر خاوەن زەینێکی بەتاڵە حەزدەکا بەئارەزووی سێکسی
ئاوێزانی بوونی پڕت بێ و لە پانتاییەکی لێوانلێو
لە چێژ وئازاردا سەربنێتەوە
***
زمان ستەمکارە لەڕاڕاییەوە سۆزی شەهوەتی دەردەبڕێ
***
ژیان جگە لە یاریگەی جەستە شتێکی ترنییە
***
دوورنییە مرۆڤ ببێت بە بارستاییەك لە وڕێنە!
***
هێزی خەیاڵ و ئارەزووی سێکسی دووئەڵقەی زەرد و سووری بەیەکداچوون
لە پانتای شینی چێژدا لێکدەبنەوە
***

کات ڕۆشتنی ڕووبارێکی کەسکی جیوەییە لەنێوان کەنارەکانی سوژە وئۆبژەدا
بەکۆمەڵێك دەبەی شینی پەرش وبلاَوی بەتاڵەوە

***

شیعر وەشاندنی پیتە لە گەمەیەکی ئازاددا ڕووەو کێڵگە شینەکانی ئیستاتیکا

***

شیعر بوونە لەناکاودێ بەرهەمی چرکەسات و ڕێکەوت و ڕووداوی نەخوازراو

***

قوتوویەکی وەنەوشەیی پڕاو پڕ لە چوکلێت لەسەر مێزێکی ڕەش دانراوە
ئەوەی دێ دانەیەکی لێ دەخوا دیاری کچێکی سپییە و شیعر و نیگار و ئیرۆتیك دڵیان
هەڵپاچیوە دەڵێ: شیرینی عەتری جەستەیە
لەجوانیدا نیشتەجێیە نە تام دەگوازرێتەوە نە چێژ
بەم چێشتەنگاوە چ ئاژاوەیەکی کپ و ڕۆحپڕووکێنە
دوای نسکافە خواردنەوە ( ب ) بە چە پکێ میتافۆر و دوو کووبەی بڕوێشەوە
دێ و سەرولەتێ ( ێ ) سەرقاڵی جگەرەکێشان و داڵغەیە
( ز ) شێوەدەکێشێ و بیر لە شیعر دەکاتەوە ( أ ) لە مەی و گەمەکانی لاَیك دەدوێ ( ر ) کتێب
دەخوێنێتەوەو خەیاڵ دەبیا ( ی ) شەیدای ئاسۆکانی تەئویلە ( ی ) زاراوەکانی یاسا
دەدوێنێ جارجار بێدەنگییەکی کوشندە خۆی دەسە پێنێ دوای دوو کاتژمێر ژوورە
شینەکە و قوتووە قەشەنگەکە
جگە لە دوو شوێنی خاڵی شتێکی تر نین!

***

کە پڵەکان چێژگەرایی بە ساتەوەختی نەمری پێوانەدەکەن
سینگڵەکان شادیگەرایی بە ساتەوەختی ڕاگوزەر

***

مرۆڤ کاتە گرفتاری بوون و لەززەتبینین و خۆشگوزەرانیشە

***

شیعر عیشقە لەسەنتەری تاکەوە بەرەو کۆ هەنگاودەنیٚ و

جیاوازییەکان بەرِێوەدەبا

***

شیعر نەفرەت لە عیشق هەڵدەوەشێنێتەوە دڵەڕاوکیٚ نا

***

هەمیشە جەستەی جوان بەبازنەکانی بیرکردنەوە گەمارۆدەدریٚ

***

ژیان لەگەڵ لیا لیٚوانلیٚوە لە خۆشی ئیرۆتیکی

***

خۆڵ موڵکی کەس نییە و باوەش بۆ هەموو کەس دەکاتەوە

***

بوون پووچە بوونی نیگەرانی من پووچتر

ئیٚوارە بەرەو باخچەکەی ( باوەکر ) بەرِێکەوتین

دڵخۆش و ڕاڕا تا چۆڕیٚ مەی بخۆینەوە لە دەربەندی گۆمەسپان

سیٚ کیلۆ برنجی کوتراوی کوردیم لە کابرایەکی دڵسافی بە سەروجامانە کڕی بۆ دایکم

کە تازە جەڵتەلیٚیداوە

***

سرووشت جوانە ترسناکیشە خاوەندی دەسەڵاتێکی شاراوەی گاڵتەجاڕی

مرۆڤ بەوهەموو تواناو شانازییەی لەنیٚوان کیٚو و تەلاندا

چەشنی خاڵیٚکی نەبینراو وندەبیٚت

***

ژیان چەنێ ئەفسووناویە سپێدان ڕوخسارت شە پۆلی جوانی
لێ هەڵدەقوڵێ شەوان سەرا پای جەستەت
***
کاتێ دڵخۆشی ژیان چەشنی کچێکی باڵا بڵندی
باریك وبنێسی پێستبرۆنزی
سەرهەڵدەبڕێ و لە قاقای پێکەنین دەدا
کاتێ دڵتەنگی لە پڕمەی گریان ؟

***
جوانیت دەقێکی کراوەیە هێما شینەکانی داخراو دەلالەتە سپییەکانی دواخراو
***
بەتێپەڕینی کات پرشنگی جەستەی برۆنزیت دیارنامێنێ
***
ڕەنگە لە دەقی ئیستاتیکیدا ڕیتمی وشەکان باوەش بەیەکا بکەن
لەدەقی میکانیکیدا لێك زویربن
***

ڕیتمی پێکهاتەکانی ڕوخسارت ئیکسیری شیعرە
بەهای ئیستاتیکیم پێ دادەهێنێ هزر و خەیاڵیش؟
***
هزری نوێ بەفۆرمی کۆن دەربڕدرێ کەموکوڕیی دنیابینی وکێشەی ئیستاتیکی لێ دەکەویتەوە
***

دواجار ئەم کەڵکەڵە ئۆنتۆلۆژییە دەمکوژێ لێگەڕێ تۆزێ چێژ لە جوانیت ببەم

***

ویستم لە ئە تمۆسفێری ڕەنگاوڕەنگی نووسیندا

توخمی شینی هزر هەڵپەسێرم

شیعر بەتێکڕای پێکهاتەکانییەوە لالایەوە

***

خۆرهەڵاتی ناوین کوشتارگەیەکی مۆدێرنی

ترسناك و شوێنگەی کۆمپانیاکانی خوێنە

شەقام و کۆڵانە سپییەکانی بەهێزی ڕەشی سەربازی و

سونەتی و میلیشیایی تەنراون

بەدوای سوپاسالاری لەشکری داد پەروەرییا بگەڕێی

ڕووبەڕووی سوپاسالاری لەشکری ستەم دەبیتەوە

***

( وەرە نێو دڵی تاریکی ) جۆزیف کۆنراد

نە مۆراڵیستێکی خۆپارێزە نە لادەرێکی بەرەڵا و

عاجپەرستێکی  هەڵەوەڕ خاوەن سوبێکتێکی نیگەرانە

هێزی وشە و هۆشمەندییەکی قووڵ و

جەنگ و جوانی و سرووت و خەیاڵ و شێتێتی ( کۆرتز ) و

گێڕانەوەسپییەکانی ( مارلۆ ) وتراژیدیا

تێکەڵ بە سیستمی هێماگەرایی زمان دەکا و

بەسەرسامی لەدارستانە ڕەشەکان ڕادەمێنێ!

***

من بە مەینەتەکانی هێزیی هزری گوزارشت لە واتای بوون دەکەم

تۆ بە لەززەتەکانیی گەمەی جەستە

***

چێشتەنگاو تەم و بێدەنگی باڵیان بەسەرتاسەری جیهانا کێشابوو
من ولیا لەڕووباری ( تایمز ) مەلەمان دەکردو
پێدەکەنین ئاو خوتووکەی دەداین و
ڕۆحمان مووچڕکێکی سپی پیادادەهات
( چارلی مارلۆ ) لەوێ لە کەشتییە ڕەشە چارۆکەدارەکەی
( نێللی ) دا سەرقاڵی گێڕانەوە دوورودرێژەکانی بوو
گوێمان هەڵخست و وەڕسبووین لە پڕ سووکەئاوڕێکی لێ داینەوە
لیا گۆناکانی سوورهەڵگەڕان من خەیاڵم ڕۆیی و
بیرم لە ( کریستۆفرمارلۆ ) دەکردەوە
چۆن لە لەندەن لە مەیخانەیەکی سووردا بەر چەقۆدرا

***

( کاوان ) ی پیتگەرا هەموو تەمەنی لەنێو
ژاوەژاوە ڕەشەکانی چاپخانەدا بەسەربرد مەبەستم ( نەسیمی ) نییە
ژوورە داخراوەکانی بانکی جوانی و سۆفیگەری بەکلیلی پیت وعیشق دەکردەوە کاوان
مرد بڕیارە لەدەشتێکی سپی قسنێکی شینی بۆ لەچاپەمەنی هەڵچنن بەلاَم ئەمەیان
شتێ لەبابەتی سەیروورەی
هیچێتی بوون ومەرگ ناگۆڕێت

***

کچە ڕەشئەسمەرێکی بالاَسەروو ڕۆژانە لەنزیك کلێسا سپییەکە
بەلەنجە و غەمزەی چاوەزەردەکانی هەم ئەقلی منی شیعرو منی ڕەوتەنی تێکدەدا
هەم سیستمی توخمەکانی شیعرگەرایی

( بوو سوتتان قيماغ اولماز
اسمردان دۆيماغ اولماز
گوزالدان دۆيماغ اولماز
اگل اگل اوپايم
يۆلچيەم دورماغ اولماز )

***

چەندين جار لەگەڵ قەرەداغ لە بارە سپييەكانى عەنكاوە
( مەى ) مان نۆشيوە
( ئاشوور ) گيتارە ڕەشەكەى دەژەنى وگۆرانى دەگوت
حۆنلى ....حۆنلى
( مەربێن ) مەززەى دەگێڕا
قەرەداغ سەربووردەى ڕۆژانى دڵدارى ومامۆستايى
دەگێڕايەوە
ژيان چييە جگە لە جوانى و عيشقى فرەكولتوورى و
پێكەوەژيان و ڕێزگرتن لە جياوازييەكان
ئيمڕۆ قەرەداغ مرد كڵێسا بەزەنگێكى شين
سەرەخۆشى ڕاگەياند و نە مەيخانە قەرەباڵغەكان
لەجووڵەكەوتن نە سيستمى هەڵەوەڕى زمان

***

زمانى
( دەقى سپى ) و( پەخشانى شين ) م
بەرەو شيكى و كەشخەيى و ئەبستراكت

دەبرد و خاشاکەزەردەکانم
هەڵدەدایە نێو زبڵدانی ڕەنگەکانەوە
لەناکاو لیا بەڕووت وقووتی و سەماوە دەرکەوت
جەستەی باریك وبنێسی
دەتگوت پەیکەرێکی تەنك و میوزیکئامێزی مۆدیلیانییە
باوەشم پیاکردو بە ئاماژە دواین
هێماکان تێکەڵ بە جیهانی ئیرۆتیکادەبوون
نیشانەکان تێکەڵ بەجیهانی ئیستاتیکا
***
دەشێ سەلیقەی شیعری لە هێزی زگماکەوە
سەرچاوەبگرێت دنیابینی لەهێزی مەعریفی
***
ڕوانینیی خەتەرناك بەدەزووی پیت
تەقەڵرێژبکرێت مەحاڵە بگاتە چلە پۆپە
***
چەندین جار لەچێژی شینی جوانیتدا خۆم ونکردووەو
لەگۆشەی مە یخانەیەکی سپیدا دۆزراومەتەوە
***
جەستەی سپیت شاکارێکی هێماگەراییە
منی هێرمنیۆتیکی هێندە لێکدانەوەی شینم
بۆی کردووە خەریکە لە جووڵەدەکەوم
***
لەخەوما دەستم لەکەمەری باریکی

**کچەماسییەکی سپی ئاڵاندبوو هێندە نەرم ونیان**
**شەرابی شینی زەین لەخۆوە فیچقەی دەکرد**
***
**ماچت تەڵەزمێکە لە ئاگری چێژ**
**گەمەی جەستەت لافاوێك لە زەمهەریری خۆشی**
***
**دنیابینی ژێرئاوگەڕێکە لە دەریای هزردا گیریخواردووە**
***
**ئایدیۆلۆژیست دۆگمایە نە تەنیا فریشتە نییە**
**بەڵکو بوونی لێوانلێوە لە ڕۆحی ژەهراوی و شەیتانگەرایی**
***
**بڕێجار هەستێکی کوشندەی نیگەرانی سەرتاسەری**
**دەروونم دادەگرێ خەریکە ماڵاوایی**
**لە جیهانی جوانی و کردەی ئاڵۆزی نووسین بکەم**
***
**زەوی شوێنگەی ڕۆنان و پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەی جیهانی ژیانە**
**خا پوورگای مەرگیشە**
**(یر یر سانی**
**گازدردم یر یر سانی**
**بیلیرم بیر گون گالر**
**دوردوغو یر یر سانی )**
***
**لە پرۆسەی نووسیندا**

هەم چەمکی بیرکردنەوەی ( هایدگەر ) ی
گەمارۆی زەینم دەدا
هەم چەمکی وێنەی شیعریی ( باشلار ) یی
***
جوانیت وێنەیەکی ناوازەی شیعرییە
لێوانلێو لە جووڵە
کاتێ بەرێکەوت دەردەکەوێ بوونم
بەرەو چێژ وئارامی و تێڕامان دەبا و
لەناکاو لە خود و گەردوون دادەبڕێم
***
کات سەرەتا جوانییەکانی جەستەت لێ دەسێنێ
دواتر جوانییەکانی گیان
هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەمە ( لانە ) بێت
کچێکی ئاگرگەرمی دەمبەخەندەی پێست برۆنزی
کەس نەدەوێرا سەیری لەرەی مەمکە تورتەکانی بکات
بەهەڕەمەکی دەدوان
ئەمڕۆ لە پاسی ( زیلان ) یەکترمان ناسییەوە
پیرێژنێکی خەمناکی لەچکبەسەری مانتۆلەبەر
وتم
( گێتی بزم چاغمز
وێران اولدی باغمز
یل استی یاغمر اولدی
توکلدی یارپاغمز )
لانە بزەیەکی گرت و چاوەکەسکەکانی

## فرمێسكيان تێزا!

***

دوێنێ شەو لە مەیخانەیەكی نارنجی
لەگەڵ برگسۆن و باشلار و گاستۆن ڕۆپنال
لە چەمكی بەردەوامبوون و چركەساتی چییەتی زەمەن دەدواین
واتایەكمان بۆ دەستەبەرنەدەكرا
لەم هەڵلا و هەرا و زەنایە
لەناكاو ئۆگستین خۆی كرد بەژوورەكەیا
بەشڵەژاوی گوتی: ئێستا ئێوە كاتن سبەی نا!

***

منی داماو گوناهی سپییم زۆرە گوناهی ڕەشم كەم
زۆرم بەجوانی جەستەی ڕۆشنی یاردا هەڵگوتووە
نیوە شەوێكی شین
لەكۆڵانێكی تەنگەبەری بنبەستدا
باوەشم بەبالآی بڵندی كردو
بەعەتری سینەی مەست بووم
مەگەر ڕۆحی ڕەها فریام بكەوێ
(أوزوم قره
میو یاشیل أوزوم قره
گیدرم حەق دیواننه
الم بۆش اوزم قره)

***

دڵێك عیشق دایگرتبێت جێگای جوانی و ئازارچەشتنە!

***

ئێستا وتووێژدەکەین و پێدەکەنین
دوای دیارنەمانم تەنیا بیرلە
قژگرە و فلچەی ددانت دەکەیتەوە

***

خودایا
( شیلان )ی باڵابەرز چەنێ نەرم ونیانە
دەڵێی شیعرێکی شینی گەرۆکە
کاتێ بەبەردەمم تێدەپەڕێ
بەجوانیی گەردنی سپی و عەتری جلی ڕەشی و
ڕیتمی دەنگی مەست دەبم

***

چێشتەنگاو بەمەستی هاتم لەبەردەم دەرگا سپییەکەی
ماڵە زەردەکەتان وەستام
ئەڤینت یاری بەزەینم دەکرد جوانیت بە دڵ و گیانم
لاسکی گەڵا مێوەکان بەشێوەیەك
لەشوول و دارەڕای چارداغە ئاڵەکە ئاڵابوون
دەتوت ئاشقە و ماشقەن
وتم خودایا عیشق چ هاڵاوێکی کەسکی ناوازەیە
خەریکە هێدی هێدی دەروونم دەکات بە خۆڵەکەوە
لەناکاو خەیاڵم ڕۆیی و لەبەرخۆمەوە
گۆرانییەکی ( مشکۆ ) م چڕی

( يولاری دەلدە  دەلدە
بیر یوام  وار  بو  دالدە
هەیوا گبی سارالدم
بیر ا یمان یوختی ساندە
هەیوا گبی سارالدم
دین ا یمان یوختی ساندە )
***
تەنیا ئەوساتەوەختە  پەتییە
کاتێ لەگەڵ درەوشانەوەی جەستەی سپیتا
دەژیم و هەستدەکەم ژیان هێندەی بەبەرەوە نەماوە
***
بێهوودویی بازنەیەکی تاریکە
لەدڵەڕاوکێی بوونەوە سەرچاوەدەگرێت
تیایدا ئومێد و ئارەزوو لەدەستدەدرێن
***
سەیری ( دڵی تاریکی  ) بکە ( کورتز )
شێوەکارێکی شێتی فاوستییە
میوزیکژەنێکی عاقڵی سادیزم  و مۆراڵیستێکی مونحەریف
لە بان کوخە سپییە ڕستێك کەللەسەری ڕەش
پیا هەڵواسراوەکەدا
یاری بە چەپکێ ( عاج ) ی ڕەنگاوڕەنگ دەکا و
وێستگەکانی تەمەنی بە وڕێنە و تۆقین لێکدەداتەوە
لەناکاو قاقا  پێدەکەنێت

گزنگ دەسپێکی کاتێکی سپییە
لە ( جیهانی ژیان ) دا دەلەرێتەوە
زەردە پەڕ کاتێکی ڕەش وشەکەت
***
مرۆڤ فۆڕمە زۆرجار سەروسیمای مردووەکان
لە فۆڕمی زیندووەکاندا دەردەکەوێ
***
هەمووشتێك دەچێتەوە گۆڕستانی ڕابردووەوە
زمان ، جوانی ئومێد وئارەزوو
***
مەرگ هێزێکی شاراوەی هەڕەمەکییە لە پڕێکا دەردەکەوێ و
بەخشندەکان بە بێدەنگی لەنێودەبا چاوچنۆکەکان بە ژاوەژاو
***
بە نازی جوانیت مەستم بە میوزیکی دەنگیشت
***
بوون ئە تمۆسفێرێکی شینی زمانییە بەزەبروزەنگی هێمایی پۆشراوە
***
شیعر لەخودئاگادا بە جوانی جەستە مەستە لەناخودئاگادا بە ڕۆحی نیهیلست
***
جوانپەرستی ڕەگێکی لە شێتییە نیشانەکانی لە وێرانکردنی
زمانی شیعردا دەردەکەون
***
کاتێ دڵتەنگی داتدەگرێ وێنە هەڵواسراوەکان ڕەشدەچنەوە

کتێبەکانی نێو جامخانە سپی
ئەوەی دڵخۆشیت پێ دەبەخشێ خێرا ڕۆشتنی کاتە
***
بوون لە تروسکەیەکدا دەژی ناوی کاتە
***
دەمەو ئێوارەیە (گۆڕستانی ڕۆژهەلاّت)
چەشنی سەرابێکی بێسنوور سپیدەچێتەوە
دارزەیتوونەکان زەردێکی تۆخ
لێرە سەرجەم چەمك و واتاکان بەهەڵوەشاوەیی
کاڵدەبنەوەو شەبەنگی خۆرئاوابوون پێت دەڵێ:
بوون چییە؟ جگە لە گاڵتەجاڕییەکی بێکۆتا
***
چۆن دەتوانم لیا ی کچەخانەدان لەبیربکەم
ئەوڕۆژە لە ژوورە نارنجییەکە دانیشتین
ڕوومەتەکانی ئاڵدەچوونەوە چاوەکانی زەرد
فنجانێك قاوەی شینی بۆ تێکردم و
لەڕۆمانی (مدام بۆڤاری) و (لۆلیتا) و غەجەرییە ڕەشتاڵەکەی
(لۆرانس) دەدواو دەیگوت پێویستە چەشنی (ئەلیف شەفەق)
لە عیشق بڕوانین و بوون و زەمان لە چرکەیەکی
سۆفیزم و جوانیدا هەلاّیسێنین
***
دوێنێ شەو لە ڕێستورانتی هەولێر
(بارت) لە چێژ وبونیادی شەهوەتی دەدوا

( دریدا ) دەقێکی کراوەی هەڵدەوەشاندەوەو
ئاماژەی بە جیاوازی و دواخستنی دەلالەت دەدا
زۆر بەبێباکی و بێموبالاتی هاتم پێکێك ئۆزۆم هەڵداو
گوتم جەستە تێکستە لە پێشدا جوانی دووچاری
عیشقێکی غەمگینت دەکا پاشان هەستێکی شێتانەی ئیرۆتیکی
بەیەکەوە دەسیان بە مەی نۆشین کردەوە
***
مرۆڤ ئەو چرکەساتە دڵخۆش و بەختەوەرە کاتێ دوورە لە
دووفاقی و نەگریس و گەمژە و زۆربلێکان
***
دەزانم دواجار کەڵکەڵەی بوون و جوانی دەمکوژێ
***
جوانیت ڤالیۆمە ئارامی دەروونیم پێدەبەخشێ
ڕستەکانت تلیاك چێژی گیانی
***
مارلۆ لەکەنارەسپییەکانی کیشوەری ڕەش
سەرگەردان گیرفانەکانی پڕاوپڕ لە پەرچی شین
خەریکە کەشتییە زەردە ژێرئاوکەوتووەکە نۆژەندەکاتەوەو
پەیامێکی پەمەیی بە ئامۆژنە بەئەتەکێتەکەی ڕادەگەیەنێ
( کورتز ) ی عاج پەرستیش لە فۆبیا سەوزەکە ڕزگاردەکا!
***
جوانی چێژ بەخشە خەتەرناکیشە

## برێجار

**بڕیار و بیرکردنەوە و باری دەروونیت دەگۆڕێ**

***

**مرۆڤ بوونەوەرێکی کلۆڵە داماویشە**

**شێوەکارێکی بیمار و شێواو بەحاڵ هەنگاودەنێ و**

**ڕۆژانە لە قاوەخانەیەکی قەرەباڵغی چۆڵ و**

**چۆڵی قەرەباڵغدا دادەنیشێ و**

**ئەوەی لێی نزیك بکەوێتەوە سووکە ئاوڕێکی شێتانەی**

**لێ دەداتەوەو ئاماژەیەك بۆ وێنە هەڵواسراوەکەی خۆی دەکا**

***

**جوانی هێزێکی زەردی نەشئەبازە**

**ئیکسیری کەسکی هزرە کیمیای شینی زمان**

***

**ئاوەدانی وەهمێکی سپیە و خاوەنی نییە**

**برێجار دڵتەنگییەکی ڕەش دەروونم دادەگرێ و**

**دەمەوێ کۆتایی بە شیعر وخود بێنم**

**هەستدەکەم چرکەیەکی ئاڵۆز بەڕێوەیە و**

**دەیەوێ لەنزیك چۆڵەوانی دارزەیتوونە غەرییەکان**

**خەوێکی هەتاهەتایە بمباتەوە**

***

**سیسیل کچێکی نازپەروەری ئازادە**

**شەوان قوم قوم شەرابی ئاڵ دەنۆشێ و**

**ڕۆمان دەنووسێ و بیرلە (سیریل ) و بەلەمەکەی دەکاتەوە**

بەیانیان گازیٚ لە پرتەقالێك دەگریٚ و
فنجانێك قاوەی تالی پیٚ دەخواتەوە و
لەگەلٚ (ئێلزا) ی سۆزانی و (ئان لارسن) ی ژنە سەلار
کە دۆستی باوکە بەرەلاٚیەکەین لەدەریا مەلەدەکەن و
بەیەکەوە لەسەر لم ڕادەکشێن
ئێواران بەقاقاوە بەرەو ڤێلای سەرکەنارەکە دەگەڕێنەوە
***
دەشیٚ شیعر سەربە بیرکردنەوەیەکی ئیرۆتیکی بێت
ئەگەر لەسەر بنەمای ئێستاتیکیش بنجی داکوتابیٚ
هەرگیز دەسبەرداری خەیالٚ و توخمی شیعرگەرایی نابێت
***
شیعر جەستەیەکی چێژبەخش و ئازادە
لە تیاترۆخانەکان پێوەندەکان تێکدەشکێنیٚ
لە پەرستگاکان کۆدی سرووتە قەدەغە کراوەکان!
***
خەیالٚی جوانی چەشنی خەم هەمیشە واتلیٚدەکات بەخۆتدا ڕۆبچیت
***
هێزی وشە لە کەیف وسەفادا دلٚخۆشکەرە لە شیوەن و زاریدا دلٚپڕووکێن
لە گلە وگازندەدا سەرکاسکەر
***
ژیانم بەدیارنەمانت لەبەریەك هەلٚوەشایەوە
***
من مەستی جوانیم کیٚ هەیە ؟ فریام بکەویٚ

دەشێ شیعر چەشنی جوانی بەهێزی خەیاڵ مەست وشادمانت بکا

***

جوانیت لە پەلوپۆی خستم مەینەتیشت

***

ژیان چەشنی چێژ تیژتێپەڕە

***

سیسیل کچێکی بێباکی ئیرۆتیکییە
خۆشییەکان لە چێژی چرکەی تێپەڕدا
دەدۆزێتەوە تراژیدیاکان لە سەیروورەی زەمەن

***

شیعر بوونەوەرێکی گەڕیدەی زمانییە بێ زێد وشوناس
کاتێ قۆناغەکانی سۆفیزم
تێدە پەڕێنێ یاری بە چەمکەکانی
هزریی مۆسیقی و ئیستاتیکای
بێ مۆراڵی و چێژیی ئیرۆتیکی و
واتای بێ واتایی بوون دەکا

***

مرۆڤ بوونەوەرێکی لەنێوچووی ئاڵۆزە
ویستی لەنێوان چێژی حەرام و مۆراڵدا
خولدەخوات لێکدانەوەی لەنێوان
یەکسانی و ناداد پەروەری

***

من ڕەیمۆندم لەگەڵ ئێلزا و ئان لارسنا بەیەکەوە

له دەریا مەلەدەکەین و لە کەنار لەسەر پشت ڕادەکشێین و
بە لم لەسەر سنگی ئێلزا دەنووسم
تۆ سۆزانییەکی خانەدانی
لەسەر گازەرای پشتی ئان لارسنا
تۆ شابانوویەکی سەلار
ژیان چییە جگە لە چێژی سێکسی
بوارم بە سیسیل داوە لەگەڵ سیریل بەلەمسواری بکەن
و لە دوورگە سپییەکانا بگەڕێن و
لە دارستانە دوورەکان لەسەر گەڵای شینی سنەوبەرا
گەمەی ئیرۆتیکی بکەن
***
شیعر خەوێکی شینی زمانییە
سووژە لە بێداریدا دەیبینێت
کاتێ خەبەری دەبێتەوە
لەبەردەم ململانێی نێوان وێنە و واتادا
واقی وڕدەمێنێ
***
هەرجارێ لەجوانیت ڕادەمێنم بیرم دەڕوا
***
کاتێ چاولەیەك دەبڕین هەستدەکەم ژیان بەرەو تەواوبوونە
***
ژیان ڕستێك وێنەی بێسنووری ڕەنگاوڕەنگە
مرۆڤ تیایدا گرتەیەکی سنوورداری سپی

لە تـاریکیدا سەرا پای جەستەت دەپەرستم
لە ڕووناکیدا نیگای چاوە زەردەکانت

***

شیعر بوونەوەرێکی نیگەرانە کاتێ هەستی جوانی وەلادەنێ زمان خێسەی لێدەکا

***

کاتی شیعر چەشنی ئاوی ڕەنگاوڕنگی کانزایی دادەڕژێ
جوانی بەچرپەوە پێی دەڵێ : هێشتا کاتت بەدەستەوە ماوە

***

جوانی کزەبایە لە پڕێکا هەڵدەکاو خێرا تێدەپەڕێ و دیارنامێنێ

***

بۆردومان بوومەلەرزەیەکی دەسکردی شینە بوونەوەرەکان دەکا بە
پەیکەری ڕەش و بووکەڵەی سپی

***

عەقڵی نەگریسی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانی جەنگ
کار لەسەر نەخشەی وێرانکاری و نۆژەنکردنەوە دەکا

***

ڕووناکی ڕوومەتتم خۆشدەوێ ڕەنگی زەردی چاوەکانیشت

***

کاتێ جوانیت ڕووەوناخ رۆدەچێت تەمی زەردی زمان دەڕەوێتەوە

***

ئێستا لە پاڵ کێلە سپییەکەت
وەستاوم و خەمێکی ڕەش دەروونی داگرتووم
نازانم بیرلەچی دەکەمەوە و لەبەرخۆمەوە

دەڵێم ژیان چییە جگە لە یارییەکی بێهوودەیی و چێژگەلێکی ڕاگوزەر
***
هەم موریدی سونەتی وەرسکەرە هەم پۆلیسی تازەگەری!
***
چێشەتەنگاو لە پایتەخت لەبەردەم ئە پارتمانێکی سپیدا وەستام
بیرم لەدیمەنی ڕەشی ئەوکتێبانە دەکردەوە
لەژێر تایە زنجیری شەفەلەکاندا دەپلیشانەوە
***
یاسەمین کچە چیرۆکنووسێکی نیگەرانە
لەدارستانی خەونەکاندا لەژێر دارکەوتێك
ڕاکشاوەو گەلای گوڵە خەزێمێك بۆندەکاو
بیر لە ژاوەژاوی شار و ماکیاژەکانی ( گێجە ) و
ڕەفتارە سێکسیەکانی ( زومڕوود ) و
پەیکەر و پەتەچڵکنەکەی ( یورد ) و
شێتییە شاراوەکەی ( ئەمین ) ی شێوەکار و
بێواتایی بوون دەکاتەوە و
چێژی خرۆشانی لەشی دەنووسێتەوە
***
مرۆڤ لەگەڵ ڕۆشتنی کات دەبێت بە گێڕەوەیەکی درێژدادڕ و
بۆگێڕەوەیەکی گوێ نەگر!
***
بەدیارنەمانت دەزووە زەردەکانی زەینم تێکئالان
کلافە کەسکەکانی هەستیشم!

سەیرە کتێبێکی شیعریی بخوێنیتەوە
بە مۆدێرنترین ستایل دیزاینکرابێت و
هەستێکت لەلا دروست بکا لە شەقامێکی فەنتازی
پڕاوپڕ لە ڕەنگ و وشە پیاسەدەکەی و
کچێکی قەدباریکی بالآبلندی زەرد پۆش بەدواتەوەیە!
***
تەمەن ئۆتۆبیسێکی ڕەنگاوڕەنگی تیژڕەوە
پڕاوپڕ لە موسافیری شیك
هەندێ لە وێستگەی یەکەمدا دادەبەزن
هەندێکی تر لە نیوەی ڕێگا هەشە دەگاتە دواهەمین!
***
کاتێ جوانی ڕوخساری سپیت دەردەکەوێ
وا هەستدەکەم بتلێك شەرابی ئاڵم نۆشیوە
***
لیا جەژنی نەورۆزی لەشت ئارەزووم دەبزوێنێ
ئاهەنگسازی گیانت خەیاڵم
***
ئۆتۆبیسی خەیاڵم حەزدەکا لە تێرمیناڵی جوانیتدا لەکاربکەوێت
***
شیعر بوونەوەرێکی نیگەرانی زمانییە
لەنێوان وێنەکانی (باشلار) و بیرکردنەوەکانی (هایدگەر) دا
شەیدای توخمی شیعرگەراییە
جوانی لە دەقدا چەشنی بۆمبێکی چێنراو لەناکاو نەتەقێتەوە

شیعرگەرایی چێژ بەوەرگر نابەخشێ!

***

ئەی قوڵنگی جوانیی گەر لەکێڵگەی مینرێژکراوی زماندا
دەستگیرۆیت بکردبامایە لەوەبوو شۆرشێکی ئیستاتیکی مەعریفیم
بەرپابکردایەو نەریتگەراو سونەتییەکان شۆك بوونایە!

***

برێجار زەینم پێم دەڵێ:
لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا کە لێوانلێوە
لە پاسەوانی رۆشنبیری و دروشمپەرست و
پۆلیسی تازەگەری و سیخوری سۆزانی
کاتێ نەزانێ ، گەوجێ ، گەمژەیێ
ئەکەن بەگژتا بزەیێ بگرە و
دەقێکی کراوەی بێئیتیکی ئیستاتیکی بنووسە

***

مرۆڤ لەزیندەگیدا
بوونەوەرێکی بێعاری دوارۆژپەروەرەو
درکددەکا خاوەن بوونێکی بێبنەرەتی تەلارسازییە و
رۆژێ دادێ لە پرێکا دادەرمێ کەچی بەردەوام سەرقاڵی رۆنانە

***

جوانی جەژنە کاتێ دێ پشکۆکانی وشە دەگەشێنێتەوە
و جەستەی بنێسی وێنە بە مۆرفین دەرزی ئاژن دەکا
شیعر گیرۆدەی مەستی و ئازادی و شێتی و جوانییە!

***

شیعرجگە لە هیدۆنیزم شوناسێکی تری نییە
بۆیە بەردەوام خۆی لە کەشێکی نامۆراڵیدا دەدۆزێتەوە
***
ژیان پڕە لە زەبروزەنگ بەڵام زەبری زمانی
سەرەتا سیستمی ناوەکان تێکدەدا دەواتر فرمانەکان
***
بڕێجار سەرما ڕۆچپڕووکێنە و یارییە جوانەکانی
جەستە بەتەواوی تێکدەدا
***
بەختەوەر مەبە مەرگەسات ئان وساتی نییە
***
خەفەت مەخۆ گشتی سەرابە لەم وەهمستانە هەتا پێتدەکرێ پێبکەنە
***
شیعر بۆشاییەکی بێسنووری زمانییە شتێ نییە بڵێی تەواو و لێی ڕاکشێی
***
ئەم هەمووهەڵپەیە لە پای چی خۆشت نازانی لەکوێوە هاتووی و بۆکوێ دەڕۆی
***
ئەمڕۆ سامی مرد بارانی سەربەقە پۆچکە بواری نەدەدا سبەی سەلاحی کوڕی
لەنێو بەفرا ڕستێك وێنەی جوان دەگرێت دووسبەی سۆزانی کچی شوودەکات
سێسبەی دێن سارا جلێکی ڕەشی پۆشیوە لەسەر گۆڕەکە چە پکێ بخوور دەسووتێنن
بە مجۆرە یارییە سپییەکە بەردەوام دەبێت
***
دوێنێ بەمەستی چوومە ستۆدیۆکەی ( ئێزرا پاوەند )

( ئێرنست والْش ) پاڵتۆیەکی ڕەشی پۆشیبوو
جووتێ کیژۆڵەی باڵابڵندی باریك و بنێسی سپی لەگەڵابوون
پێدەچوو خوشك بن
( پاسن ) وێنەی ژنێکی ڕووت و سێدارەیەکی کەسکی دەکێشا
( هادلی ) لەبەرخۆیەوە
گۆرانییەکی غەمگینی دەگوت
( ڕاڵف چیڤەر دەنینگ ) تلیاکی دەکێشا و
بتڵە شیری بەتاڵی لە هەمنگوای دەگرت
( ئێزرا ) بە( وێرانەخاك ) دا دەچۆوە
من دوودڵبووم لەترم دەدا و لەبەردەم وێنە و تابلۆ
هەڵواسراوەکانی شێوەکارە خانەدانە جاپانییەکاندا
وەستام و لە پڕ شیعرێکی ( سافۆ ) م
خوێندەوە کەشەکە سەد دەرسەد گۆڕا
***
لیا شێتە جوانیشە لەچاوترووکانێکدا
کچە باڵابەرز و بنێسەکانی شاری
لە شەقامی پزیشکاندا کۆکردەوەو
( شاڵ ) ی ڕەنگاوڕەنگی سەرشانیان
بە ستوونەکانی کارەبایا هەڵواسی و
دەسیانکرد بە یارییەکانی بالە و باسکە
***
لێرە کات بە هەڵەوەڕی بەفیڕۆدەدرێ
بە زماندرێژی لە بەهای دەق کەمدەکرێتەوە

ڕێز لە سپڵە و نامەرد
بنێی جووتەدەوەشێنێ
""ڕەنگە پرشنگی شیعرێکی ( المتنبی ) ت
بیر بخاتەوە ""
***
کات قێزەونییەکانی لەش دەردەخا
( هانا شمیتس ) ی ژنە کارمەندی تراموا
جەستەی بنێسی جوانە پۆز و وەستان و
جووڵەکانی جوانتر هانا خۆشییە شینەکانی بوون
لە گەمە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو بانیۆدا دەدۆزێتەوە
کاتێ لەگەڵ ( میخائیل بێرگ ) ی هەرزەکارا تیکدەئاڵێن
چێژی خوێندنەوە و سێکس ئاوێتەی یەکتردەبن
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی داماوە کۆیلەی چێژە چێژیش کۆیلەی هێزی ترسناکی سێکسی
***
دوای نەمانت لە پەلوپۆکەوتم
منی گیان خەمناك پێویستە
بەهەرشێوەیەك بێت لەنێوبچم و زوو بگەمەلات
***
بڕێجار دۆخی عیشق دنەی خوێنەری وەرگر دەدا
دەق لە هەر ئاماژە و هێما و مەدلولێك
دا بماڵێ و گوزارشت لەهیچ شتێك نەكات

جگە لە چێژیی جوانی !

***

ژیان ڕێکەوت و چێژی شینی دۆستایەتییە
ئەم شەو لەهۆڵە تاریك و بەژاوەژاوەکەی
نووسەران چارەکێك ئۆزۆم خواردەوەو نیوە مەستبووم
دواتر یەك پێك ( ڕاکی ) م لەنیوبتڵە جوان و درەوشاوەکەی
( حسێن شەریفی ) نۆشی و یەکسەر بەرەر جیهانی لیریك و
ئورفە و باخوسیەتی بردم و خەفەت و دڵەڕاوکێکانی
بوونی لەبیربردمەوە

***

بوونی مرۆڤ سەربە هەمان چارەنووسی وشە و ڕووناکییە!

***

پەلە مەکە بەیەکەوە دەگەینە تاریکیی ڕووناکی و بێدەنگیی وشە!

***

ئەم هاتوچۆ ئەفسووناوییە چییە بەم بەیانییە چاوم بڕیوەتە
باسکە سپییەکانی و ئەگریجە قاوەیی و فوستانە ڕەشکەو
کەوشە نارنجییەکانی
ئەی خودا شیلانی نازپەروەر چەنێ جوانە
بەجووڵە لەخۆوەکانی
ڕۆحی گەردوون دەڕازێنێتەوە
بە پرشنگی ڕوخساریی خانەدانی
بوونی بۆش و بەتاڵی من
( فنجانی تاشتان اویالار

ایچنه بادا قویالار
سان بزه گالمه دویالار
سان کمن جانسن جانی
گال ینه دولدر فنجانی )
***
ئەم زەماوەندە زمانییە لە پێناو جوانییەکانی
گەردنی زراڤ و باسکە سپییەکانی
شیلانی کچە شۆخان و خانومانە؟
***
ئەودەمەی پرشنگەکانی نائاگایی دەنووسمەوە
بەهێ تورت و سپییەکانت لەئەندێشەمدا
دەلەرێنەوە؟
***
هاتم لەویا نەبووی
نیگەرانییەکی زەرد دایگرتم و ئۆقرەم لەبەربڕاو
وتم ژیان بەبێ چێژی جوانی ڕوخسارو
فوستانە ڕەشەکە وباسکە سپییەکانی شیلان
بێتام و بێواتایە؟
***
لەم ترازان و هەلاهەلابوونی دەروونییە
چێژی وشە نەبووایە چۆن دەمتوانی گوزارشت لە
ڕۆشنکاریی جوانییەکانی جەستەت بکەم؟
پەیوەندیگرتن

سەربەهەستێکی قووڵی ناوەکیە
زۆرجار سەرسامی لێدەکەوێتەوە
هەندێ گروپ هەن نەك هەر سەریان
سمتیشیان لەیەك بخشێنن
پەیوەندییەکانیان هەر بەمیکانیکی دەمێنێتەوە؟
***
سەیری جوانی و ڤیزەونییەکانی وجود بکە
بەساڵاچوو ئەگەر لە پێ نەکەوێ
زۆرترین کاتی لە تەوالێتە
***
دایکم بەیانییان یەك تیکە سەموون دەخوا ئەوەی دەمێنێتەوە بەشی چۆلەکەکانە
***
گرنگ ئەوەیە بگوزەرێن شیعریش سەرسامی لەدەستنەدا؟
***
گەشتن بەخۆشییە لەدەستچووەکان کارێکی نەکردەیە؟
***
ویستت بەئیرۆتیك دابگیرسێنی خەیاڵ جوانتر دەبێت؟
***
هەمیشە لەبەردەم جوانیدا هەست و هزرم هەڵدەلەرزن
زەینم دەکەوێتە وڕێنە و پەرتەوازەکاری و وشە بزرکاندن؟
***
شیعرلە تێهەڵکێشیی هەستی جوانی وچێژی ئیرۆتیکی بەدەر نییە ژیانیش؟
***

لەگوزارشتی ئیستاتیکیدا تاسە و خرۆش و جوانیی جەستە
بەچێژ و هەڵچوونی لیبیدۆوە دەلکێن!
***
لەم فیچقەکردنی مەرگە  کە هەمووشتێکی تەنیوەتەوە
بالەئێستادا کەهەین جوانییەکانی بڵێسەی جەستە بنووسینەوە!
***
کرۆکی بوون لەکاتدایە ئێستا تێهەڵکێشیی تاهەتایی
نە ژیان لەو ئاوێتەبوون ودەقئاوێزانە
بەدەرە  نە کردەی  نووسین !
***
جوانی چێژە  لەساتی ڕاگوزەردا  تێکەڵ بە تەوژمی هەست دەبێت و
دڵخۆشی دادەگیرسێنێ!
***
بوون لە مۆسیقای وشەدا خۆی دەردەخاو دەدرەوشێتەوە
نەبوون لە تاریکی و بەتاڵیی گوزارشتدا!
***
تۆ نیگای بوون بکە جگە لە  پشێوی و نیگەرانی
هیچ واتایەکی تری  لێ بەدی ناکرێت!
***
لەم سەردەمی نەهامەتییە
ڕاستی بوونی نییە و بوونیشی نەبووە
ئەوەی  بەرێکەوت  لەدڵ و ئەندێشەدا
دەجۆشێت  بڵێسەی جوانییە و

زەینیش لەبەردەم  درکاندنی ڕازی بووندا  دەستە پاچە!
***

جوانیت  یاری بە ( ماتەوزە )ی شیعر دەکا و
بەرەو فرەدەنگی و فرەڕەهەندی و قووڵبینی و ئیستاتیکا
هانی دەداو لە هەڵەوەڕی  و ( گوتاری لەکارکەوتوو )
دووری دەخاتەوە!
***

دەبێ جەستەمان خۆشبوێ
بۆئەوەی جوانییەکانیمان بۆ دەرخا
تۆ ئەی جوانی
لەم ئاژاوەسازی وشاتەشات و ژاوەژاوی  دەرەکی و ناوەکییە
جەستەیەکی چەندە درەوشاوەی
جەستەیەك لە ئێستادا لەبنێسییان
حەڵوایی دەچێتەوە و  پرشنگدەداو
هەست دەبزوێنێ و دەلەرزێنێ
فۆڕمی ڕوخساری تاقانەت بەردەوام خولقێنەری
چییەتی بوونتە وەك چۆن
( واتا بەرهەمی دالە وناوەڕۆك بەرهەمی فۆڕم )
***

جوانی سەرشارە بە شکۆمەندی بە بێدەنگییە ناوەکییەکەی
هەلاهەلامان دەکات!
***

دەمارگیری نەزانییە و کارلێك لەگەڵ ژیانا ناکاو دەژاکێ

کرانەوە  نەم و نیانی و جوانی لەگەڵ تێپەڕینی کات  پێشدەکەوێ!

***

جوانی لە شیعردا  هێزێکی شینی چێژگەرایە

دوای هەڵگێڕانەوەی  فۆڕمی دێرین و تێپەڕاندنی

سەرەتایەکی نوێ بۆ بیرکردنەوە  دەسازێنێ!

***

جوانی لە تێکستدا  مانەندی  لینجاوێکی هەستی و هزری

دەدەڵێتە نێو جەستەی زمانەوە!

***

هەرچەند لەبەردەم  جوانیی باڵای بڵندی

شیلانی کچەخانەداندا دەوەستم

دڵم عیشقی  لێ هەڵدەگۆزێ زەینم  ڕستەی  شیعریی

(بو نە بوی  بو نە سنە

بو نە سوراتتی

ناقشی گوزال سانی

شیرین یراتی

گیجانن  اوزونلغن  زاهید  نەبیلسین

مەن بیللام  سان اولساو

نیچە سەعاتتی )

***

شیعر بەخودیی جوانی بگات  پێویستی بە شیعرگەرایی نامێنێ!

***

دۆگما هۆکاری هەرەسهێنانی بیرکردنەوەیە !

ئێمەی بوونەوەرانی کاتی مادام لەنێو (کۆسمۆس) دا دەژین
واچاکە بەشێوازی یونیڤێرساڵی بیربکەینەوە!
***
دەمێك بوو نوقمی ڕێڕەوی فۆڕم وئایدیاکان بووم
دواتر بۆم دەرکەوت ژیانی هەستەکی جوانترە!
***
دەرکەوتنی فۆڕمی جوانیت جەژنە و ئەڤینت ڕووداو
ئایدیام لێوانلێو لە هەست وێناکردنم شڵەژاو
ناونشینم هەلاهەلا نەستم لەخۆوە دەدوێ و
بەرەو لەشوێنخستنی شتەکانم دەباو
جەستەکان بەلە نجەوە دەبن بە ڕستێك نیشانەو
لەفەزایەکی ناجێگیردا دەکەونە جووڵە
ئەم ئاوێزانبوونە زمانییە (هۆڵدەرلین ) و بوون و ناشوێن و
جۆشوخرۆشی نزیکبوونەوەی
خوداوەندم لە شوێنکات بیردەخاتەوە!
***
هەرباشە لەنێو ئەم هەموو پیلانگێڕو نەگریس و کینەلەدڵە
دەتوانم شیعری ئیستاتیکی و پرشنگەکانی ئارەزووم بنووسمەوە!
(ای یوجا داغلار
کولگالی باغلار
من غریب قالسام
کم سزلر اغلار)
***

جوانی ئاسۆکانی زمان  فراوان دەکا دنیابینی و بیرکردنەوەش!

***

لەوەبەدوا مەگەر هێزی جوانی ڕوخسارت  نەریتە باوەکەی شیعر هەڵبوەشێنێتەوە !

***

شیعر هزرە  لەنێوان   جوانی ئۆرگینالْ و کۆپی و چییەتی و ڕواڵەتدا گینگڵدەدا!

***

لەم لەززەتخانەیە  شیعر لە (سیمولاکرا ) یەك زیاتر نییە

چەشنی لەڕێدەرچوویەکی چێژگەرای ئیستاتیکی ڕەفتارە مۆراڵییەکەی لەدەستداوەو

سەرقاڵی خۆدزینەوەیە لەدەسەلاتی لۆگۆس و

پێشێلکردن و بەزاندنی یاساکانە !

***

فۆڕمی تێکستی ڕوخسارت  تۆڕێك واتام پێ دەخولقێنێ!

***

ئەوەی واتا بەدەستەوە دەدا بونیادی جوانی ڕوخسارتە!

***

ناوکۆییە دانسقەکان هەڵدەو بخەنە ئازادی تاکگەرایی گرنگترە!

***

بوون لێوانلێوە لە زرەوێنەوە و لەبەرگرتنەوە !

***

زمان لە فێگرتندا شتە تایبەتی و شاراوەکان دەدرکێنێ!

***

بڕێجار عیشقی وشە دنەی شیعردەدا ڕوولە دنیای لەبەرگرتنەوەی لەبەرگیراوە  بکات!

***

لە پێشدا هێندە چێژم لە جوانیی وێنەی دەبرد
دواتر بۆم دەرکەوت  لە تیشکی شەیتانی بەدەرنییە!
***
ئەی مرۆڤ هاوشێوەیی و لێکچوونت  لەگەڵ جوانی ڕەها وەهمە
تۆ لە ( سیمولاکرا ) یەك زیاتر نیت!
***
سوهراب سپهری
شەوان ڕەنگی  دەدواند و  حەشیشی  وشەی  دەکێشا و
دەنگی زەنگۆڵەی ملی وشترە سپییەکان دووچاری خەفەتی دەکرد
بەیانیان چێژی لە ڕستەکانی ( موشفیق کاشانی  ) و
( شەییانی ) دەبرد و شیعری لە ڕووباری شینی شێوەکاری
هەڵدەکێشا و شێوەکاری لە ڕووباری شینی شیعر!
***
کاتێ  هەستی جوانی گەمارۆم دەدا زمان چەشنی ئاو دادەڕژێ!
***
بەرلەوەی  بیر لە واتای  تیکستی  ڕوخسارت بکەمەوە
زمانی جوانیت  سەرسامم دەکاو بەرەو  پەیوەندیگرتنم دەبا!
***
ئەودەمەی سپێدەی ڕوخسارت دەکەوێ تاسەکانی زەین  و دڵ بەریەك دەکەون!
***
جوانی بزوێنەری بونیادی زەینە  شێوازی باو تێکدەشکێنێ!
***
شیعر جوانییەو بەئارەزووی سوبێکتەوە لکاوە!

شيعر زمانه و پەيتا پەيتا لەخۆبەجوانيدان نزيكدەبێتەوە!

***

خەياڵە خرا پەكان بخەرەلاوە ئازادی و داهێنان گرنگترن !

***

چيت داوە لە ( هاديس ) ئێستا ئامادەگيت ژيانەوە جەستەت لە جوانييان ڕۆشندەچێتەوە!

***

شيعر هەستاو و هزراوی جوانييە تنۆك تنۆك دەڕژێتە نێو بۆشاييەكانی زمانەوە!

***

كات هێزێكی دڵڕەق و كوشندەيە

پەيتا پەيتا تيشكی جوانيی جەستە لەنێودەبا!

( كەرە قاش گوزلەری ئەلماس

بو گوزاليغ سەنددە قالماس

بير گون ئولور كيمسەلەر

ئەلماس

ئەنا نە باخ گور حالينی )

***

تازە من خووم بە جوانيتەوە گرتووە مەگەر مەرگ دەربازم بكا

( گل ساردی

باغ باغچانی گل ساردی

بلبلی اوجی وردی

يەراسنی گل ساردی )

سوبێكتی بەش بەشبووم مەگەر لەزماندا بدۆزرێتەوە!

لەم تێهەڵکێشکردنی  هزریی وئیستاتیکییە زمان سوبێکتە!

***

ڕاڤەکار کۆدشکێنە بەدوای  کرۆك و قووڵایی و وێنەی هەڵپەسێراودا وێڵ!

***

سرووش لە شیعردا توانایەکە  ئاوێزان بە شێتی و لەڕێدەرچوون !

***

ویستم مۆراڵێکی نوێی ئیستاتیکی دابڕێژم شیعر گەمەی سیمیۆلۆژی لێ تێکدام!

***

وەرە لەنێوان ئەم هەموو ئاستەنگانە فۆڕم بە شیعر و جوانی ببەخشە!

***

شیعری خەیاڵکرد خاڵی نییە  لەماسکی سێکسی و چێژی حەرام !

***

دەقی ڕووکەش بەرهەمی هۆشیاری باوە دەقی قووڵ بەرهەمی هۆشیاری چالاك!

***

جوانی  پاوا نخوازێکی ستەمکارە بەدەسەلاتی چێژگەرایی  ئەویتری گیرۆدە ئازاردەدا!

***

ئەوەی خۆی  بخزێنێتە نێو باخەڵی جوانییەوبە بەختەوەری سەردەنێتەوە!

***

ئەی جوانی لە باغە شینەکە  هێندە چاوم گێڕا  لەویا نەبووی  هێزم لەبەر بڕا و بەنائومێدی گەڕامەوە !

***

کاتێ جوانی شیلانی کچە خانەدان  دەردەکەوێ  لەئاوەز دادەماڵرێم !

***

شیلان گریشمەی لە قەند شیرینترە
گۆپکەی سینەی لە ڕوتاب لێوی تەڕی لە نەبات
کاتێ دەردەکەوێ زمان لیبیدۆی لێ دەچۆڕێ
( الودان سازا یاندم
ایتغو نازا یاندم
باش قویدم دیزو أوستنە
قش یاتم یاز أویاندم )
***
ئەوەی تاکگەراییم هە پرون بەهە پروون دەکاهێزی ئاگامەندی چالاکە!
***
لە کۆمەڵگایەك نەزانی بالآدەست بێت لێدوان لە چەمکی دیموکراسی و مافی ئافرەت و کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی دەربڕین و جیاوازی و پێکەوەژیانچەشنی بلّقی سەرئاو وایە!
***
ئەم هەموو کەڵکەڵەیە لە پای چی ئەم بەیانییە لە قاوەخانەی مەچکۆ لەگەڵ
( ئەسوف ) و جیهانی بێسنووری بیابان و
وشتر و شەڕەشاخی کەڵەکێوییەکان دەژیام
لەناکاو دەستم بۆ گیرفانم بردو ویستم سێلفییەك بگرم
کوڕێکی گە نجی عەرەب بەرامبەرم دانیشتبوو
مۆبایلەکەی لێ وەرگرتم و چەند وێنەیەکی جوانی بۆگرتم
پاشان لە نەهامەتی ئاوارەبوونی خانەوادەکەی دوا
من چاوم بڕییووە وێنە هەڵواسراوەکانی ( نەزەند بەگی خانی ) ( زامدار ) ( دڵدار )
( کانی ) و بیرم لە ژاوەژاوەکانی شەوی شیعر و گرتە چێژبزوێنەکانی جەستە و
چرکەساتە سنووردارەکانی کات وشوێن دەکردەوەو گێڕانەوە وەڕسی دەکردم

لەناخودئاگاوە وامزانی سینییە چاکە لەدەستی شاگردەکە بەربۆوە بەهەڵداوان هەڵسام
وپارەکەم لەسەر مێزەکە داناو یەکسەر ڕۆشتم!

***

بوونی مرۆڤ کێڵگەیەکی ڕووناکی خۆڵەمێشییە پڕاوپڕلە تۆوی شینی پووچگەرایی و
هیچگەرایی ئەمرۆ لە پرێکا سەرتاشێك مرد کەرستەی سەروریشتاشینی لە
تاریکستانێکی سپیدا بێ خاوەن مایەوە!

***

چێژی جوانی خۆرسك چەشنی مۆسیقا غەریزییەکانی شیعر
سووتێنەرە بەمەستی لە سیحری نەخش ونیگاری سۆلە سپییەکانی قاچی لیا ڕامام
بەرەو جیهانی میناتۆرە ئێرانییەکانی بردم تومەز دەسکاری کچانی ( تامنگست ) ن

***

مردووەکان تەنیانین ئێواران سەیری گۆڕستان بکە شوان و شامار و شاهۆ
یەك چارەنووس کۆیاندەکاتەوە

***

جیهان پاکیزەیەکی بنێسی ئەسمەرە لەنێوان بۆشاییەکانی سووژە و تێکستدا بەڕووتی
لەسەر چرپایەکی سپی ڕاکشاوەو سەرقاڵی سکپڕکردنە!

***

عیشقی لیا ئۆبێکتێکی سپییە گەنجینەی سووری سوبێکتم تالان دەکا

***

گۆناکانی شیلانی ژێکەلە سێوەلاسوورەن بەهێکانی مزر و شیرین
دەنکە گێلاسێکی شینی پلاستیکی لەدەمی ناوەو بەگریشمەوە پێدەکەنێ
ئەوەی لەم چرکەساتەدا باوەش بەبالای بڵندی بکاو عەتری ئەگریجەی هەڵمژێ
دڵەڕاوکێی بوونی بیردەچێتەوە!

(بو نەخال کی بربـاگی
پمبە ینـاختی
نار گولی کمن تـترار
بو نە دوداختی
بیلمرام هرا گیدم
یارن الننان
مانم گیوملە یاخن
گوزدان ایراختی)
***
جیاوازییەکان پڕن لەجوانی
دەشێ بەشێکی پێکەوەژیان پەیوەندی بە
هۆشمەندی تاکەوە هەبێت کە دۆگمای هابیتوسەکان تێکدەشکێنێت!
***
هەنگاوە سپییەکانی ژیان لەئایندەوە ڕووەو ڕابردووە ئەوەی دەمێنێتەوە چنگێ
گێڕانەوەی شینە
***
کۆمەڵگا تێکەڵەیەکی سەیرو سەمەرەی ڕەنگاوڕەنگە پڕاوپڕ لە
خاکەڕاو لەخۆبایی وبەخشندە وچاوبرسی و خانەدان وناکەسبەچە
تیایدا هەیە ڕستەیەکی سپی نییە بۆگوتن
خۆی بە سەرۆکی بالاَی کۆمپانیای ئالی ناسیۆنالیستی دەزانێ و
شوناسی نەتەوەیی بە خەڵك دەبەخشێت خۆیشی جگە لە
پاسەوانێکی ڕۆشنبیری و دۆگمایەکی دروشمپەرست شتێکی تر نییە
جوانی چێژە لەنێو زڕە وێنەو لەبەرگرتنەوەشدا بوونی هەیە!

دەشێ بوون لەبنەڕەتدا خودی ( سیمولاکرا ) بێت!

***

چی لە کۆپییە هاوشێوەکان و کۆپییە نالێکچووەکان
بکەم لەکاتێکدا دەزانم گەڕانەوەی ئەبەدی بەجیاوازیشەوە
لە وەهمێك زیاتر نییە!

***

ژیان گەمەی لەبەرگیراوەکانەو شیعربەرهەمی زڕە وێنەکان
بەشوناسی جیاوازەوە!

***

ئەگەر ( سیمولاکرا ) نەبووینایە لە گەمەکانی ( کاوس ) دا
تیانەدەچووین!

***

چیت داوە لە چییەتی و ڕواڵەت و مۆدێل و کۆپی سیمولاکراکان
بەکارایی وشوناسی جیاواز جیاواز ناواخنکراون
پێویستە جیهانی نواندنەوە بەهێزی جوانی
خاپووربکرێت وئایکۆنەکان قڵپبکرێنەوەو
درەوشانەوە سەرا پای ژیان دابگرێت!

***

شوناسی ئیستاتیکی خاوەندی فەزایەکی کراوەیە و بڕوای بە پێکەوەژیان هەیە!

***

جوانی ڤالیۆمی دڵخۆشییە لەشی سپی وبنێست یەکپارچە
نوشتەی ڕەنگاوڕەنگی شاری ( کانو )یە جادووگەرەکان لەکوێن؟
دەهەڵسە و دڵتەنگی وەلانێ و سەرو پێکێ شەرابی ئاڵ بنۆشین

تۆ سەمابکە و من گۆرانی دەڵێم عیشق شینترین گوزارشتی شێتییە
و لەناخودئاگاوە سەرچاوەدەگرێت ئاخر ژیان چییە جگە لە چێژی پۆرنۆخانەیەکی
شەرعی ئەگەر سەربە هۆزی ( یەم یەم ) بوومایە
ئێستا تیکەتیکەی جەستەتم بەکاڵی دەخوارد!

***

چێژی خەتەرناکی بوون لە خەیاڵی سێکسیدا نیشتەجێیە
ئازاری کوشندەی مەرگ لە پانتای ڕۆح!

***

هەست لە نەشوەی سێکسیدا
ئاگرێکی شینی بێ دووکەڵە
سەرەتا لێو دەخورێ دواتر پارچە پارچەی جەستە!

***

کەس نازانێ خەیاڵی ئیرۆتیکی
سەرچاوەی لەخەیاڵی زمانەوە گرتووە
یاخود خەیاڵی زمان سەرچاوەی لە خەیاڵی ئیرۆتیکی!

***

شیعر وەشاندی تۆوی ئیستاتیکییە ڕووەو کێڵگە شینەکانی عیشق!

***

لەبەردەم جوانی ناوازەتدا وزەی ئیستاتیکم
لەبزاوت و جووڵەدایە بۆخولقاندنی
وێنەگەلێکی شیعریی و دنیابینییەکی قووڵ!

***

ناوەخت لە زرە وێنەدا چرکەی دیۆنیزیۆسییە

حەزی بە لێکدژی و ئاهەنگسازی و هەڵگێڕانەوەی
سرووشتی خۆیەتی!
***
شیعر بە زایەڵەی ناوەکییەوە دادەڕژێ و پڕاوپڕ لە تاسەی جوانی و هێزی چە پێنراو!
***
مەرگ لەسەنتەرختی بازنەی جوانییە!
***
دەقی کراوە
ڕەگی لەسەر زەمینەی جوانی و جیاوازی و
ئیرۆتیك داکوتیوە!
***
جوانی لەشیعردا بەنێوخۆیدا قەدبووە!
***
شیعر لە قەڵەمڕەوێکدا دەگوزەرێ
شێوازی زایەڵەکان لە پەیوەندگرتنی جۆراوجۆردان!
***
شیعر ستایلگەلێکە لە زایەڵەی جوانی!
***
لە قەڵەمڕەوی شیعردا
گەمەیەکی شاراوەی هەڵوەدابوون بۆ چێژگەرایی
قەدبوە و لۆچی خواردووە حەزی بە جەستە پەروەرییە!
***
حوکمڕانی ئاوێزانی عیشق و جوانی ببێت

دادوەریی سەروەری و بالآدەستی دەسە پێنێت
شیلانی کچە ژێکەلەی دەوڵەتشار نەبووایە
نە دەروونم بە تەزووی جوانیی جەستە
پەروەردەدەبوو نە هۆشم هەڵدەکشاو
ڕوانیینم ڕووی لەفراوانبوون دەکرد
مەحاڵ بوو بتوانم بەژیریی و زانین وبوێری و
ئارزووگەرایی و دان بەخۆداگرتنەوە
بگەڕێمەوە ئەشکەوتی شیعر
ئاخر شیلان ئێستاش فەرمانڕەواو سوپاسالاری
ئەرتەشی زمان و ئەفازیایە!

***

چاوە زەردەکانی شیلان
مەزرای گەنمی (ڤان کۆخ) م
بیردەخاتەوە
بەهێ تورتەکانی سەرسینەی
سەبەتە سێوەکەی (سیزان)
لەرەی دەنگی پارچە میوزیکێکی شین!
(بو نە ساس بو نە اهنگتی
گوزوە دالان بیلیر
بهار نە رانگتی
جان سیلا جانم ویرم
اوزم شاد اولم
سن منا یان دیسان

نیجه اوراکتی )

***

لەجیهانی خوێندنەوەدا دەقی زیندوو ئاماژە

بە کتێب دەدا دەقی مردوو بە ڕۆژنامە

***

دووفاقی سپڵەی توان دووە

جارێ دۆستت لێدەکا بەدوژمن

جارێکی تر چاکەکان بە خرا پە

***

چاوی مۆدێرن لە چاوی سونەتی خەتەرناکترە

دەنگ و ڕەنگی بەتاڵی مۆبایلە پانەکەی

بە چرکە بە پڕیی لەگیرفانی سەردارەکەیەتی!

***

هێزی جوانی لەکردەی نووسیندا شەرابی مارگریتایە

گیان بەبەردەقی مردووشا دەکا!

***

وشە بزوێنراوی هێزی جوانییە!

***

شیعر بەشەرابی جوانی مەستە!

***

هەرچۆنێك چییەتی بوون شیکاربکەی

دواجار لەنێوان

بیرکەوتنەوە و بیرچوونەوەدا لەنێو دەچێت !

شیعر عیشق و ڕووداو وزەماوەندە

مەستکردنی وشەیە لەمەیخانەی جوانیدا

( نینا یاورم نینایم

سەن دولدر من ایچایم

سەنە اللار یاقشماس

قدیفەدان بچایم

سەنە شاللار یاقشماس

قدیفەدان بچایم )

***

دەکرێ دەقی کراوە لەڕێگەی زانینەوە

بەچاکەی ئیستاتیکی لەقەڵەم بدرێت کە

هزر و خۆشی بە وەرگر دەبەخشێت و دنەی دەدا خۆیشی بەشداری تیا بکات؟

***

تۆبڵێی فەلسەفە چەشنی شیعر

لەهەڵێنجان و تێهەڵکێش و دەقئاوێزانی هزری بەدەربێت

بیرکردنەوەی ( ئەفلاتون )

لێوانلێوە لە ئایدیا و بیرکردنەوەکانی هەریەك لە

( هیراکلیتۆس ) و ( پیتاگۆراس ) و( پارمەنێدس ) و( سۆکرات )

بەلاّم بە سیستم و ڕوانین و بونیادی زمانی جیاوازەوە؟

***

مەگەر ئەندێشە پەی بەخودی سادە و نەگۆڕی جوانی ببا؟

***

جوانی لە فەزای شیعردا فەرمانڕەوایە؟

جوانی لەخۆیدا شیعرە!

***

دەشێ لە جووڵە و بزاوتی ژیاندا جوانی سەر بە فۆڕمە هەمەکییەکان بێت!

***

بەدەرکەوتنی جوانیت هەستەکانم سڕدەبن و درککردنم لەدەستدەدەم !

***

ئەوە لۆگۆسی جوانییە پرشنگ و هارمۆنیەتی

بەسەرا پای جەستەی شیلانا بەخشیوە!

***

( جوانی دژوار و ڕێژەییە )

وەك چۆن ( ئەسینا جوانیی ڕژاندە سەر ئۆلیس )

شیلانی کچە خانەدانیش بەدەرکەوتنی ڕوخساری

تێکستەکانی چێژ و شکۆ و ڕیتم بارانکردم !

***

منی شیعر شەرابی جوانی نەنۆشێ پەی بەواتای بوون نابا و

ڕاستی بە پەردە پۆشی دەهێڵێتەوە!

***

جەستەی بەفرڕەنگی شیلان بۆ منی ( ئۆلیس )ی شیعر

( ئیساکا ) یە دوای ئەم هەموو سەرگەردانییە

باوەشی پیادەکەم و هەست بە ئارامی و دڵخۆشی دەکەم !

***

ناجوانی هاوسەنگی شیعرگەرایی تێکدەدا!

***

ئەوەی لە شیعردا دەروون دەورووژێنێ و بەرەو
هەڵچوون و هەستکردنێکی خۆڕسکاوی دەبا
جوانی درەوشاوەی جەستەیە!
***
دەشێ خودی جوانی   لە شیلانی ژیکەڵەدا نیشتەجێبێت !
***
شیعر بە هەستی جوانی ڕوو لە قووڵبینی دەکا!
***
ئەوەی جەستەکان بەرەو ئاوێزانبوون دەبا  عیشق و جوانییە!
***
بەدەرکەوتنی جوانی هەستەکانم هەڵایسان و پێوەرە ئەقڵییەکانیان  خستەلاوە!
***
ڕوخسارت خاوەن جوانییەکی خواکردە  چۆن دەمی  بۆ  بەرم !
***
منی شیعر ڕواڵە تخوازێکی سەرگەردانە
لەفۆڕمی ڕوخسارتەوە چییەتی جوانیت دەدۆزێتەوە!
***
ئەوە جوانییە سوبێکت ئاوێزانی ئۆبێکت دەکا !
***
هەستی جوانیت ئەندێشەی پڕکردم لەچێژ!
***
جوانیت  دەروون  دەگەشێنێتەوە  زەینیش!
***

کاتێ خودی جوانیم لە بوونی شیلاندا دۆزییەوە بۆچوون و زانینەکان  بەریەککەوتن!

***

ئەستەمە مرۆڤی بەڕێز بتوانێت لەشوێنێك بژیت  پڕاو پڕبێت

لە دەمشڕ و لەخۆبایی و خۆهەڵکێش ونەگریس و سە تحی وسەرسەری!

***

پارەسالاریی ڕەگی هەژموونی لەسەنتەری کۆمەڵگاکان

داکوتیوە تادێ بەها کۆمەلآیەتی و ئاکاری و ئیستاتیکییەکان

ڕوولەکاڵبوونەوە دەکەن و  پەیوەندییەکان ڕێچکەی تر دەگرنەبەر

( پەرەسس جمشیدی شا اولسەن

کمسە باخماس اوزوە

معرفت مانقرە دگمەس

اهلی زار  دوراندر)

***

گەر دەتەوێ لەواتای نەمری بگەی بڕۆ سەری بەفرگرە ڕەشەکانی

نەخۆشخانە سپییەکان هەڵدەرەوە!

***

نەمریی کەفاوی کەسك وسووری شامپۆی  پانتینە

لە ئاوەڕۆی گەرماوە تایبەتییەکانی گەڕەکە سپییەکانەوە

دەڕژێتە نێو زێرابی گشتییەوە!

***

ئارامی کۆشکی سپی دڵخۆشییە نیگەرانی کۆشکی ڕەشی دڵتەنگی!

***

خودم لە نێوان( هایدگەر)  و( لاکان ) دا لەت وکوت کراوە

بەرۆژ پارچەکان کۆدەکەمەوە بەشەو پەرش وبلاو دەبنەوە
گوتم ئەویدی جوانی ونەشئەبازیی ودیالۆگە بوونێکی ناوازەی برۆنزی نیشتەجێی
ناوەوەی ماڵی کەسکی شیعرە درزەکانی سوبێکت بە تیشکی ئاڵ پڕدەکاتەوە ئەمجا
هزرە ڕەنگاوڕەنگەکان لەخۆوە هەڵدەڕژێنە دەرەوە!

***

ژیان جوانە شوێنگەی خەفەتباریشە دەشێ بەشێکی گەورەی واتای بوون
لە جووڵە و ڕاکەڕاکی دوکانە چکۆلەکەی ( سیروان )دا بدۆزینەوە
جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگ تیایدا شتگەلەکان دانە دانە دەدوێن و دەدرەوشێنەوە بەیانیان
ژن و پیاوانی گەڕەك هێدی هێدی ڕووی تێدەکەن و
بەعەلاگەی ڕەشی پڕەوە دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان ئێواران لەبێدەنگییان سپیدەچێتەوە!

***

شیعر لە کۆمەڵگای فرە کولتووردا هەڵگری فرە جوانییە!

***

دنیابینی لەکۆمەڵگای کراوەدا شیعر بەرەو قووڵبینی و جوانیگەرایی دەبا!

***

لەکۆمەڵگا نەریتخوازەکاندا ژێرە وژوورکردنی ڕێسا دێرینەکان و
خولْقاندنی چەمك و بەهای نوێی ئاکاری وکۆمەلایەتی
کارێکی ئاسان نییە!

***

ماشێنە سپییەکە ڕێگا دوورەکەی دەبڕی
شیلان سەری خستبووە سەرشانم شەکەت
جارجارە خەودەیبردەوە منی نیگەران
لە گەنگەمووی لاملی وگۆنای ئاڵی ڕادەمام

دەتوت  پرشنگەکانی زێڕ ویاقووتن یەکتردەبڕن
(التون خزماوملایم
سانی حەفتان دلایم
یازگونی تەموزدا
سان تەرلا مان سلایم)

***

ئێستا لەم ئاوێزانبوونە شینە جوانی دەروشاوەی شیلان
ئایدیای خەمۆکی و ڕەشبینیم دەگۆڕێ وهەستێکی قووڵی
بەختەوەری لەدەروو نمدا بەرجەستەدەکا!

***

بڕواناکەم کەس بەقەد من شیلانی کچە تاقانەی خۆشبوێ
کاتێ نیگای بەژن و قژە حەڵواییەکەی و چاوەزەردەکانی دەکەم
دڵخۆشییەك دامدەگرێت  وادەزانم هەموو دنیا موڵکی منە!

***

ژیان جوانە وەرە بەیەکەوە دەستی  پێوەبگرین
تۆ پرشنگە ئاڵتوونییەکانی ڕوخسارو ناوەوەت دەرخە
منیش چییەتی  بوون  وهەستی بەختەوەری بنووسمەوە!

***

ژیان جوانە لە خەمۆکی و تراوما  بەدەرنییە وەرە
گرژی و شڵەژانەکانت تووڕهەڵدەو باڕووەو
چێژگەرایی و بەختەوەری هەنگاو بنێین!

***

هەمیشە کرانەوە لەداخران جوانترە

دۆگماتیزم درێژە بەخۆی بدات
جگە لە چەقبەستوویی و تۆتالیتاریەت و
قڕەقڕێکی وەڕسکەر شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە؟
***
ئەگەر لەشەوێکی کەسك بەڕووتوقووتی
باوەش بە کەمەری باریکت بکەم و
گازێ لەگۆپکەی سینەت بگرم
ئەی شۆخ ئەی بالاّ بەرزترین شۆخ
ئەم گۆرانییەت بۆدەچڕم
(بلبل اوچار قاناتی یشیل
گون ورمادان الله گوز قاماشر
اینجه بیله ال دولاشیر
غریب غریب حیران اوتمه بلبل
مانم دردم منا یتر
سندا بیر درد قاتما بلبل )
***
ئەگەر لەشەوێکی زەرد و لەسەر چرپایەکی زەرد
جەستەی برۆنزیت بەڕووتوقووتی لەباوەشبگرم
ئەی شۆخ ئەی بالاّبەرزترین شۆخ
بەقەڵەم ماجیکێکی نارنجی لەسەر شلکەی ڕانت
نانۆیەکی زەردی ئیرۆتیکی دەنووسم و ئەم گۆرانییەت بۆ دەچڕم
(بلبل أوچار قاناتی ساری
اوچار دولاشی گوزیم هیوایلار ناری

عومرمده بیتی گورمادیم یاری

غریب غریب حیران اوتمه بلبل

منم دردم منا یتر

سندا بیر درد قاتما بلبل )

***

ئەو فێندەمێنتاڵە تاریکبین و چڵێسانەی تەفرەی مرۆڤە نەفامەکان

دەدەن ئەویتری جیاواز لەنێوبەرێت نە لە ڕووناکییەکانی نێو تیۆلۆژیا دەگەن نە لە

لیریکا و ئیستاتیکای نێو ئایینەکان!

***

ئیرۆتیك لێکخاشندنی جەستە و هەڵمژینی عەتری سینە و بەهێکانی یارە

لەشەوێکی شینی ئامالْ سووردا هەریەکێك دەزووی چێژ بۆلای خۆی ڕادەکێشێ

( گیدەرام ماندا ماندا

بیر جووت هەیوا وار ساندا

هەیوا گبی سارالدم

دین ایمان یۆختی ساندا )

***

بەمەستی هاتم و بەژوورکەوتم لەویا نەبووی

شتگەلەکان سەرنجیان ڕاکێشام نەخاسمە پاپووجە سوور و زەردەکەت

تاکێکیانم لە باغەڵم شاردەوەو بەهەڵداوان گەڕامەوە

( داغد اوزە

زولف قسە داغد اوزە

( مرال ) بنجە سەرخۆش دی

اومدم نینم

دوندارب داغی دوزه )

***

شەوبوو شیلان بەقژی پەرێشانەوە هات

دەتگوت ئاڵتوونی لێ دەڕژێ منی ڕاڕا و نیگەران و غەمگین

کاتێ باوەشم پیاکرد بەعەتری کراسە ڕەشەکەی مەست بووم

( داغد اوزە

زولفوی داغد اوزە

ایسترم بیر اخ چاکم

دوندارم داغی دوزە )

***

چێشتەنگاو بەخوماری سەردانی شیلانی کچە خانەدانم کرد

بەجلێکی شینی تەسك و ترووسك لەبەردەم سەبەتەیەك

میوەی جواراوجۆردا وەستابوو چەند دانەیەکیان سیسەوەبوو

وتم دەزانی لەم جیهانە بێئامانج و بێواتایە

هەمووشتێك چییەتییەکەی ڕووی لە کاڵبوونەوەیە

شیلان پێکەنی ویەکسەر

ژنە سۆزانییە زنجییەکە و سێوە گەنیوەکەی ( شارل بۆدلێر ) م

بیرکەوتەوە و وتم دەزانی برێجار لەکردەی نووسیندا

( ئێستەتیك و گرۆتێسك )بەریەکدەکەوتن و

جوانییەکی ناشیرین و ناشیرینییەکی جوانیان

لێ دەکەوێتەوە

شیلان خەندەیەکی گرت و لێم نزیك بۆوە

قژە قاوەییە چەورو چین چینە عەترناکەکەی

دەتوت بەستەنییەکی گەورەیە لە نسکافە
بازنگە زیوە نقێمدار و بەزریزەکەی
پەلکەزێڕینەیەك لە ئاسمانی دۆزەخ
ئارەزووم هەڵایساو ویستم باوەشی پیابکەم و
تێکەڵ بە یەك بین
لەشکۆی جوانیی ڕوخساری و بزەی لێوی
سڵەمیمەوەو کەوتمە بیرکردنەوە!
( قوربنام خان گوزوە
منا بخان گوزوە
چوخ سورملار چاکبسان
أیوم یخان گوزوە )

***

جوانیت تێکستێکی خۆڕسکی بێمەبەستی زمانییە چرکەیەك لێم زویربیت شیعر پشتم تێدەکات

***

ئەم نامۆبونە چییە لەبەردەم جوانیتدا نەتەنها دڵ زەینیش دەهێنیتە لەرزە!

***

لە پەیدابوونەوە ڕوودا و ڕێکەوت وەك یەکەیەکی بەنێویەکدا چووان
ئەوەتا هیولای جەستەی سپی و ڕۆشنی شیلان فۆڕمی لە خودی جوانی
وەرگرتووە و تاکو ئێستا لێوانلێوە لە خانەی ئەڤین و گۆڕانی وزەو
جووڵەی یونیڤێرساڵ و چێژ وئارەزووی سێکسی و پەرەسەندنی بێبڕانەوە!

***

جوانی هێزێکی شینەو لەبوونی یارەوە هەڵدەقووڵێ وسوبێکت بەرەو

خودئاگایی و گەشەسەندن دەباوئایدیاو جووڵەی بیرکردنەوەی دەخاتە گەڕو مرۆڤ درك دەکا هەمووشتێك لەگۆڕاندایە ولەجیهاندا شتومەکی تەواوکۆ بوونی نییە؟

***

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرقاڵی دیارە نیوەی خەیاڵی بەدوای چێژی سپییا وێڵە نیوەکەی تری بەدوای یادەوەری دیارنەماوەکان؟

***

لەم بزاوت و گۆڕانە هەمەکییە ژیان گشتی دەرکەوتنە
ئەوەی بۆ من دەردەکەوێت مەرج نییە بۆ تۆ دەربکەوێت
پێچەوانەکەشی ڕاستە دەرکەوتنی جوانی جیا لە چێژ
شتێك دەدات بەدەستەوە و دەکەوێتە بواری
هەست و وێناکردن و زانین و درکپێکردن و یادگەوە
دواجار زەین بەرەو بیرکردنەوەو تێگەیشتن لەبوون دەبا
بەڵام چێژ بە خودی ئارەزووەوە دەلکێ و ناکەوێتە کایەی
شیکارکردنەوە؟

***

جوانی شێوە پێکهاتەیەکی ناوازەی کاتییە
دەرفەتێکی شین بۆ دەرکەوتنی شیعر دەڕەخسێنێ و
دەرفەتێکی سپی و هەمیشەیی بۆ لێکدانەوەی هێرمنیۆتیکی؟

***

شیلانی کچە سپی بە پۆشاکی ڕەشەوە گەلێك جوانە
کاتێ بەڕووتی چەرچەفێکی تەنکی قەترانی
لە باڵای دەپێچێ و بەرەو چرپا شینەکە هەنگاو دەنێ
ئۆبێکتی ورووژاو بەسوبێکتی نەشئەباز دەڵێ :

جوانی چەشنی جەستەی شیعر بەردەوام لە دروستبووندایە؟

(قەرە عەبا و سوروسن

اوزوکمنن دوروسن

د گەل اوزودن او پم

یارن برده چوروسن)

***

واز لە سیاقی مێژوویی بێنە ولێگەڕێ مەرجانەکانی زەین بەهەڵواسراوی بمێننەوە
داهێنان شالوورێکی شینە و لەخۆوە باڵدەگرێت هەستی جوانی زمانێکی ڕووت ومەست
ئێستا سەیری پیاڵەی سەرمێزە ڕەشەکە بکە
دەڵێی چلچرایەکی زەردە و دەدرەوشێتەوەو تیشکگەلێك بەشاراوەیی دوادەخات تەئویل
بەدحاڵیبوونێکی کەسکی تاهەتایەی واتاییە
دەشێ لەم کەشەئاڵەدا هەستی جوانی کە پڕاو پڕە لە چێژ و ڕاڕایی و تیایدا من
(سوبێکتێکی ختووکەدراوە) بۆ (تواندنەوەی ئاسۆکانی چاوەڕوانی) لە زمانی نووسراو
کاریگەرتربێت و لە پانتای نارنجی تێکستێکی کراوەدا هێشوویەك واتای لە نجەداری
سپی بەرهەمبهێنێت

***

واتا تارماییەکی سپییە و لە پانتای ڕەنگاوڕەنگی
دەقدا دەگەڕێ و چەنێ ڕاوە دووبنرێت دەسگیرنابێت

***

بوونی مرۆڤ لەبەردەم سەیرووڕەی هەمشەیی زەمەندا
جگە لەڕستێك چرکەساتی سپی شتێکی ترنییە
دواى دیارنەمانیشی یادەوەرییەکانی وردە وردە کاڵدەبنەوە

***

واز لەخۆبایبوون بێنە مەرگەسات شوناسی نییە کێ نالێ
سبەی ڕوو لە دەڤەری جوانی تۆش دەکا!

***

دۆگمای میتافیزیك هەرئەوەنییە کە هەبوو دەخاتە شوێنی بوونەوە
بەڵکو هەڵپە و هەڵەشەیی و دانپیانەنانیشە بەو گەشەسەندنەی کە
لە بواری هزر و ئەدەب و هونەردا ڕووی داوە!

***

کاتێ بیر لە توخمەکانی گەردوون دەکەیتەوە
خۆڵ یەکسەر دەردەکەوێ و کانزاشاراوەکانی دەبرسکێنێتەوە

***

جوانی کە چێژی لێ دەبەی وگیرۆدەی دەبیت ستاتیك نییە
بەردەوام هەڵدەفیچقێت ولەدۆخی هەڵقولاندایە !

***

هەمووشتێك لێوانلێوە لە جووڵەو ڕووەو چەقی جوانی هەنگاودەنێت!

***

هەمووشتێك پێکهاتەیەکی گەردیلەیی هەیەو
مەیلی لە پێگەیشتن و ڕووی بەلای لەنێوچوون دایە !

***

پرشنگی جوانی درەوشاوەت چەنێ لە دەسەلاتی دەوڵەت دەکا
کاتێ بە هێزی ئایدیۆلۆژی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکا!

***

درککردنی جوانی لەسەرووی چێژەوە کارێکی نەکردەیە!

***

مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی دژوارە  ڕیشەکێشکردنی
سەرجەم لێکدژی و ناکۆکییەکانی ژیان مەحاڵە!

***

وەرە بەم بەیانییە لە قاوەخانەی مەچکۆ چاوەڕێی برادەرێك بکەیت و کابرایەك
بەرامبەرت دابنیشیت و سێ مۆبایلی ڕەش لەسەر مێزەکەی ڕیزبکات و فرێك لە فنجانی
قاوەکە بدا مژێك لە نێرگەلەکە و بەردەوام  پێوەندی بگرێت و یەکبەدەنگی بقیژێنێت و
ئارامی دەوروبەرەکەی بشێوێنێت جا ئەم ئاژاوە سپییە گەر بە لایەنی فاشیەتی زمان
نێوزەد نەکرێت چ ناوێکی دیکەی لێ دەنرێت

***

هەرچی سەرمایەی ڕەمزیم هەیە حە پەلۆشیکە
تەنها لێگەڕێ لەسەر لەشی برۆنزیتا بنووسم
شیعر هەڵوەدای خەیاڵی سێکسی و چێژی حەرامە

***

مەگەر ڕووناکی ڕوخسارت بتوانێت
لەم تاریکییە گیانییە ڕزگارم بکات

***

لەئامێزگرتنی شیلان ئەو پەڕی خۆشگوزەرانییە
چێژی جەستەی ئارەزوو هەڵدەگیرسێنێ و مۆڤی و تەسکبین و
تاریکپەرست و چەواشەکار دووچاری شۆك دەکا!

***

شیلانی ئێسکسووك  فرە جوانە
بەدەرکەوتنی دەروون  ئەڤین و خۆشی دایدەگرێت
بەدیارنەمانی خەمناك و سەرگەردان و نیگەران

بەسەرسامی لەدەوروبەر ڕادەمێنم

( اولایدم الله اولایدم

بیردە یاری گورایدم

جیران من اولام

اولمدن بیرگون اول قول بوییننە سرایدم

جیران من اولام

داغلارە سابتم اکن

گیدارتم المداکن

نە گاور نە مسلمان

اولماسن مانم تاکن )

***

ئۆبێکت بالاّدەسبێت سوبێکت بەدرزەوە

لەخشتەدەبردرێت ( زونەیرە ) ژنە جوان وخانەدانەکەی کابوول

بەیانیان بەسەماوە لە شەقامە نارنجییەکانا دەگەڕاو گۆرانی دەوت و گوڵەباغی بەسەر

کوڕوکچە ئاشقەکانا دەبەشییەوە و

ئێواران لەگەڕەکە زەردەکانا گوێی بۆمۆسیقا هەڵدەخست

ئێستا لە ژوورەکەیدا دڵتەنگی تەنگی پێ هەڵچنیوە و

چیوانەماوە هۆشی لەدەستبدا

***

فشاری وێنە هەڵواسراوەکان زەینی تێکدام چایەکەم فڕکردوو و

جگەرەکەم لە تە پڵەکە ڕەشەکەدا کوژاندەوەو یەکسەر ڕۆشتم لەنزیک –باتا– بیرم لە

بوون و واتا دەکردەوە و لەبەردەم دیوارە سپییەکەدا

وەستام لێرە لەسەر ئەم شۆستەیە کابرایەکی موزەردی چاوشینی

لاواز کلاوێکی ئاسایی لەسەردەکردو قایشێکی پانی گەلاسی لە پشت دەبەست و وێنەی جۆراوجۆری لەچوارچێوەدەگرت و پێدەکەنی لەوانەیە ئێستا لە جیهانێکی بێواتای خۆڵەمێشیدا نیشتەجێبێت

***

چۆلەکە سپییەکانی باخچەی ماڵ لەگەڵ وردە سەموونەکانی بەیانیان ڕاهاتوون عەلاگە ڕەشە بەتاڵەکان لەگەڵ خۆڵ وخاشاك ژیان بەمشێوەیە بەڕێوەیە خەریکە لەنێوان چرکە شینەکانی فەرمانگە و مەچکۆدا بەکۆتادەگا

***

جوانی پەتی ئاگرە دەستی بۆ نابردرێ هێزێکی شاراوەی پیرۆزگەرایی تیایە داوا لە دڵی شەیدا دەکات بپەرسترێ

***

جەستەی ناجێگیری برۆنزیت دەقێکی زمانییە منی ڕاڤەکاری شێت لەبەردەم هەڵخزانی واتا سپییەکاندا سەرگەردان!

***

مرۆڤ بوونەوەرێکی لەنێوچووی ڕاڕایە کاتێ تەمی زەردی مەینەت چەشنی زەردەواڵەگەلێك گەمارۆی زەینی دەدات ئەستەمە بتوانێت بیر لە شتێکی تر بکاتەوە

***

ئەی پەری لەوڕۆژەوە گیرۆدەی جوانیت بوویمە عیشقت بڕستی لێ بڕیووم چەهچەهەی بولبولی سپی دڵم بەشێکی تێکەڵ بە گمەی کۆترە بەشەکەی تری بە قاڕەی قەلەڕەش

***

هێشتا کاتت بەدەستەوەماوە بوونم لەم بێدەنگییە وشك وسپییەدا هاڕەی کرد گەروابڕوا گیرۆدەییم بەشتگەلە تەڕ و دەگمەنەکانەوە شێتم دەکاو

خەیاڵی سووری سێکسی بەدەوری سێگۆشەی کەسکی ( فیتیشیەت )دا
دەخولێتەوەو عەتری شینی ملپێچە ڕەشەکەو دەسکێشە شەکەرییەکەو
پابووجە نارنجییەکە ئارەزووم دەورووژێنێ و چێژێکی تێکەڵ بەئازاری
لێ دەکەوێتەوە

***

دەمەو ئێوارەیەکی خۆڵەمێشییە باڵندەیەکی ڕەش بەسەرسەرمانەوە دەفڕێ
وازەندەکەم بارانبڕەیە حەفارەیەك بەخێرایی ورگی زەوی هەڵدەدڕێ
پێدەچێ تەرمەکە جارێ نەگەیشتبێ لایتی ئۆتۆمۆبیلەکان کێلە سپییەکان
دەبرسکێننەوە وا تۆزوبا هەڵیکرد ئێمەی داماو ڕووەکە کێوییەکان
هەڵدەقەنین و چاومان بەلە پی دەستمان پۆشیوە و گەڵای زەردی دارزەیتوونەکان
دەلەرێنەوە و هەڵدەوەرێن چ حەشاماتێکی چۆڵە
ئەی خودا لەوانەیە لەم ئاژاوەی بوونەدا تەنیا مەرگ داد پەروەربێت
ئەگینا مرۆڤ چییە؟ جگە لە بوونەوەرێکی بێعاری لەنێوچووی لەخۆبایی!

***

ئەستەمە لەبەردەم ئاوێنەیەکی ڕووبیندا بەڕووتی سەمابکەی و ئازادییەکانت گۆرانی
بۆ حەزەشاراوەکان بڵێن وەرە شۆخان دانتێلا نارنجییەکەت بپۆشە و لە پەردەکوللە
وەنەوشەییەکە دەرکەوە
ژیان ڕووی لە تەواوبوونە شیعروخەیاڵ وجوانیش با تۆزێ گوێ بۆ مۆسیقای مۆری دەنگت
هەڵخەم زمان دەنکە نەفتالینێکی ڕەشە بوونە زەردەکان
لە مۆرانە سوورەکانی نەبوون دەپارێزێ منی سەرلێشێواو لەم ژاوەژاوی ئاخاوتنەدا چی
دەکەم زۆرجار جووڵە سپییەکانی جوانی جەستەت
دەنووسمەوە بڕێجار ئاوازە کەسکەکانی بێدەنگی گیانت!

***

بەرزی ونزمییەکانی لەشی سپیت سەرچاوەیەکی لینجی شیعری ( حجم ) ن
شیلەی شلێوەی شەهوەتیان لێدەرژێت پڕاو پڕ لە موکەعەبی تەڕ و بریسکەداری
شووشەیی کاتیٰ تاڵە تیشکێك دەیانبڕێت ڕستێك ڕووناکیگەلی
ڕەنگاوڕەنگیان لێدەکەوێتەوە هەم دڵی تاریکی جیهان ڕۆشندەکەنەوە
هەم سیستمی لێڵی شیعری ( زمانی )

***

ژیان یارییەکی جوانە مەرگ یارییەکی قێزەون ( یەدوڵڵا ڕوئیایی ) بەشەو یاری بە
جەستەی سپی زمان دەکاو هەڵخزانی مۆرفیمەڕەشەکان دەنووسێتەوە ( ڕەزا بەراهەنی )
بەڕۆژ یاری بە جەستەی ڕەشی
زمان و مۆسیقای فۆنیمە سپییەکان تۆماردەکا لەم کەشە شەکەرییە
سیمیۆلۆژییە سیمبۆڵیە زەینپڕووکێنەدا نە قڵیشی لەشی خرۆشاوی واتا پڕدەکرێتەوە
نە کاووسی نیهیلستی گەردوون و درزی ئارەزووە شینەکانی چێژ!

***

گۆرانییەکی هایدگەری بوون لەماڵێکی بەتاڵەوە گەشەی سەندووە و
بەدەستبەتاڵییەوە دەناڵێنێت مەرگ خۆڵە و خۆی مەلاس داوەو هەڕەشەی پڕکردنەوەی
لیٰ دەکات

***

ویستم لە دەرەوەی شێوازی نەریتەکانەوە گوزارشت لە جوانی سپیت بکەم
بەردی ڕەشی زمان شەقی برد!

***

لەم دۆزەخستانە چاوەکان لەیەکدەکەن یەکیان دەتورووژێنێت ئەویتر
مۆبایلەجوانەکەی پڕدەکا تومەز سەرداره کەللەبەتاڵەکە داوای داتای کردووە!

***

تۆبەو زەینییەتە سونەتییە چی دەکەی؟ جوانی پرشنگە لەجەستەی
باریك وبنێسی کچانی پۆست مۆدێرنەوە هەڵدەقووڵێت!

***

چێشتەنگاوە لەنزیك کۆگای کریستالی برۆنز
وەستاوم و چاوم بڕیوەتە ڕۆشتنی ئۆتۆمۆبیلە ڕەنگاوڕەنگەکان و
حەشاماتێکی سپی چەشنی شارە مێروولەیەکی ترسناك
بەهێواشی هەنگاودەنێن کات پاسێکی زەردی بێ شۆفێرونەفەرە
لەخۆوە تێپەڕدەبێت و حەقی بەسەرکەسەوەنییە
خەڵك لەبێپارەییان مەلوول دەسگێڕەکان لەژێر دیواری مزگەوتی گەورەی
نێو بازاڕ دانیشتوون و شۆخی دەکەن
حەماڵەکان ڕیشیان بەرداوەتەوەو لەتەك عەرەبانەدەستییەکانیا وەستاون
و بیر لە هیچ دەکەنەوە لیام لەگەڵابوو دیارنەماوە
لەکۆگاکە ملوانکەیەکی زیوی نقێم سووری چکۆلەی تاقیدەکردەوە
بزانێت لەگەردنە زراڤەکەی دێ تۆبڵێی بەم تەمەنە ڕەدووکەوتبێت
من شێتم لەم شەقامە شینەدا بەدوای شۆخێکدا دەگەڕێم نیشانە ئەفسووناوییەکەی سەر
ڕوومەتی و باسکە بلوورییەکانی و
جانتا پرادا ڕەشەکەی سەر شانی لە باغەکانی عەنکاوە ڕستێك تێکستی شیعرییان پێ
نووسیووم !

***

دواجار نەهامەتییەکان کۆتاییان دێت و بێدەنگییەکی ڕەنگاوڕەنگ
باوەشی ڕەشی هەتاهەتاییت بۆ دەکاتەوە سەیرووروەی زەمەن لەدەرەوە
موریدێکی سپیپۆشی کلاوێکی قووچەك بەسەری ڕومییە
بەردەوام بەدەوری خۆیا خولدەخوات

گۆرانی هەمەڕەنگ دەرمانی بیرتەسكییە!

***

شیعر بەرەو گەردوونیەت باڵنەگرێت لە لۆكاڵییەتدا دەپووكێتەوە!

***

شیعر وابەستەی دەسەڵاتی ئیستاتیكیی وشە وناوكۆییە دەگمەنەكانە!

***

دواجار قیژە و هاوارە ڕەشەبائاساكانی (ئەنتوان ئارتۆ)
هێوردەبنەوەو فۆڕمی وشە وەردەگرن!

***

سەیری ئەم پانتاییە بۆشە بكە لێوانلێوە لە جووڵەو دەنگ و زایەڵە وجێگیرنەبوون
مردن تیایدا لەونبوونێكی هەمیشەیی دایە!

***

هزر لە شیعردا هەڵوەدای ئارەزووە و جێگیرنییەو گوزەردەكا و حەزی بە ئاوێتەبوون و
چێژبەخشینە بەژیان!

***

چاوت چیرۆكەكانی ئیرەییبردن دەگێڕنەوە!

***

شیعر شوناسی هەبووایە ڕووی لە جوانگەرایی نەدەكرد!

***

شیعر بەبیركردنەوەیەكی جیاواز كایە بە وشەكان دەكا و
دەلالەتەكان دادەگیرسێنێ
چاو بەڕوانینێكی شێتانە چێژ لە جوانی دەبا و ئارەزووەكان دادەمركێنێ

***

شێوەکاری تۆوی شێتی و سەرچڵییەکی کوشندەی خۆڕسکی
لەگەڵ خۆیا هەڵگرتووە سەیری کردەی ئەو بۆیەکارە ئەرمەنییە
دوای نەخشاندنی دیوارەکانی ناوەوەی ( حەمامی گچکە )
بە تابلۆگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ یەکسەر خۆی هەڵدەواسێ!
***
هەموو ئایدیۆلۆژیایەك فاشییە ئەوەی لە بازنە
تەسك وترووسکەکەی نیشتەجێ نەبێت دەییوغزێنێت!
***
ئارامی لەماڵی کەسکی هۆگریدا نیشتەجێیە دڵەڕاوکێی کوشندەش
ئەو ئێوارەیەی کراسە شینەکەم دەخرێتە نێو جلشۆرەوە تا بەیانی
خەم دامدەگرێ!
***
ژیان چەند وێستگەیەکی دیارە چەند وێستگەیەکی نادیار
دەبێ مرۆڤ لەیەکێ لەم وێستگانە دیارنەمێنێ!
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرگەردانی نیگەرانە
لەنێوان درزەکانی دەق و بۆشاییەکانی بوون وسرووشتدا
سەرقاڵی پڕکردنەوەی کەلێنەکانی چێژوئارەزووە!
***
عیشقی خوێندنەوە کوشتمی دواندنی ڕستە شینە نەگوتراوەکانیش
زەینم لێوانلێوە لە جوانیت چوارگۆشەیەکی بەتاڵی سپی شکنابەم
گەمە دەلالییەکانی تیا ئە نجامبدەم
***

ژیان جوانه  پووچیشه بەرەوئێوارەدەچێ لەباخچەی ماڵەوە بەدیاردایکمەوە دانیشتووم
ماوەیەکە جەڵتەلێیداوە لە چیمەنەکە بێچووە پشیلە
ڕەش وسپییەکە لەگەڵ دایکیا یاری دەکا منیش خەریکی چارەسەری سرووشتی
***
سەیری ئەم پەیوەندی و پێکهاتە ئاڵۆزەی نێوان هزروعەقڵ وزمان
بکە ( پۆل ڤالێری ) بەر لە ٧٤ ساڵ لە ئەزموونێك دەدوێ
ئێستا من پێی تێدەپەڕم ( نووسەر لەمێشکیا وشەنا ڕستە دروستدەکا )
سەیرئەوەیە ئەم پارچە پەخشانەش لەزەیندا بەهەمان شێوە داڕێژراوە
***
وتم ( ڕۆمان ئینگاردن ) ڕوومەتی جوانی سۆفیا دەقە
دەکرێ درزەسپییەکانی بە ماچی شین پڕبکرێنەوە؟!
***
بوونی مرۆڤ چەشنی بەرهەمی نووسین دەکەوێتە کردەی ( دەقئاوێزان )ەوە
کەواتە نە  تێکستی پەتی بوونی هەیە نە ڕەگەزی پاك!
***
بڕواناکەم لەم سەرزەمینەفراوانەدا ئاژەڵێك هەبێت بەقەد مرۆڤ سپڵەوخۆپەرست
***
نووسین کردەیەکی خەتەرناکی مەلعونە دەرگاوپە نجەرە داخراوەکانی ژووری عەقڵی
سونەتی دەکاتەوە سەیرووڕەی زەمەن بەبێباکی بەڕێوەیە
من وەك مرۆڤێکی ڕاگوزەر بەسەرگەردانی دەخولێمەوەو ئارزووە سپییەکان
لەتاریکی خوددا بلاّچە دەدەن و لەچرکەیەکی تێپەڕدا
چێژ لە جوانی دەبەم و ڕێتمە ڕەنگاوڕەنگەکانی هزر دەنووسمەوە
***

وتم ( شلايرماخر ) سەیری ئەم یارییە بازنەییە بێکۆتایە
تێگەیشتن شێتی کردم بوون بەرهەمی کردەیەکی تێپەڕی ئیرۆسییە
واتا لەجەستەی زمانایە و لەسەر چرپای شینی ئەزەلدا خەوی لێکەوتووە
حەز لەجەستەی چێژاو لەسەر چرپای سپی خەیاڵی سێکسدا بێدار!
***
جەستەی درەوشاوەی لیا کتێبێکی برۆنزییە لاپەڕەکانی پڕاوپڕ لە حەشیشی شین
تۆبڵێی ( هێرمس ) دەسی بۆنەبردبێ
بەرلەوی ڕووەو قووڵاییەکانی هزر شۆڕبیمەوە
تەنکایی ناونیشان دەرگا داخراوەکانی زەینم ڕووەو خەیاڵ وجوانی و درزەسپییەکانی نووسین دەکاتەوە!
***
وتم ( ڤلهلم دێلتای ) مرۆڤ بەرهەمی دەقئاوێزانێکی مێژووییە
سەرگەردان ونیگەران لەنێو زەماندا دەژی و لەویاش وندەبێت
چالاکییە ئێستاتیکییەکانی جگەلە چنگێ ڕاڤەی شین شتێکی ترنیین
ئارامی وەهمێکی نارنجییەو مەگەر لەماڵی ( زانستەکانی ڕۆح )
و ( ئەزموونی ژیانکردندا ) نیشتەجێبێت
دێلتای ئێستا چیبکەم دواتر چیبکەم گەردیلەکانی
هزری ( هوسرەل ) و گەمە ڕاڤەییەکانی ( هایدگەر ) لەگەڵ ( دازاین ) نا
و دیالۆگەکانی ( گادامێر ) لەگەڵ دەقا شێتیانکردم
سووژەی لەت وکوتکراوم پێم دەڵێ لەنێوان هۆشمەندی وجیهاندا
بۆشاییەکی ترسناکی سپی هەیە و هەرگیز پڕناکرێتەوە
ڕوخساری شۆخێکی بالابڵندی پێست برۆنزی کەوتۆتە

نێو بازنەی مەبەستەوە زەینم بەتاڵ وهەڵواسراو درك بە چێژی جوانییەکی ناوازە دەکاو
سیحری وەسفگەرایی دەنووسێتەوە و پەرش وبلاْو دەبێ !

***

لەوچە هەڵەوەڕێکی ترسناکی درێژدادڕە
جەوت دەگرێ چەشنی فۆرتەچییە سەرڕووتاوەکەی
بەر دەرگای تەوالێتی زانکۆ هەم ڕەچەتەی دەرمانی ساختەی لەگیرفانایە
هەم سەرچاوەی درۆیینی ڕەخنە

***

چیت داوە لە گێڕانەوە گەورەکان و ئایدیۆلۆژیای کوشندە دەقی کراوە بوونەوەرێکی
کۆچەرەو شوناسی نییە لەڕێگەی ئێستاتیکاوە ڕووەو وەرگر باڵدەگرێت ئیرەیی بردن
حاڵەتێکی ئاساییە لەولاتی دواکەوتوودا داهێنان دوژمنی زۆرە

***

مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنهایە بگات بە کەشکەلانی ئاسمانیش دواجار
ئێسکە پەیکەرێکی سپی ئامالزەردی ژێرزەوییە !

***

دەرکەوە بالەبەردەم ڕووناکی گڵۆپە وەنەوشەییەکەدا
چێژ لە جوانیت بەرم و ژیان لەکردەیەکی کەسکی ئیرۆتیکیدا
زیندانی بکەم

***

ئێستا خەیاڵم مەست سووژەم لەت وپەت کراو
لەبەردەم هێشوویەك وێنەی زەینیدا لەتردەدەم و
بەگومانەوە نیگەرانییەکانم دەنووسمەوە
هەستەکان بە پەرپەرچی عەقڵ دەدەنەوە

عەقڵ بەرپەرچی هەستەکان
دەزانم لەم بوونە لەنێووچووەدا هیچ ڕاستییەك بوونی نییە
***
نەست ماڵی شینی ئارەزووە هەست ماڵی زەردی جوانی
لە تۆبۆگرافیای ئەمارەتی بێ کولتووری لیادا
نەست مەست وئازادە نە گەمارۆدەدرێ نە سەرکوتدەکرێ
ئەوێ دەڵێی یۆتۆپیایەکی نارنجییەولەخۆوە سپی دەچێتەوە
تیایدا سووژە لەناکاو دەورووژێ و بەچێژەوە حەزی دەچێتە جەستەی خرۆشاوی ئۆبژەوە؟
***
سیمیۆلۆجیای ڕەشی شیعری کراوە ئیکسیرێکی کەسکی خەتەرناکە
بەدەم سەمای شیعرگەراییەوە پشکۆی شینی وشەی لێدەڕژێ
دەشێ ( هیاتووس ) ی سپی نێوان نەوەکان بە ئیرۆتیکاوهزروخەیاڵ پڕبکاتەوە؟
***
ئاواز لەسەر چرپای سپی بوونا بەخۆڕسکی ڕاکشاوە
بوون لەسەر چرپای شینی زمان خەیاڵی شیعری
هێزێکی ڕەشی بێمۆراڵە بەحەشیشی جوانی ناوازە خرۆشاو
هەم ختووکەی لەشی ڕیتمەکان دەدا هەم حەزەکانی نائاگایی
دەنووسێتەوەو وێنەی لەت و پەتی هزری دەخولقێنێ
***
جووڵەی ڕەشی هەست وغەریزە بەدەوری پیرۆزگەرایی جوانیتا دەگەڕێ
هێندەخرۆشاوە پێیخۆشە لەدرزی شینی جەستەی سپیتاتا
تاهەتایە نیشتەجێبێت؟

کۆمەڵگای مرۆیی لە دارستانە سپییەکانی ئاژەڵە کێوییەکان دەکا
هەرچرکەساتێك یەکێ لەدایکدەبێت و یەکێکی تر تیادەچێت!
***
وتم (گاستۆن باشلار) تێڕامان کوشتمی هێزی بەربڵاوی شیعرگەرایش
دەشێ بوون کرۆکی سپی گوێزێکی هیندی بێت و
بەشەقکراوی بەسنەوبەرێکا هەڵواسرابێ
ئێستا من چی بکەم ؟ بەگۆشەگیری لەبەردەم
کڵپەی شینی مۆمێکی نارنجیدا دانیشتووم و
لەوەهمی زەردی ئاگر وردەبمەوەو زمان لەخۆوە
چەشنی بۆمبێك ستایلەکانی دەتەقێنێتەوەو وڕێنەیەکی ڕەش دەمباو
بەدڵنیاییەوە بۆ خۆم دەدوێم و لە پڕێکا هۆگرییەك دەروونم دادەگرێت
تۆبڵێی لەخەون وجوانییەوە سەرچاوەی گرتبێت پێم دەڵێ:
عیشق چییە جگە لە هۆشمەندییەکی گەردوونی وهەڵوەدابوون
من شێتنیم بەڵام سووژەی لەت وپەتم بارستاییەکە لە نائاگایی
چاوم لێیە ڕستێك وێنەی شیعری لەبەر ڕووناکیا لەجووڵەدان
خەریکە هێدی هێدی لەنێو یادەوەریا پەی بەتوانەوەی خەیاڵ دەبەم!
***
جەستەی بنێس وبرۆنزیت کتێبێکی قەدەغەکراوە
لێوانلێو لە کۆد و دێڕەکانی جوانی و وێرگولەکانی عیشق و
خاڵبەندی ئیرۆتیکا
منی ڕاڤەکاری سەرگەردان دەلالەتی زەینی دەمبا واتای نەگوتراویش!
***
زمان لەشیعردا لێڵە کەچی ئاگری واتا و دەلالەت دەخاتەوە

ڕووناکی کەسکی جوانناسیش؟

***

ئەم بەیانییە بیرم لە پێکهاتەی ڕیتمی شێوەو شەوی قژت
دەکردەوە لە پڕێکا ڕستەیەکی ناوازە ڕووی تێکردم و بەرەونووسینی بردم
نووسین چییە؟ جگە لە دەربڕینێکی شێتانەی هەست ودنیابینی وخەیاڵ
تیایدا واتا و نەو دەلالەتەکان
گوزارشت لە هیچ دەکەن؟

***

دوێنێ (ژیل دۆلۆز) لە دەرما نخانە سەوزەکەی ئەفلاتوونا
دانیشتبوو وڕێنەی دەکرد من بەدزییەوە هەستم لێ ڕاگتبوو
:
کاتێ سووژە بەهزر مەستدەبێ بارستایەك وشەی ڕەنگاوڕەنگ
بەهەست بارگاوی دەکاو ڕووداوێکی ئیستاتیکی دەخوڵقێنێت
زۆرتر لەڕەدووکەوتنەکەی (هێلینا) دەکا؟

***

پەخشان

چەندین جار بەدیار چاوەشینەکانت زمانم لەشەرابی نەستا خووساندووە
شەرابی نەست لەزمانا شیعر گەمەیەکی بێپەیامی بونیادەکانی نائاگاییە
زمان چییە؟ جگە لە فاشیستێکی بێزێدوشوناسی جوان و
جوانێکی بێزێدوشوناسی فاشیست؟

***

لەخۆرهەلاتی ناوین کوشتاروکاولکاری لەئاوخواردنەوە ئاسانترە
ئەوعەقڵە بازرگان وشەیتانییانەی پرۆسەکە بەڕێوە دەبەن

لەمەریخەوە نەهاتوون بوونەوەری هیچ و پووچی سەرئەم زەوییەن
گرنگ ئەوەیە چێژ کاتییەو داهاتوو جگە لە درۆیەکی گەورە
شتێکی ترنییە و چرکەیەکی شاراوە بەڕێوەیە خەونی نەگریسی ئەوانیش
لەخشتەدەبا ئەمەیە عەدالەتی مەرگ

***

لەجیهانی زانراودا زەمەن هێندە تیژتێپەڕبێ
کێ فریای جیهانی نەزانراو دەکەوێ!

***

وتم ( جاك دریدا ) کات تێکستێکی پەرش وبڵاوە
بەدەوری خۆیا دەخولێتەوە دڵتەنگی کارەسات
دەنك دەنك ڤێزەونییەکانی بوون دەژمێرێ ئاگایی بەختەوەریی
حەزی لە زانیین و بەرهەمهێنانی واتا و گەمەکانی دەلالەتەو
پێم دەڵێ: ئامادەگی بەردەوام ئاخاوتنە هەژموونکاری
دەخاتەوە دواتر مەرگ جوانی لێ بترازێ دڵخۆشکەرەو
لەبەردەم جووڵەی تاهەتایەی دالە ئازادەکانا بەڕووتی سەمادەکا و
گریمانە و زانیارییە پێشیینەکان لەخۆوە هەڵدەوەشێنەوە!

***

پەخشان
ڕەنگە ژیان لەخەوێکی برۆنزی زیاترنەبێت
ئێستا لێرە شیعردەنووسی و پێدەکەنی سبەی خەبەرت ببێتەوە
یانا نەزانیت لەکوێیت

***

جیهان لێوانلێوە لە یاری بێهوودەیی
تیایدا هیچ شتێك جێگیرنییە
شاکر لە نێو بازاڕ و گومرگدا
دەخولایەوەو پەلکە شووتی بۆ مەڕەکانی کۆدەکردەوە
ئێسقان بۆ پشیلە بەرەڵاکانی دەوروبەری گۆڕستان
بڕێجار شووتییەکی قیتاوقیت لەسەرسەریا دادەناو
ڕێك دەڕۆیشت دوای ئەم هەموو تەی کردنە لە پڕێکا دیارنەما!
***
چێشتەنگاو لەگەرما سووتێنەرەکە دەربازم بوو
ڕووم کردە ژوورە لاکێشەییەکە و لەسەر کورسییەکی ڕەش
دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساند
بێدەنگیییەکی قووڵ خۆشییەکی سپی دەگەیاند
یەکێ سەرقاڵی مۆبایلەکەیەتی ئەویتر کتێب منیش
چاوم بڕیوەتە تابلۆ هەڵواسراوەکەی قەد دیوارەکە
نیگارکێشەکە دەمێکە دیارنەماوە بیر لە خوێندنەوەیەك
دەکەمەوە بۆ (کڕاکە)!
***
لەبەردەم تراژیدیاکانی بوون زەردەخەنەیەك بەسە
نەتەنها دۆستەکان دوژمنەکانیش
تەرمگەلێکن گیانیان بەبەرداکراوە!
***
من لەگەڵ کەڵکەڵەی خۆما دەژیم شیعر گێژەڵووکەیەکە لە وشە
بە دەوروبەری زەینما خولدەخوا پەخشانی زەردیش!

کاتێ لەجوانی دادەبڕێی خۆت لە پانتاییەکی سپیدا
دەدۆزیتەوەو زیاتر هەست بە پووچێتی بوون دەکەی
***
بوونی مرۆڤ پێکهاتەیەکی زمانییە لێوانلێو لە هەڵچوون
و ئیرەیی بردن و خولیای موڵکایەتی
***
تۆ بەو زەینییەتە داخراوە دەسبە سەرجوانییا بگری
کە مەحاڵە چۆن ڕووبەڕووی هزر و
ڕوانیینەکراوەکانی جیهان دەبیتەوە
***
چەند نیگەرانم نە چێژی جوانی شێوەت چارەم دەکا
نە دەرمانی فارماکونی زمان
***
دوای نەمانت ژیان چییە؟
جگە لە مەینەت و گاڵتەجارییەکی سپی
***
شیعر گۆرانییەکی بێشوناسی ئۆنتۆلۆژییە
نە پێویستی بە شیکارییە نە پیاهەڵدانی فۆرتەچییەکان!
***
هەرگیز شێوەی سەرەڕووتاوەکەی
ئەو دکتۆرە ڕووکەشگەراو فۆرتەچییەم بیرناچێتەوە
ناوی هەرکتێبێکت بهێنایە دەیگوت بەڕاستی عەزیمە
دەتزانی لەژیانیا کتێبێکی تەواونەکردووە!

مالّی عیشق بەخشتی جوانی هەڵچنراوە
مالّی جوانی بەخشتی ئاگر
***
هەرچەند لە شیعری نوێدا جیهانی تایبەتی ڕۆبنریٚ
زمان بە پیٚکهاتە فاشییەکانی هەڕەشەی ئیستاتیکی لیٚ دەکاو
لەنیٚوان واتاو بیٚواتاییدا بەهەڵپەسیٚراوی دەمیٚنیٚتەوە
ئیٚستا لەسەرکاشییە ڕەش وقاوەییەکەی ژوورە زەیتوونییەکە
لەسەرپشت ڕاکشاوم و کتیٚبی ( کەوتنی ئاسمانەکان ) م لەژیٚرسەرایە
هەردووقاچم خستۆتە سەر دەسکی قەنەفە سەوزەکە
بای سپلیتەکە لەدەم وچاوم دەداو هەست بە خۆشییەکی  فیٚنك
دەکەم و چیٚژ لەدەنگی پڕنەشئەو پیرۆزگەرایی ( زولیٚخا )
دەبینم و جارجارە خەیالّم دەڕواو بیرلە توندوتیژی وەرزەکان و
خیٚراڕۆشتنی کات و چەمکی هەست وچرکەوڕیٚکەوت دەکەمەوەو
دەنگیٚك لەناخەوە پیٚم دەڵیٚ ژیان چییە؟
جگە لە ڕووداویٚکی زەرد و ژاوەژاویٚکی شین و بیٚدەنگییەکی سپی
دەزانم ساتیٚك بەڕیٚوەیە مرۆڤ تیایدا خۆی لەباریٚکدا دەدۆزیٚتەوە
هەمووشتیٚ ڕووی لەکۆتایە!
***
بەوقرچەی گەرمایە گۆڕستان هەڵمیٚکی سپی لیٚ هەڵدەستیٚ و
بڕواناکەی ئەوهەموو خەڵکە مالاّواییان لە ژیان کردبیٚ
***
شەوان گزنگی خۆری ڕوخسارت سیستمی لیٚلّی زمان
ڕۆشندەکاتەوە بەیانیان دالاّنە تاریکەکانی کات

چەند ئەستەمە بەهەست وهزرو خەیاڵ
یاری بەخودی وشەبکەی و شیعرگەرایی خێسەت لێ بکا
***
خودایا چی هەیە لە بوون پووچتر بەم ئێوارە درەنگە
ئاسمان خۆڵەمێشی دەچێتەوەو لەبەردەم گۆڕی ئازیزێکم وەستام و
چەپکێ بخوورم سووتان با لێنەدەگەڕاو یاری بەئاگرەکە دەکرد
کاتێ سەرم هەڵبڕی ئەوهەموو کێلە سپییە بێئەژمارە
دەڵێی دارستانی ئێسقانە
تۆبڵێی ئەمانە ڕۆژگارێك لەسەر ئەم زەوییینە ژیابن
***
ئەم هەموو هەڵپەیە لە پای چی دەشێ
ژیان پەڕینەوەیەکی شێن بێت لە پانتاییەکی زانراوی
ڕەنگاوڕەنگەوە بۆ پانتاییەکی نەزانراوی سپی
***
نازانم لەسەمای بێهوودەیی دەستەواژەدا
خانەکانی زەینم لەجووڵەدان
یاخود مێشەنگەکانی وشە لە گوزارشت
چ کردەیەکی ناخودئاگای شێتئەنگێزە
***
ئەگەر جێگۆڕکێ بە شەپۆلە شیعرییەکانی حەجم وزمانی بکەین
ڕەنگە ( ڕوئیایی ) و( بەراهنی ) لەبەر قاپی ( هایدگەر ) دا
بەمەستی بوەستن و بەیەکەوە گۆرانییەکی شینی ئۆنتۆلۆژی بچڕن
***

من ڕاڤەکارێکی نیگەرانم لەبەردەم دەقی ڕوخسارتا
هۆشم لەدەسدەدەم و تەنیا نەشئەی حەشیشی جوانیت دەنووسمەوە
***
ئێستا ژیان لەژێرباری قورسی گێڕانەوە گەورەکاندا دەناڵێنێ و
مرۆڤ خەریکە وردەوردە گێڕانەوە بچووکەکان لەدەستدەدا
***
وەرە ئەم هەموو گەمژەونەگریس وسەگ وسواڵە قێزەونە
پێت بوەڕن تۆیش بەگیانێکی بێموبالاتی و بەچەند
تێکستێکی ئێستاتیکی ڕووبەڕوویان ببیتەوە
***
کاتێ دەسەڵات هەژموونی حیکایەتە گەورەکان دەسە پێنێت
لەڕێگەی زنجیرەیەك پەیوەندی هێزەوە
جیاوازییە جوانەکان لەنێودەبا ئازادییەکانی تاك و
گێڕانەوە بچووکەکان و پێکەوە ژیانیش
***
شیعر لەنێوان گوتن ودەرکەوتندا دەدرەوشێتەوەو
لەخۆوە ئاماژە بۆ بوون دەدا
لێگەڕێ لەبەردەم ڕوخساری برۆنزیتا بیرکردنەوەکانم
بە تێڕامان بنووسمەوە تێڕامانەکان بەبیرکردنەوە
ئەگەر لای ( گادامێر ) شیعرو بیرکردنەوە بەیەکەوە
( بوون ) دەگەیەننە (ماڵی زمان )
من دەمەوێ ( جوانی ) لەویا نیشتەجێبکەم
ئاخر بوونی وشك بەبێ چێژی شینی جوانی جەستەت

چ بەهایەکی تەڕی ئیرۆتیکی هەیە

***

سووژەی مەستم لە هیچ جوانترە

لە نەبوون قیزەونتر لە ( جیهانی ژیان ) دا

بوونێکی نیگەران و بڕاوە

لە پەیوەندییە ئالوگۆڕییەکەیدا لەگەڵ ئۆبژە

چێژ لە نەشئەکانی زمانی جەستە دەبینی

لەو پرشنگە شینانەش کە وەك خەتەرناکترین

بەخشش لە هزرەوە دادەڕژێن

***

شیعر خووبە وشەوە دەگریٚ من بە شتگەل

دەمێکە ئولفەتم بەعەلاگەی ڕەشەوە گرتووە

دەمە وعەسران کاتیٚ لەشەقامی شۆڕش

بیرەو ویسکی وچپس دەسەنین دوای مەستی

لەگیرفا نمی دەئاخنم بەیانییەکەی بەخوماری

لەزبڵدانە پلاستیکییەی هەڵدەکێشم

و دەزانم دواجار بوونی مرۆڤ جگە

لە چنگیٚ خۆڵی سپی شتێکی تر نییە

***

لە پانتایی کەسك وسووری جیهانی ژیاندا

خەو مەرگێکی بەدەنگەدەنگی سپییە

مەرگ خەوێکی بێدەنگی ڕەش

***

بەرەوئێوارەدەچیٚ لەبەرزاییەکانی ( کەسنەزان )
بەخەمباری دانیشتووین مانگ بەسەرمانەوە نیوەی بوونی دەرخستووە
سرووشت بە پووش و پەلاشەوە زەرددەچێتەوەو
هەستێکی نامۆ داگیرمان دەکا شووشەکان بەبەتاڵی دەدرەوشێنەوە
ڕەنگە ژیان خۆی لەئاهەنگسازییەکی سپیدا بدۆزێتەوە
هاوڕێکەم لە لاهووت دەدویٚ و بەدوای جوانییەکانی پەروەردگارا دەگەڕیٚ
من لە شیعروهزروخەیاڵ کاتیٚ چاولەمانگ دەبڕین
بەیەکەوە پێدەکەنین و لەبەردەم کردەی ڕاڤە و دەستەبەرکردنی
واتادا واقمان وڕدەمێنیٚ
***
جوانیت بتلێك هزری جیوەییە عیشقت واتای دواخراو
بوەستە بەم کۆستمە کەسکە بە پیت چنراوە
گەلێك جوانی بەڕووتی جوانتر
***
کودەتای زمانەوانی نا
دەشیٚ شۆڕشی نوێی زمانی شیعری سەرەتا
بەدوورخستنەوەی وەسفگەرایی و وەلانانی ئاوەڵناوەوە دەسپێبکا
پاشان پاکردنەوەی دەق لە تۆخمی ڕەوانبێژی
***
بیرکردنەوە گرنگە تێگەیشتن و لێکدانەوەی پرسەکان گرنگتر
مرۆڤی ڕۆژهەلاتی بوونەوەرێکی هەڵچووی سادەی ئاڵۆزە
ئاڵۆزی سادە هێندە حەزی بەئاژاوەیە
هەرزوو ڕای خۆی دەردەبڕیٚ و پاشان پاشگەزدەبێتەوە

ئەی جوانی پەتی فریام بکەوە چی لەو دانتێلا شەکەرییە بکەم
بالآی برۆنزی بەشێوەیەك پۆشیوە چێژ وئارەزوو شەڕیانە
***
مردم ئەوەندەی هەست وهزرم بنووسمەوە
جوانیت چ ئاگرێکی شینی بەرداوەتە کێڵگەی وشکی زمانەوە
***
زۆرجار لەبەردەم جادووی چاوەکەسکەکانتا
شیعری شین دەنووسم بڕێجار شیعری زەرد
***
نازانم لەبەردەم جوانی بالآتا چۆن
سووژەی پارچە پارچەکراوم کۆبکەمەوە
***
دوێنێ بەکۆستەرێك وشەوە ڕووم لەباغی جوانیت کرد
بەشیلەی سێوەکان مەستبووم و ڕستەیەکم پێ نەنووسرا
***
ژیان چەند چرکەیەکەو بەسەردەچێ ڕۆشتین و گەیشتینە ( باغی سەما )
لیا لەویا کۆستمە زەردەکەی بەری هەڵدایە سەر سنەوبەرەکان و

قەیفە ئاڵەکەی پۆشی گوتم ئێستا فرەجوانی
ملپێچە ڕەشەکەش لەگەردنت بئاڵێنی جوانتر
***
من ڕاڤەکارێکی شێتم لەبەردەم پرشنگی چاوەکەسکەکانی لیا
چەندین دەقی کراوەم نووسیوە چەندین دەقی داخراویشم هەڵوەشاندۆتەوە

## ليا

كۆستمێكی شەكەری لەبەردابوو لەبەردەم كتێبفرۆشییەك وەستابوو
دەتگوت پەیكەرێكی تەنكی برۆنزییەو دەدرەوشێتەوە
گۆڤارێكی شینی بەدەستەوە خۆر یاری بە ئاڵتوونی قژیا دەكردو
حەڵوایی دەچۆوە وچاوەزەردەكانی عیشقیان تیا دەگەڕا
بەگریشمەوە ئاوڕێكی لێدامەوە ئێستاش بە عەتری جل و
لە نجەی ڕۆشتنی مەست وماخۆلیام

***

ئایدۆلۆژیا كارگەی بەرهەمهێنانی
بوونەوەری ژەهراوییە

***

شیعر وروژاندنی دەنگە ئەفسووناوییەكانی وشەیە؛

***

هزری پەرشوبڵاوم حەزی بە جۆراوجۆركردنی بابەتەكانە؛

***

ئەوە ئیستاتیكای دەنگە ختووكەی لیبیدۆدەدا!

***

ژیان سازاندنی دیالۆگ و ململانێ و بەریەككەوتنی
پرسە دژبەیەك و جیاوازەكانە ؛

***

شیعر بە وروژاندنی هزر و گوزارشت و جووڵەو
وێنەو هێماو هاوارو ڕیتم وبێدەنگی و پشودان
پشێوییەكانی ژیان شیكادەكاتەوەو بەشێوازێكی ئەنارشی

ڕووبەڕووی نیگەرانی و مەینەتەکان دەبێتەوە!

***

شیعرگەرایی وابەستەی وزەی وشە و

هەڵدانی ناوکۆییە ناوازەکانی ڕستەسازییە!

***

جوانی هێزێکی برۆنزی ڕۆحپڕووکێنە

لە ماڵی شینی عیشقدا نیشتەجێ!

***

جوانی هێزی دییەیتی شیعرە!

***

بوونی نیگەرانی مرۆڤ لەنێوان هێزی هزر و

دەسەلاتی جوانیدا سەرگەردانە

هزر یاری بەزمان دەکاو پرشنگی شیعری لێدەکەوێتەوە

جوانی یاری بەعیشق و پرشنگی چێژ

***

نەک تەنها جەستەی بنێس وبرۆنزی ( لیا )م خۆشدەوێ

عاشقی چرپا سپییەکەوشەوکراسەنارنجییەکە و

پەردەکوللە شینەکەو پابووجە زەردەکەیشم

چاوەکەسکەکانی خۆشییەکانی ( جیهانی ژیان )م پێ دەنووسن

لیا مەستی عیشقە من مەستی جوانی

لەشەقامی ( چراخان ) دەست لەنێودەست بەهەڵکردنی چراکانی

شیعرو ئیرۆتیکا دڵی شەومان داڕمان

دەتگوت جەستەیەکە لە پەشمەکی حەڵوایی

لەباوەشم دەتوایەوە هاوارم کرد خودایا
ئەوەی بەشەرابی جوانی مەستنەبێت
چۆن شیعری پێ دەنووسرێت
***
( دازاین ) ماڵی ڕاستەقینەی نەبوونە
گەمەسپییەکانی کات لەداهاتووی شینەوە سەرهەڵدەدەن و
ئێستا دەکەن بە ڕابردوویەکی زەرد
سبەی ودووسبەی و سێ سبەی
ڕۆژێ دادێ لەجیهاندا نەماوی
***
بوون کاتە لەجەستەدا نیشتەجێیە
برِێجار جوانییەکانی دەردەخا زۆرجار قێزەونییەکان
***
تەماشای ئەم گەمە فەنتازی ونەبڕاوەیە هێزی نادیاری میتافیزیکی
لەجیهاندا نیشتەجێیە و سەرقاڵی تۆڵەسەندنەوەیە لە ستەمکار
***
جوانی چەند لە میهرەبانی دەکا چرکەیەکی
خۆشنوودییە و بەدەستناگیرێ
***
لەم جیهانە ناجێگیرەدا بوونی مرۆڤ
لەچرکەیەکی تێپەڕ زیاترنییە
***
کاتێ ناوت دەبەم جوانیت ئاهەنگسازییەك دەخوڵقێنێ

لەخۆشی بەرەبەیانی جەژن دەکا

***

کۆستمە تەنگەکەت چ چێژێکی لێ دەبارێ
نازانم جەستەی برۆنزیتم لەباوەشە
یاخود لەتە مۆسیقایەکی شەکەری

***

لێگەڕێ سینەی برۆنزیت بە پەخشانی شین بنەخشێنم
گەردنی زراڤت بە پەخشانی زەرد گازەرای پشتت بە شیعری سپی

***

چەند خۆشە لە نجەی بالآت بەدەست بگیرێ
درەوشانەوەی ئالتوونی قژیشت

***

ئەبەدیەت گەوزاندنی بالآی تەنك وبرۆنزیتە
لەسەر چرپای شینی ئەزەل

***

زۆرجار ڕێکەوت بەختەوەری لێدەکەوێتەوە
برێجار چەرمەسەری مەبەستم
مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆشباوەڕی چێژوجوانی پەرستە
کاتێ ناخودئاگای مەستدەبێ ئارەزووەشاراوەکان هەڵدەچن و
بوون واتاکان لەدەستدەدا و بیرکردنەوە
هیچ شتێك بەرهەمناهێنێ و بیرلەئاکامی پێشبینییەکان
ناکرێتەوە وەرە بڕوات بە ( جیهانی ژیان ) بمێنێ
ئەڵماس وئاسکۆڵ لەسەر تاتەسوورێك ڕاکشاون

ئاسۆ تۆبڵێ زەینەڵ بیرلەگوناهەکەی دەکاتەوەو
بەدیاریانەوە دەگری زولێخای چاوباشقاڵ
جووتێ کەوشی شینی بریقەداری لە پێیەو
هەڵتەك هەڵتەك دەگەڕێ جا چۆن ئاسمانەکان نەکەون
***
جوانیت لە ئاگاییمدا نیشتەجێیە
سەلاریت لە نائاگاییم
***
زۆرجار چێژی جەستەی
کچێکی چاوکەسکی سپی دەنووسمەوە
بڕێجار چێژی جەستەی ژنێکی چاوزەردی ئەسمەر
***
ئەوکچە چاوکەسکە حەڵواییەم لەگەڵ بوایە
چیم دابوو لەم هەموو کتێب وڕاڤە و کردەی نووسینە
***
ئەی وشە چەندخۆشە ڕۆحی جوانیت بەبەردابکرێ و
لەشەوێکی ئەنگوستەچاودا بەمەستی گۆرانی
بۆ بەرەبەیانەکانی بێواتایی بوون بچڕین
***
عیشق دیالۆگێکی ئاڵە لەگەڵ
دەقی جوانیا ئەنجام دەدرێت
***
دڵم لەم ( جیهانی ژیان )ەدا لە هێلکەیەکی وشترمورغ

زیاترنییە چەشنی زمان لەخۆوەدەدوێ و
پێم دەڵێ: لەم هەموو ڕاکەڕاکە بێواتایەی بوون
چیت بەچی کرد جگە لە دۆزینەوەی
دوودۆستی ڕاستەقینە
CRESTOR
کە ئێستا ئالوودەی تواندنەوەی چەورییەکانی خوێنمە
DIOSTAR-PLUS
شلکردنەوەی
***
دڵ کە کانگای ئەڤینە لە هێڵکاریدا ئارام
لە ئیکۆدا هەڵدەپەڕێ لە قەستەرە هەرمە پرسە
***
شیعر هەست وهزر و ئەندێشە وشێتییە
لەسەر جوانی دەگیرسێتەوە و دەسدەکا بە ڕاڤەکاری
***
پێکهاتەی ڕوخسارت بەرەو وڕێنەی ئیستاتیکیم دەبا
لە نجەی جەستەت بەرەو خەیاڵی ئیرۆتیکی
***
دنیا ئەوە ناهێنێ بەخۆشییەکانی بنازی
چارەنووسێکی شاراوە بەرێوەیە لێکدانەوەی بۆ ناکرێت
***
خەفەت ڕەشەبایەکی شێدارە لەکێوە وشك وسپییەکانی دەروونەوە
هەڵدەکاو بیرکردنەوەکان دەشێوێنێ هەست وروانینە
ئیستاتیکییەکانیش

ئەڤین بەزمانم دەبەستێتەوە جوانی بەشیعر خەیاڵ بەئیرۆتیکا
هەست بەکولتوور هزر بەدنیابینی چێژ بەئارەزوو بوونی بڕاوەم بەجیهان
***
ئێوارە لە باغە زەردوداخراوەکەی ئە پیکۆرۆس
ئۆرفیۆس موزیکی دەژەنی و لیا بەعەزیبەشینەکەی بەری
چێژی لێدەباری هێرمس لەتری دەدا من شێتبووم
لەبری ئەوەی دەقێکی کراوە بخوێنمەوە
هاوارم کرد سۆفیزم قۆناخێکی سۆزئامێزە
سووژەی پۆست تێیدە پەڕێنێ و یاری بە
گەردیلەسپییەکانی هزردەکا
***
دنیا درۆیەکی ڕەنگینە ماوەیەکی دیاریکراو دەژی و
دواتر چەشنی چۆلەکەیەکی سپی بەرەو ئە تمۆسفێرێکی نەزانراو
لەشەقەی باڵ دەدەی
***
نیوەڕۆ گەیشتینە دەروازەی ( هێران )
کاتێ سەرم هەڵبڕی گۆڕستانێکی سپی بەسەرگردێکی زەردەوە
دەدرەوشایەوە دەتگوت قابێك ئایسکریمە و لەدەستی شۆخێکەوە
بەربۆتەوەو کەس تاقەتی نییە ئاوڕێکی لێ بداتەوە
***
کچەجوانەکان چلچرای ڕەنگاوڕەنگن
شەوەسپییەکانی جیهانی ژیان ڕوناکدەکەنەوە
***

چێشتەنگاو لەباغی ( میران ) پشوومان‌دا
هاوڕێکانم دوای نۆشینی عەرقی لوبنانی بەسوێسکەی کولاو
لەحەوزەجوانەکە مەلەیانکرد و گۆرانیمان گوت ژیان چەشنی
لەتەکریستالێکی ڕەنگاوڕەنگ لەبەرتیشکی خۆرا دەبرسکایەوە
من دەزانم ( جیهانی ژیان ) تاسەر بۆکەس نییە
خودایا ئێستا چیبکەم دڵم بەشێوەیەك لێیدەدا
دەتوت لێوانلێوە لە عیشق وشیعروتاسە
ناچار دەنکێ ئەسپیرینم قووتداو ( هیران ) لەبەرچاومدا
چەشنی کەشتییەکی سپیی ئاسمانی دەهەژایەوە
***
مرۆڤ زۆرجار بۆ دڵنیایی دەروونی ئەفسانەیەکی زەرد دەخوڵقێنێت
عەلی هەرکاتێ بچۆبایە گۆڕستان دەیگوت
ئەو بولبولە ڕەشەکلك نارنجییەی بەسەرکێلەکانەوە هەڵدەفڕێت
پاسەوانی گۆڕی باپیرمەو بەردەوام بەسەر قەفەسەوزەکەیا
دەچریکێنێ عەلی دوێنێ مرد بڕواناکەم قەلەباچکەیەکی سپیش
بەسەرمەزارەکەیا بخولێتەوە
***
شیعر گەمەیەکی سیمیۆلۆژییە لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزی
زمانیدا خۆی دەدۆزێتەوە جوانی گەمەیەکی هەستی
لە پەیوەندییەکی سادەی ئیرۆتیکی
***
ژیان چییە جگە لە هەتاو و سایە لەژێر هەر
پێکەنینێکا مەینەتێکی شاراوە نیشتەجێیە

تەواوی ژیان لە عەتری سرکەییەکەتا نیشتەجێیە
سروەیەك بەسە چرکەکانی خۆشی و ناخۆشیم بیر بخاتەوە
***
جیهانی ژیان وێڕای خۆشی وجوانییەکانی
لەسەرەنوێڵکێکی گەورە زیاترنییە
جەستەنازپەروەرەکان سەرەتا لەوێوە بۆگەندەکەن
***
هەرچەند ئە تمۆسفێری نوێ لەزماندا دەکەمەوە
جوانیت نوێتر دەردەکەوێت
***
تەنووربانێك وشەم هەڵڕشتە سەر کاغەز
لە( مەدلول ) م دەڕوانی و لەگەمەکانی ( دەلالەت ) دەدوام
***
من عاشقی زانینم چونکە بەدوای واتای جوانی بوونتا عەوداڵە
***
شیعر هزرە دەشێ عەقڵی شیعری
لەڕێگەی زەیتی زانین و هەست و بیرکردنەوەوە
نوێببێتەوە ئەگینا لەئاستی سونەتیدا بمێنێتەوە
دروشم و ژەهری ئایدیۆلۆژی بەرهەم دەهێنێت
***
خۆت دەرخەی مونادەکانی گیانت بەسەر لیبیدۆی جەستەتا
دادەڕژێن و جیهان لەخۆوە گۆرانییەکی ئیرۆتیکی بۆ بوون دەڵێ
***

لەم یۆتۆپیای بوونەدا مەگەر جوانی تاتووکانی سەرجەستەت
درزەکانی بوونم بەرەوتەواوکۆیی بەرێ
***
زمان لەبەردەم جوانیدا کلۆڵە
***
جوانی هەڵوەدای شیعرگەرایی جەستەیە
***
جوانی جووڵەیە و سەنتەری بیرکردنەوەی سونەتی هەڵدەوەشێنێتەوە!
***
ئیرۆتیك شیعرگەرایی بەشوێن دەبەخشێت
***
نووسین بەندکردنی هزر و جوانی و ئازادییە لە فۆڕمێکی تایبەتیدا!
***
ڕەنگە ئاگایی لەبیرکردنەوەدا نیشتەجێبێت
بیرکردنەوە لەئاگایی
***
جەستەی شیعر لەژێر زەبروزەنگی کۆمەڵگادا دەپووکێتەوە!
***
لێگەڕێ با توندوتیژییەکانی ژیان بنووسینەوە زەبروزەنگەکانی مەرگیش!
***
جوانیت بوونێکی بێبنەڕەتی لەمەبەست بەدەرە
***
نە بوونت بەدەست دەگیرێ نە جوانیت

جوانیت هێزێکی کپ وبێدەنگە یاری بە
دەلالەتەکان دەکاو واتاکان دوادەخا
***
دەشێ بوونی برۆنزیت لەهیچدا نیشتەجێبێت
جوانی شەکەریشت
***
ویستم بەزمانێکی سادە لەفۆرمی ئاڵۆزی بوونت بدوێم
جوانیت لەخۆوە زویربوو
***
فۆرمی بوونت لەجوانیتدا نیشتەجێیە
فۆرمی جوانیت لەبوونت
***
جوانیت جووڵەی بیرکردنەوەی سەربەستمە
دۆگمای لێکدانەوە هەڵدەوەشێنێتەوە
***
کێ دەتوانێ لەبەردەم جوانیتا چاوی بگرێ تاڤگەیەکە لە ڕەنگ
***
جووڵەی شینی ناو ئاگامەندیت جوانە
جووڵەی جەستەی سپیت جوانتر
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی نیگەرانە و لەنێوجیهاندا
یاری بە فۆڕمە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئاگایی دەکاو
درزە سپییەکانی بوونی پڕدەکاتەوە

نەبوون تارماییەکی ڕەشە بەدەوری بوونی سپی وبەتالاّ
دەخولێتەوەو هەڵوەدای پڕکردنەوەیە

***

کاتیٚ جوانیت ئاوێتەی بوونم دەبیٚ زۆرتر درك بە نەبوون دەکەم

***

جوانی جەستەی برۆنزیت بەشێکە و لە ( بازنەی هێرمنیوتیکی ) دا
گشت بوونی سپیت پێم دەناسێنیٚ

***

ژیان گەشتێکی کاتییە مەرگ هەمیشەیی
تەماشاکە دوای نەمانی ( عەتار ) ی خاوەن سیمرغە سوورەکانی
ئەڤین کە هەڵدەفڕین و بەدەوری خۆری شینی پەروەردگارا دەخولانەوەو
پەڕوباڵیان دەسووتاو دەبوون بە یەك سیمرغ
سەدان عەتاری تر هاتن و سەریاننایەوە

***

جوانیت ڕووناکییە بەدەرکەوتنی زەینی تاریکم بەرەو
( هەڵواسینی سرووشتی ) دەباو لەهەموو پێشبیرێك خاڵیدەکاتەوە

***

ڕوخسارت ئاسۆیەکی نوێیە جوانی بەجیهان دەبەخشیٚ و
بەدەرکەوتنی هەستدەکەم لەکات وشوێنێکدا بەئارامی نیشتەجێم

***

بەدیارنەمانت چەنیٚ دڵنیگەرانم

***

من لەناوجیهاندا دەژیم و لەویاش لەناودەچم

حەزدەکەم بەهێزی جوانیت سەرجەم کەل و پەلە بەردەستەکان
بەرەو شیعرگەرایی بەرم
***
بەم گەردوگوڵی بەیانە لەدەرگای زەردی ماڵی شینی ( هێرمس ) م دا
بەچەپکێ گوڵی سووری هێرمنیوتیکی پێشوازی لێکردم
ویستم گوڵێ بدەم بە عیشق جوانی لەخۆوە تۆرا
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕاڕاولەنێوچووی مێژووییە
بڕێجار هەستی ناخودئاگا لەلای دەگاتە ئەوپەڕی هیچ و پووچی
***
ڕۆژنییە جیهان لەجوانیتدا بەجۆرەها شێوە خۆی دەرەنەخا
***
جوانیت جووڵەیە لە کاتی ناو ئاگامەندیم دەکا
***
لەخۆرهەلاّتی ناوین هەرچەند جوانی بەرهەمبهێنیت
دۆگما و پاسەوانە ناشیرینەکانی ڕۆشنبیری زۆرتر دژایەتیت دەکەن
***
زەردەپەڕ لەگەمەی ئەبدییانەی ناکەوێ بەتیشکی پرتەقاڵی
شاری خامۆشان ڕۆشندەکاتەوە خامۆشەکان بێباك
نەچاوەڕوانی شەو دەکەن نە بەرەبەیان
***
ویستم لەبەردەم جوانیتا بوونم وێنابکەم عیشق بڕستی لێ بڕیم
***

مرۆڤ چۆن فرێدراوە ئاوا شتگەلەکان فرێدەدا

***

هەڵەوەڕیی خەسڵەتی بێزارکەری عەقڵی دۆگما دەگێڕێتەوە

***

ڕەنگە شیعر بکەوێتە نێوان چرکەکانی دڵخۆشی وخەمبارییەوە

***

نازانم جوانیت لەکەیەوە ئاگرێکی شینی خستۆتە دڵمەوە

ئێستاش پێی دەناڵێنم

***

جەستەت فرە جوانە بڕواناکەم دۆنێك هەبێت

شایانی لاشەگۆڕینت بێت

***

لیا جوانە دوودڵێشە لە ڕوانگەی ( هیچ ) ەوە چەمکی

بوون ونەبوون شیدەکاتەوە

***

بەرلەوەی مردن کۆتایی بە پرۆژەی شیعریم بهێنێت

حەزدەکەم لەسەر جەستەی برۆنزیتا بنووسم دواجار ئێمە تەنیاین

***

شیعر دەقێکی میوزیکئامێزی فەلسەفییە

حەزی بە دەربڕین و ڕوانینە

***

جوانیت هێزێکی گەڕۆکی سپییە

دەمێ لەنێو ئەندێشەدایە دەمێ لەنێوبیرکردنەوە

جوانیت لەتە موسێکی شینە فۆڕمی سپی ئاگامەندیم
پارچە پارچ دەکاو بابەتەکان لەبیرکردنەوە دادەبڕێ
***
( ویست ) م لەبەردەم فۆرمی جوانیتا جگەلە لەتەمۆسیقایەکی
زەردی پەرش و بڵاوشتێکی تر نییە
***
کاتێ جوانیت دەخزێتە نێو ئاگامەندیم
دەرەوە خێسەم لێدەکا
***
چی لەو هەستە شێتە بکەم
حەزدەکا بەردەوام گەمارۆی جەستەی برۆنزیت بداو
لەچێژێکی حەڵواییدا تەفروتونا بێت
***
کاتێ جەستەی سپیت لەخەیاڵدا دەردەکەوێ
ویستم لەئاگری چێژدا دەتوێتەوە
***
چێژبردن پنتی ئارەزووی ئاوێزانبوونی ئەوساو ئێستایە
***
مەگەر جوانی شێوەت
واتا بە بێهوودەییەکانی ژیان ببەخشێت
***
ویستم جوانی ڕوخسارت بکەم بە دانتێلایەکی پرتەقاڵی
و بیکەم بەبەرتا عیشق هەڕەشەی لێکردم

لەخۆرهەڵاتی ناوین بێبنەڕەتی دەسەڵات
لەوەیا دەردەکەوێت وێڕای ئەوهەموو دەسگای هەواڵگری
و تیمی بکوژ و زیندانی شاراوە و کرێگرتەییەی لەچالاکی تاکێك تۆقیوە
***
شیعر لەچەمکی ئازادییەکانی تاك دابڕێت کۆیلایەتی دەنووسێتەوە
***
بیرکردنەوەم پڕە لە جوانیت جا چۆن بتوانم بابەتێك شیبکەمەوە
***
ئەوەی شەرابی شەکەری جوانی حەڵوایت بنۆشێ
ڕەنگە لەشەقامە شینەکانی شاری عیشقدا لەتربدا
***
عیشق چییە جگە لە گرفتاربوون جەستەی سپیت لەنێو
زنجیرەیەك پەیوەندی هێزی جوانیدا دەدرەوشێتەوە و
هەست و چێژ و ئارەزوو تێکەڵ بەیەکدەکا
***
شیعر بوونەوەرێکی نیگەرانی زمانییە چۆن
لەماڵی شینی بیرکردنەوەیدا ( نۆمینە )ی
فۆرمی جوانیتی دۆزییەوە
***
شیعر زمانە هزروجوانی لێبترازێ بڕوای بەهیچ نییە
***
شیعری بێ شیعرگەرایی چەشنی جزدانی بێ پووڵ وایە
***

جوانیت ئاخڵەی مانگی شینی هۆکاری یەکەمە

تیشکی ڕەنگاوڕەنگی پیرۆزگەرایی لێ دەڕژێ

***

کاتێ جوانیت خۆی دەردەخا بوونی شیعر دادەڕمێ

***

هەڵەوەڕ لەژوورێکی بچووکدا بەندبکرێت

حیکایەتەگەورەکان بۆ دەرگاو پە نجەرە دەگێڕێتەوە

***

بەم گەردوگوڵی بەیانە بەدەرکەوتنت

سەرا پای هەستم داگیرسا نازانم جوانیت

فینۆمینەی جەستەی لاوازوبنێستە

یاخود جەستەی لاوازو بنێست فینۆمینەی جوانیت

***

ئەی جوانی خۆت دەرخەو بوونت ئاشکراکە

زمان خەریکە بەدەست فۆڕم وواتاوە دەناڵێنێت

***

ئێستا قاچێکم لەنێو لمی سرووشتە قاچەکەی ترم لەئاوی مێژوو

ئاگامەندیم مەست وهزری سپی لێ دەڕژێ و منی نیگەران

لەنێوان هەست وبیرکردنەوەدا گیرم خواردووەو نەلە

فینۆمینەی جوانیت دەگەم نەلە نۆمینەی بوونت

***

گوتم لیا جوانیت ڕووناکییە بانگەشە بۆ فینۆمینەی فۆڕمی

خۆری بوونت دەکا کەتا ئێستا خۆی دەرنەخستووە

ئەی جوانی بەهەرجۆرێ خۆت دەرخەی
هەست دادەڕمێ و زمان دەلاڵێتەوە
***
شیعری نوێ چەشنی ( فرانزبرینتانۆ )
بەرگی کەشیشی داکەندووەو بە کابۆیەك و تیشێرتێ
لەشەقامە شینەکاندا دەخولێتەوە و پێدەکەنێ و
بەدوای واتا فرەچەشنەکانی بوونا دەگەڕێ
***
( فرانز برینتانۆ ) لە گۆشەگیریدا بەنیگەرانییەوە
تۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانی بوونی هەڵدەدایە نێو سەبەتەی زەردی جیهانەوە
***
هزرە فینۆمینۆلۆجی و ئۆنتۆلۆجییەکانی
( فرانز برینتانۆ ) خوێنن لە دەمارەکانی
جەستەی ( هوسرڵ ) و ( هایدگەر ) دا دەگەڕێن
***
گوتاری شیعری چییە جگە لە نیشتمانی جوانیت
***
شیعری پۆست بەهێزەکانی هزر عەقڵی
سێنترالیزم و دەستەبژێری هەڵدەوەشێنێتەوە و
لەشەقامە ڕەنگاوڕەنگەکانی جیهانی ژیاندا
چێژ لە جوانی جەستە و فرەچەشنی و
ئازادییەکانی تاك و بیروڕای جیاواز دەبینی
***

جوانیت بەشێوەیەك بیرکردنەوەمی داگیرکردووە
توانای ئاوڕدانەوەیکی دەرەوەم نەماوە
***
جوانی ڕوخسارت لەدەسنووسە هێماییینەکانی
( هوسرڵ ) دەکا جگەلەچێژ واتا و بەهاکانیم پێ دیاری ناکرێن
***
دەرگاکانی گفتوگۆ دامەخە هزر لە دۆگماگەرایی جوانترە
***
کاتێتی مرۆڤ لە کاتێتی ئەزموونە
زمانی وئێستاتیکی وسێکسییەکانی بەدەرنییە
***
باوەڕ لەماڵی ڕەشی ئایدیۆلۆجیادا نیشتەجێیە
ئایدیۆلۆجیا لەماڵی سپی باوەڕ
***
عەقڵی کراوە بڕوای بە دیالۆگە عەقڵی داخراو بە خۆسە پاندن
***
زانین ژیان ڕووناك دەکاتەوە هزریش
جەهل کارەساتە لە پایتەخت لای
حەلاقێکی گە نجی نەخوێندەوار قژم دەتاشی
بەڕستە و ڕەفتارەکانی قەڵس دەبووم
***
جوانی خەتەرناکە ئەودەمەی هەستدەکات بیری لێدەکەیتەوە وڕك دەگرێ
***

بەیانیان بەدەرکەوتنی ڕوخساری درەوشاوەت سەرگەردانەبم
هەم وچیێژبەخشە هەم ئاماژە بۆ شتێ دەکا دەمێکە ونبووە!
***
جوانیت ئاگرە لەژووری زەردی دەنگ ونووسین وەدەریدەنێم و
لەماڵی شینی واتادا نیشتەجێی دەکەم
***
ویستم بیر لە ( هیچ ) بکەمەوە جوانیت
لە درزی تاریکییەوە کەوتە بەر ڕووناکی
***
شیعری بێ شیعرگەرایی پاتەیە
***
سپێدە ویستم ئاماژەکانی هێمای جەستەی برۆنزیت شیبکەمەوە
هێزی ئاسۆی چاوەڕوانیم لەدەستدا
***
ڕەنگە ئەزموونێکی شیعریم نەبێ
تیایدا جوانی خۆی دەرنەخستبێ
***
مەگەر لەڕێگەیهێزی جوانییەوە کۆتایی
بە دۆگماکانی نەریت و پێشبیرەکان بهێنین
***
ژیان سەیرە دواجار جوانیت چەشنی چنگێ غووبار
پەرشی نێو کات وشوێن دەبێ
***

لەبەردەم ڕووناکی جوانیتا پێشبیرەکانم هەڵدەواسم و
زەینی بەتاڵم لەخۆوە یاری بە تۆپەڕەنگاوڕەنگەکانی چێژ دەکا
***
ئەندێشەم لێوانلێوە لە ململانێی وێنەکان سەیرە شێت نابم
***
چی لەو هەموو دیمەنە جوانانەی نێو ئەندێشەم بکەم
ئاماژە بۆ جەوهەرێکی شینی نادیار دەکەن
***
دوای ڕاوەدونانی داعش خەڵکی (گەیارە)
بەئازادی جگەرەدەکێشن و لەڕووبارا مەلەدەکەن
سبەی ماسیگرەکان تۆڕوقولاپ هەڵدەدەن و
لەکەنارەکان ئاگرهەڵدەکەن و ماسی دەبرژێنن و
شەراب دەنۆشن و چیرۆکەکان دەگێڕنەوە
ئەگەر ڕۆژێ کورد بەعەقڵێکی کراوە یەکی بگرتایە
لە ڕۆژهەلاَت (ئۆزۆ)م هەڵدەداو لەباکوور گۆرانیم دەگوت
لە ڕۆژاوا شیعرم دەنووسی و لە باشوور بەچاپم دەگەیاند؟
***
کاتێ جوانیت خۆی دەردەخا گوتن بوونی لەدەستدەدا
***
بڕێجار بیرلە شێوەو پێکهاتەکان دەکەمەوە
هەرمێ وسێو ولیمۆ جوانن و بەرهەمی باخی سینەن
بەلاَم پەتاتە کاتێ بۆگەندەکا لەکەلاك قێزەونترە
***

چۆن دەتوانم بەم ئەندێشە شەکەت و زەینە شەت وپەتەم
بە ناوەرۆکی فۆرمی جوانیت بگەم
***
کاتێ زانیین پەرەدەسێنێت پەیوەندییەکان گرژییان تێ دەکەوێت
هایدگەر پێشتر مندالّی فینۆمینۆلۆجیا بوو
پاشتر بوو بە مێردمندالّی ئۆنتۆلۆجیا
***
لە تێزی ئۆنتۆلۆجی وهێرمنیۆتیکی
شیعردا ئیستاتیکا سەروەرە
***
بەیانیان فۆرمی ڕوخسارت بەدرشتی خۆی دەردەخا
ئێواران بەوردی کە شەودادێ نەدرشتی بەدیدەکرێ نەوردی
***
لیا جوانە دەمبەخەندەشە دەلّێ:
دوودلّی شوناسی ڕاستەقینەی عەدەمە
***
من دەزانم جوانیت جیاواز وتایبەتە
خۆی بۆ ئارەزووی شێتم دەرناخا
***
ئێوارە هەستێکی کوشندەی ئۆنتۆلۆجی گەمارۆی دام
زمان لەخۆشیان دەلالّایەوە بەدوودلّییەوە
هاتم ویستم بەمیتۆدەکانی فینۆمینۆلۆجی و هێرمنیۆتیکی
جەوهەری جوانیت شیبکەمەوە بەیانی داو بوونت خۆی دەرنەخست

تـازە چی بکەم ئەندێشە و بیرکردنەوە و بیرکەوتنەوەم پابەندی وێنەکەتن

***

شیعر هزروزانیین وتێگەیشتنە بەگوتنی لەکارکەوتوو

گوزارشتبکرێ هیچی لێ سەوز نابێ

***

زەینی پڕ ژاوەژاوەپیێم دەڵێ:

دەشێ ( ژیانی ڕووت ) چەشنی چرکەسپییەکانی

نێو ( کەوانەکراوەکەی ) ( هوسرڵ ) خاڵی وئارام وچێژبەخش بێت

***

ئەم بەیانییە بەسەماوە بەرەو

زانکۆ دەڕۆیشتم بەدەم ڕێوە بیرم لە ژیانی زەینی خوێنەر و

خەیاڵ و هەستی ئیستاتیکی دەکردەوە گەیشتمە هۆڵە سپییەکە

بزەیەکم کردو دانیشتم و یەکێك بووم

لەو وەرگرە زانایانەی نووسینەدیاریکراوەکەی ( ستانلی فیش ) م

بەشیعرلەقەڵەم داو لەچرکەیەکی هەنووکەییدا

ڕاڤەکاریم بۆئە نجادا فیش پێشتر وانەکەی بۆ قوتابییەکانی

بەشی ( لاهووت ) لەسەر تەختەڕەشەکە نووسیبوو

چەند دێڕێکی خستە نێو چوارچێوەیەکەوەو داوای

تەئویلکاری و واتای دەقی لێکردین

***

دەرکەوتنی هێزی جوانی خەتەرناکە

بونیادی پێشبیر و تێڕامان و مەبەست وئارەزووەکان دەخاتەلەرزە

***

هێزی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی و ئۆنتۆلۆجی
لای هوسرڵ وهایدگەردا لە سنەوبەرێکی شین دەچێ
سارتەر و میرلۆ- پۆنتی بەمەبەستی یارییەکانی
هەست وتێڕامان وجەستە خۆیانی پیا هەڵواسیوە
لەدوورڕا دەڵێی جووتێ هەرمێی سوورن دەلەرێنەوە
***
من نازانم بیرکردنەوە لە تێڕاماندا نیشتەجێیە
یاخود تێڕامان لە بیرکردنەوەدا
***
دەسەڵاتی داگیرکەر بێ ڕەوشتە و خاوەن مێگەلێك چاو و بوونی نارەسەنە
بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی
دایەنگە و باخچەی ساوایان و نەخۆشخانە و خێوەتگاکان بۆردومان دەکات
***
هەواڵی کەش وهەوا جوانی سرووشتی ناوچەکانی کوردستانت
پێڕادەگەیەنێ هەواڵی سیاسی تراژیدیا و وێرانەیی
***
ئاگامەندیم بەدیاردەکانەوە بەندە عیشقم بەجوانیتەوە گیرۆدە
***
هەرچەند بیر لە شێوەت بکەمەوە زمان وێنەی لێ دەرژێ
***
هاتم ماڵی شینت بە شیعر و فەلسەفە
ڕۆشنبکەمەوە جوانیت لەخۆیەوە درەوشایەوە
***

تەمەن بوارنادا بەشێك لە بۆشاییەکانی زمان پڕبکەیتەوە

***

مرۆڤ بیر لە یادەوەری ئازیزە دیارنەماوەکان دەکاتەوەو

خەم دایدەگرێت دواجار خۆیشی دەبێتە یادەوەری

***

جیهان فرەگەورەیە بوونی بەتاڵی مرۆڤ

لەوە بچووکترە دەستی بەسەردابگرێت

***

لیا کاتێ یاری بە مورووە ڕەنگاوڕەنگەکانی عیشق دەکاو

چنگ چنگ هەڵیاندەدا و دەیانگرێتەوە چاودەبڕمە جووڵە جوانەکانی!

***

لیام خۆشدەوێ بەتایبەتی کاتێ چاوێ دادەگرێ و

بزەیەك دەکاو دوگمەیەك لە کراسەنارنجییەکەی دەترازێنێ

***

دەقی کراوە لێوانلێوە لە هەستی ئیستاتیکی و دڵەڕاوکێی ئۆنتۆلۆجی و

خولیای نیهیلستی بەشیعرگەراییەوە بنەماکانی ڕەوشت هەڵدەوەشێنێت و

بەهای نوێی ئاکاری دەخولقێنێت

***

واتا و یادەوەری چەند لەیەکدەکەن

هەردووکیان لەدەرەوەی کات وشوێندا دەخولێنەوە

***

چەندە نیگەرانم دەمەوێ لەم کاتێتی بوونەدا

کۆتایی بە پڕۆژەکانم بهێنم

هەستێکی کوشندە دەروونی داگرتووم و پێم دەڵێ :
دواجار جوانیت بوونی ناتەواوم بەرەو تەواوکۆیی دەبا
***
جوانیت چەشنی چەمکی واتا و دەلالەتی دواخراو
لە ئە تمۆسفێری ئەندێشەمدا ئامادە و پێوارە
***
جوانی فرە چێژ بەخشە بە هێزی ئەڤین هێزی کینە لەنێودەبا
***
بوون لەبازنەی شینی دوودڵی و بێهوودەییدا دەخولێتەوە
مەبەست چییە جگە لە سەراب
دەشێ تەنها هێزی جوانی واتا بە  پرۆژەکان ببەخشێ
***
کەس دڵی بەنیشەجێبوون خۆشنەبێ
زوو یا درەنگ تاك تاك سەرهەڵدەگرین
***
خەیاڵ کاریگەرترین بزوێنەری ئارەزووە چێژی جەستە ئاما نجیەتی
***
زمان تاریکییەکی ڕووناکە ڕووناکییەکی تارك
دەشێ بەشێکی لێڵییەکەی لە
بیرکردنەوەو شێواز و تێگەیشتندا نیشتەجێبێت
***
مورووەکانی ئەندێشەی فەلسەفیم دارژان
وادیارە جوانیت بەهیچ تێزێکی هێرمنیۆتیکی شیناکرێتەوە

هەستی مەستم یاری بە بیرکرنەوەی خومارم دەکا

بیرکردنەوەی خومارم یاری بە هەستی مەستم

***

وەرە بەم هەموو هەوڵە میتافۆرییە نەتوانی

گوزارشت لە بەشێکی جوانیی برۆنزی یار بکەی

***

بوونم ڕووداوێکی سپییە و دەکەوێتە دوای بوونی زمانەوە

زەینی شەکەتم چۆن بتوانێ لەبەردەم دەرکەوتنی جوانی برۆنزیتا

ئەم هەموو پێشبیرە شینە هەڵبواسێ

***

هزرم هێندە تەنك بۆتەوە خەریکە چەمکی شیعریی دەخولقێنێت

***

کاتێ ژیانی شیعری دەکەوێتە نێو گۆشەگیری وبیرکردنەوەوە

تەواوی پێداویستییەکان فەرامۆشدەکرێن

***

جوانی ماڵی کراوەو و دڵخۆشی شوناسە زمان ماڵی داخراو و دڵتەنگی

***

زمان ماڵێکی شینی پڕ ژاوەژاوە جوانی ڤێلایەکی سپی و ئارام

***

هەموو جێگیربوونێك وەستانە کاتێ لە شوورەی شوناس

ڕزگارت دەبێ جوانی ئامێزت بۆ دەکاتەوە

***

خۆت دەرخە بیرکردنەوەم پەرش وبلاْو ئاگامەندیم شەکەت

بڕواناکەم هیچ میتۆدێك بتوانێت بمگەیەنێتە ڕاستی جوانیت
***
دەمێکە ستایلی نووسینم لەدەستداوە بونیادی شیعر
پابەندە بە چۆنیەتی دەرکەوتنی جوانیتەوە
***
گوزارشت لەبەردەم خۆدەرخستنی جوانیتا
تاڤگەیەکی شینە لەسیاقی جیاواز
***
من عاشقی فینۆمینۆلۆجیام
لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکت چێژێکی تایبەتیم پێ دەبەخشێ
بەدەست هێرمنیۆتیکاوە گیرم خواردووە وهەر زوو تێگەیشتنم لەدەستداو
بەشێکی جوانیتم بۆ شینەکرایەوە
***
جیهان تۆڕێکی هەڵدراوی بێسنوورە بوونی مرۆڤ
تیایدا پاسارییەکی بەرەڵا
***
جوانی جەستەت موڵکی جیهانە ئەگەر ( واتا ) بووایە
لەدەرەوەی کات وشوێندا بەدواخراوی دەمایەوە
***
سەعات پێنج ونیوی بەیانیان بەتراکسوودێکی ئاسایی
لەماڵ دەردەچم و لەجووت جادەکەی گەڕەکی ( موفتی )
بەلەز هەنگاودەنێم و لەدەوروبەر ڕادەمێنم
خانووە قەشەنگەکان دەڵێی ڕستێ قەفەسن

خەڵك جارێ لەخەوهەڵنەستاون و گڵۆپەكان نەكوژاونەتەوە
كۆترە كێوی وكوكوختیيەكان لە بالكۆن وبانیژەكان بەئازادی دەگمێنن
حاوییە ڕەنگاوڕەنگەكان پڕاوپڕلە خۆڵ وخاشاك
دەڕۆم دەگەمە بەردەرگای مزگەوتی ( هیدایەت )
كاتێ دەگەڕێمەوە بەنیمچە شەكەتییەك
بیر لە مەینەتی شاراوەی بوون و جوانی جیهان دەكەمەوە
***
هێزی جوانی یاری بە عیشق دەكا هێزی هزری یاری بە زمان
***
تۆ بە هێمنی و بێموبالاتییەكی ئۆنتۆلۆجی
دۆگماكانی هزر فەرامۆش دەكەی من بە هێزی بێكۆتای عیشق و جوانی
***
كردەی نووسین پێویستی بەم هەموو هەڵپە ولاف و گەزافە نییە
گرنگ خاكەڕایی و هێزی قووڵی دەربڕینی هزرییە
***
دەركەوتنی جەستەی سپیت لەسەر چرپایەكی نارنجیدا
شۆكێكی چێژئامێزبوو شوێنەوارەكەی لە پێكهاتەكانی
ڕێزمانی نەستدایە و زۆرجار بەرەو خەیاڵێكی شین و سووتێنەرم دەبا
***
كاتێ مرۆڤ بەگیانێكی باخۆسی لەزیندانەكانی شوناس وئایدیۆلۆژیا
ڕزگاری دەبێت هەست بە خۆشی وئازادییەك دەكا
لە چركەكانی سەما و گۆرانی وتن و نەشوەی سێكسی دەكەن
***

عەقڵی فەندەمێنتالیست ڕابردووبین و کاوێژکارە

عەقڵی مۆدێرن ئایندەبین و ڕاڤەکار

***

نووسین چییە؟

پرشنگەکانی ماڵی شینی ئەندێشەیی وسیمیۆلۆژی داهێنانەوەو

لە دەرەوەی کات و شوێن ڕۆنراوە

***

بوونی بەتاڵم لەنێوان جوانی و نائومێدیدا ڕووی لە نەمانە

***

دەشێ شیعر خستنەدەرەوەی دەروون بێت

لەسیستمێکی ڕەمزیدا بەدووبارەگەڕانەوەی بۆ ناوەوە

***

ئارامیی چییە؟لەبەردەم جۆش وخرۆشی جوانیتدا

هەڵچوونەکانم ورووژان حەزدەکەم هەستەکانم

پاکبکەمەوەو ئەمجا لەعیشقتدا بتوێمەوە

***

کۆمەڵگا لەسیستمێکی سەیری هێماییندا دەگوزەرێت

( پێرسۆنای درۆزن ) و پرسەکان بەکۆمەڵێك ماسکی

جۆراوجۆری کۆمەلآیەتی دەپۆشرێن

***

ڕەنگە شیعری بێپۆیەتیکا لە قاوەی بێکافایین و

بیرەی بێکحول و پێکەنینیی لەقوتووکراو بکا

***

ئارەزووم ئیرەیی بەو تارماییە ڕەشە دەبا شەوان
بە دانتێلایەکی نارنجی لەسەر چرپایەکی شینا
ڕادەکشێی و لەژێرتیشکی گلۆپێکی وەنەوشەییا
هێدی هێدی تێت دەئاڵێ و چێژ لە جوانی جەستەی سپیت دەبا

***

شیعر جەستەیەکی زمانی و ئیرۆتیکییە
بەوەرگر دەڵێ: تۆ بوونەوەرێکی ڕاڕا وڕاگوزەری چێژوەر بگرە و بڕۆ

***

( چیت لێم دەوێ ) وێنا زەینییەکانم لێوانلێون
لە سەرپێچی فەنتازیا بە جەستەی برۆنزیتەوە دەکەم
ئارەزوومە تامی ماچی ڕوومەتت بچێژم و لەم شۆك وتراوما گیانییە
ڕزگارم بێ جوانی چاوەزەردەکانت مەودام نادا

***

بۆ دکتۆر فەرهاد پیرباڵ
وتم ژیژەك وتی ژووشك وتم ژیژەك وتی ژووشك وتم ژیژەك
چۆن لاکان دەخوێنێتەوە وتی ژووشك چۆن بە لاکاندا دەڕوا
وتم ژیژەك وتی ژووشك

***

بەدەرکەوتنی جوانیت ڕەنگ وڕووم پێوەنەما
دەڵێی ڕواڵەتی پەتییە و بۆ سەرکوتکردن و
لەنێوبردنی شوناسم خوڵقێنراوە

***

جوانیت نەبوایە کێ جەستەی دەبەخشییە لیبیدۆی وشە

ئەم هەموو دوودڵی وگومانە کوشتمی ( من هیچ منێك ناناسم )
مەگەر جوانیت درزەکانی واتای بوونم پڕبکاتەوە
***
خۆت دەرخەی نەبوون ڕۆحی بەبەردا دێتەوە
***
دەقی کراوە لە ( لامێلا ) کەی ( لاکان ) دەکا لیبیدۆیە
لە نەبوونێکی داخراوداو کەوتۆتە نێوان خەیاڵی وڕیاڵەوە
هەر پارچەیەکی لەڕێگەی هەستی جوانی و چێژ و نیهیلست و
نیگەرانی و هزری ئۆنتۆلۆژییەوە درێژە بەبوونی دەدا
***
شاعیرانی دەقی کراوە بەسرووشت ئاکارپەروەر و دژەڕەوشتن
بەدەوری سێبەری ( هیچ ) دا دەخولێنەوەو ئەندێشەی جوانی جەستە
دەنووسنەوەو ماڵی ئارەزووەکان ڕۆشن دەکەنەوە و سیستمی زمان
وەك چێژە ڕێپێنەدراوەکان دەبینن
بۆیە لەکۆماری داخراوی ئەفلاتوون وەدەرنران
***
بەم نیوەڕۆی جەژنە لە قاوەخانەی -مەچکۆ-
لەوێنەهەڵواسراوەکان ڕادەمام لەناکاو ( کۆرتز ) دەرکەوت
چاکەت وپانتۆڵێکی سپی لەبەردابوو سەرە ڕووتاوەکەی
چەشنی گڵۆپێکی خڕی سەردەرگا دەبرسکایەوە
لەتە قەیماغێکی لاکێشەیی خستبووە سەر بیست وپێنجیەك
دانیشت داوای چایەکی شیرینی کردو کەرتەسەموونێکی حەجەری

لەگێرفانی دەرهانی و گوتم :
کۆرتز ئەی کۆرتز کۆرتز ئەی کۆرتز کۆرتز ئەی کۆرتز
ژیان ( دڵی ڕووناکی ) یە و ( دەسەڵات زیادەکەی خۆی لەنێودەبات )
کۆرتز بزەیەکی کردو لەقاقایەکی چوارگۆشەیی دا
من بازنەیی وەڕس بووم لەبەرخۆیەوە گوتی :
کەللە سەرە هەڵواسراوەکانی بانیژەکەت بیرماوە
لەڕستێك کاڵەکی ڕەش دەچوون مرۆڤ بوونەوەرێکی نیگەرانە
ملکەچی ناخودئاگا و دەشی عەقڵیش بەلاڕێیدا ببا
بۆیە هەرگیز دەستی بەجوانی ڕاناگا ئەمجارە لەقاقایەکی سێگۆشەیی داو
واز لە ( دۆزەخ ) و ( دڵی تاریکی ) بێنە
گۆڕستانە کۆنەکان بەچاوترووکانێك بەڵگەنامەی نوێی
واتای هیچگەرایی بوونی مرۆڤ دەخەنەڕوو
***
چێژی سپی هێزیکی شینی ڕێپێنەدراوە
لەچرکە خەیاڵییەکاندا ( یاسای ئارەزوو ) هەڵدەوەشێنێتەوە
***
شیعر بوونەوەرێکی نیگەرانی میتافۆرییە نەبڕوای بە دوافۆڕم هەیە
نە دوا ڕاڤە بیر لە هیچ ڕاستیەك ناکاتەوە ئەفسوونی نیهیلیزم
لەچرکە سێکسییەکاندا دەدۆزێتەوە
***
زمان مەلعونە ئەم هەموو مەیلەی بە شیعر بەخشیوە
چەشنی بوونەوەرێکی چێژپەرست ناخودئاگای لێوانلێوە
لە ئارەزووی قەدەغەکراو

چی لەو هاککەرە دیجیتاڵییە ڤیژەونە
دەکەی ئیرەیی بە پرۆژە جوانەکانت دەبا
***
دڵم لێورپێژە بە مۆنادەکانی جوانی زەینم بە هاوکێشەکانی نیهیلست
***
خۆرهەڵاتی ناوین مەڵبەندی کوشتارگە شینەکانی وڵاتەزلهێزەکانە
ئامانجی سەرەکییان دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە سپییەکانی وزەیە
***
کات پانتایی بیرکردنەوەیە سوبێکتی بەشبەشبوو
هەرچەند چێژخوازێکی بێسنووربێت ڕاستییەکان
لەڕێگەی تێگەیشتنەوە دەدۆزێتەوە
***
دەشێ شیعر دوای تێگەیشتنێکی قووڵی مەعریفی لە چەمکی بوون ونەبوون
بە نیگەرانییەوە خوو بە کحول و مادەهۆشبەرەکانەوە بگرێت
***
بوون جەوهەری ئارەزووە چێژی سوور
لەکردەوەی جێگرەوە فەنتازییەکاندا دادەگیرسێ
***
ئیستاتیکا هەستە لەکۆدە داخراوەکانی دەقدا
کولتوورێکی کراوە دەگەیەنێتە وەرگر
***
دووڕوو فرە ڤیژەونە بەدەرکەوتنی دڵت بەیەکدادێ
***

ئێستا ئارەزووەکان هەڵایساون چێژی جەستە
هێزێکی سووری ناداد پەروەرە ختووکەی گیان دەدا
پێویستە یارییە ئێرۆتیکییەکان ئە نجام بدەین
ئایندە چنگێ لەی سپییە و درزەشینەکانی بوون پڕدەکاتەوە
***
ئەوەی لە بیابانی بێسنوور و لوتکەی چیاکان ڕا بمێنێت
درکدەکا هیچ شتێك موڵکی ئەونییە وژیان گشتی قەڵەمڕەوییە!
***
ئێستا دەرکەوە وێنەکەت ببینم
دوای مەرگ نە جوانی بوونی هەیە نە واتا
***
شیعر حەشیشێکی زمانییە و هزری لێ دەتکێ کێ دەتوانێ دەسبەرداری ببێت
***
زۆرجار لەنێو ئاژاوەی شینی
ئەم هەموو یارونەیارەدا هەست بە نامۆیی دەکەم و
تەریك و بێدەنگ بەنیگەرانییەوە جوانی و ڕوانینە سپییەکانم
دەنووسمەوە و بەیانیش لە پڕێکا ماڵاوایی لە پرشنگەکانی وشەدەکەم
***
تەنیایی چییە؟
لەسەرزەمینی زیندووەکاندا بخولێیتەوەو
بەقووڵی بیرلە ژێرزەمینی مردووەکان بکەیتەوە
***
ژیان هەواڵ و هزرین و چاودێریکردنی دیمەن و

ڕووداوەکان و ڕزگاربوونە لە دەسەڵاتی دڵتەنگی و

چێژبینینە لە گەمەکانی جەستە

***

ژیان قاوەخانەیەکی ڕەنگاوڕەنگی درەوشاوەیە

بۆنی عەتروهێل ودارچین وزە نجەبیل بڵاودەکاتەوە

ئێستا تۆلەوێی ولەنێو جیهانداو

لەم کەشەدڵخۆشکەرە لەسەر کورسییەکی قاوەیی دانیشتووی و

بیر لە ( هیچ ) دەکەیتەوە لە پڕێکا هەستێکی تەم ومژاوی داتدەگرێت

ئاژاوە وبێدەنگی شادی وخەمگینی لەخۆوە بەریەك دەکەون

دڵت توند دەبێ کاتێ بەنیگەرانییەوە سەرهەڵدەبڕی

دەبینی وێنەی مردووەکانی قەد دیوارەکان

بە وێنەی زیندوووەکانا پێدەکەنن

***

لیا جوانە سەرشێتیشە چێژی ( نیشتەجێبوونی شاعیرانە )

لە یارییەکانی جەستەی سەر چرپا سوورەکەی و

لە بەرەبەیانێکی شین و پشوودانددا دەدۆزێتەوە

***

بوون لە جیهانێکی کراوەی بێسنووردا لەجووڵەی بەردەوامدایە

نەبوون لە زەمینێکی داخراوی سنووردداردا جێگیر

***

مەرگ گەورەترین نەهامەتییە بەچرکەیەك خۆشی وشادییەکان لەنێودەبا

***

من ئەم هەموو بەرهەمە شیعرییانەم لەڕێگەی جەنگی جوانییەوە بەدەستهێناوە ڕەنگە
جوانی جەستە و ڕوخساری شۆخە
دیار و نادیارەکان گەواهی ئەوە بدەن
***
ژیان سەیرە بوونی نیگەرانی مرۆڤ سەیرتر
کاتێ بیرلە دەوروبەرت دەکەیتەوە خەڵکێکی زۆر دیارنەماون
تۆیش خەریکی بەعەیش ونۆشەوە خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی ( باراباس )
ئە نجامدەدەیت و لەنێوان هزری ئەتایستی و ڕەفتاری ڕێگریدا
واقت وڕدەمێنێ
***
باراباس نە چەتەیە نە خاچپەرست و ئەتایست
لە دالأنەتاریکەکانی دەروونیدا بەدوای ڕووناکی جوانییەکدا
دەگەڕێ باوەڕی پێ بهێنێت
***
چێژی جەستە ئاگری شینی ماڵی سووری ئارەزووە
لە خرۆشانێکی کورتدا دەکوژێتەوە
***
ئەوەی دەگوزەرێت هەمووی کات بەسەربردنە
خۆرهەلأتی ناوین نێچیرێکی ناوازەیە و
کەوتۆتە نێو تۆڕی نەفرەتینی ڕاوکەرانی سیستمی نوێی جیهانییەوە
***
ژیان جوانە پڕ مەینەتی شاراوەشە
ئەم هەموو کچەبالأبەرزە بەشەقامەکانا تێدە پەڕن و

مۆبایلە ڕەنگاوڕەنگەکانیان لەگیرفانی تەسکی کابۆکانیان
دەردەکەن و سێڵفی دەگرن پاشان لەقاقای پێکەنین دەدەن
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی کاتی ومیزاجییە
لەڕاکەڕاکی ژیاندا بەدوای چێژ و بەختەوەرییا وێڵە
کاتێ نیگەرانی دایدەگرێ هەستی مەرگ دەیهاڕێ
***
شیعر ژانرێکی جیهانییە هێزێکی شینی خەیاڵی
تیایە کولتوورە جیاوازەکان تێکەڵ دەکا
***
ژیان چەند چرکەیەکی تێپەڕە مردن بەندی ئەبەدی
***
جوانی ڕووناکییەکی شینە لێوانلێو لە مۆنادی زەرد
کاتێ دەردەکەوێ دالأنە تاریکەکانی دڵ ڕۆشندەکاتەوە
دوای دیارنەمانی پشکۆدامرکاوەکانی عیشق
هێدی هێدی بەخەمباری دەگەشێنەوە
***
لاملی لیا لە بەفر سپیتر لە زوقم خزتر
جارێ دەمت بۆی نەبردووە تامی نەعنا مەستت دەکا
***
توندڕەو دۆگمایە ڕەگێکی لە گەمژەییە ڕەگەکانی تری لە نەزانی
***
زەین لە ژوورە تاریکەکانی شوناسدا بەندبکرێت

ڕووناکییە سپییەکانی هزروتێگەیشتن ولێکدانەوە لەدەستدەدا و
بەچاویلکەیەکی ڕەشی ئایدۆلۆژی لەجوانییەکانی جیهان و
پێکهاتە جیاوازەکان دەڕوانێت
***
بوون وجیهان لەیارییەکی بێبڕانەوەی ئیرۆتیکی وتراژیدی دانە
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی دوودڵی جیهانییە
ماوەیەك بە دەنگ وڕەنگ ونووسین
گوزارشت لە واتا گەلێکی سپی دەکاو لەناکاو دیارنامێنێ
***
جیهان  پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی وێنەییەو
وێنەیەکی گەورەی بچووککراوی گەردوون ومرۆڤە
***
ئێستا لەنزیك باڵەخانەی کاڕەنگی  پایتەختدا دانیشتووم و
بیر لە قژی زەردی عەترناکت دەکەمەوە
چۆن سیستمی زمانی شیعری لەبەردمیا ژێرە و ژوور دەبوو
***
کۆستمە زەردەکەت هەڵدە سەر دارهە نجیری باخەکە و
پیای هەڵگەڕێ با هەنارەکان شەقبەرن
***
تێڕامان لە جووڵە سپییەکانی بوون
لە گەمەی فوارەیەك دەکا بەئاوی کەسك وسووری
گوزارشت لە ( هیچ ) بکا

دەبێ ڕۆشتنی کات پێویستی بەم هەموو تێڕامانە هەبێت

***

شیعر تێفکرینێکی سووری ئیرۆتیکییە

زمان تیایدا دەگاتە ژویسانس

***

شیعر ستایلە بەجیاوازی سیمانتیکییەوە!

***

جوانی بزوێنەری کردەی وەرگرتن و بەخشینەوەی هزرو مەعریفەیە

بۆ فۆرمۆلەکردن و بونیادنانی دەقی شیعری!

***

شیعر ئازادیخوازێکی ئەنارشیزمە لەڕێگەی هەست وخەیاڵ و

دەستەواژە ی ناوازەوە دەسەڵاتی فاشیزمی زمان تێکدەشکێنێ و

خۆی لە فەزای کراوەی شوناسێکی ئیستاتیکیدا دەدۆزێتەوە

***

شیعر لە جیهانی ژیاندا ئەفسانەی جوانی دەخوڵقێنێ و

ئارەزووەکان بەرەو چێژی قەدەغەکراو دەبا

***

چێشتەنگاو گەیشتمە بەردەم ( شیرنەمەنی ڤۆلگا )

هزرم پەرش وبڵاو کچ وکوڕێکی کابۆ وتیشێرت لەبەر

بەزەردەخەنەوە نیوکیلۆ پاقلاوەیان سەند

پشیلە پایزەیەك بەدەوریانا خولی دەخوارد

یەکیان وتی شەوی چێژبردن لەئێوارەوە دەسپێدەکا

ئەویتر لەقاقای دا

شیعر سوبێکتێکی بەش بەش بووی نیگەرانە و
لەئاوێنەی ( لاکان ) دا کەوتۆتە نێو باوەشی زمان و
ڕووبەڕووی وێنەی ساختەی خۆی بۆتەوە و
وەهمی بوونی خۆی بە ئەویدی ڕاگەیاندوە
***
زمان ناخودئاگای شیعرە بەدەستەواژەی پچڕپچڕ
بەدوای شتێکی ونبووا دەگەڕێ دۆزینەوەی مەحاڵە
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەلایەتییە لە ئازار و چێژبردن و مەرگدا تەنیا
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرگەردانە لەم جیهانە فراوانەدا
نازانێ بەدوای چیدا وێڵە
***
خەم تەمێکی خەستە لەناکاو دەوری دڵت دادەگرێت و
نوقمی نائومێدی دەبیت
***
ژیان وەهمێکی جوانە مردن ڕاستییەکی قێزەون
لەگەڵ ( وریا مەزهەر ) ی
شاعیری جوانەمەرگ لەشەقامەکانی هەولێر بەدوای
تۆزێ ( گێوژ ) دا دەگەڕاین هاوسەرەکەی داوای دەکرد
تا دۆزیمانەوە بەردشەقی برد
***
هەست ماڵی شینی خۆشی و مەینەتە مرۆڤ لە پیاسەکانی

( جیهانی ژیان )دا بە شەقامەکانی چێژی شتگەلا تێدە پەڕێ
لەناکاو سەرگەردانییەکی سوور زەینی داگیر دەکا

***

( جیهانی ژیان ) مەڵبەندی شادی بچووك و چەرمەسەری گەورەیە

***

ویستم چەمکی مەبەستگەرایی بەهێزی بیرکردنەوە
لەنێوبەرم بابەت دیارنەما

***

دواجار ئەم هەموو جووڵەیە بە وێستگەی جێگیربوونێکی تاهەتاییا دەگا

***

شیعر بوونەوەرێکی ڕاڕای زمانییە هەم لەبەردەم جوانییدا
تووشی شۆك دەبێ هەم ترژیدیاکانی بوون نوێدەکاتەوە

***

شیعری مۆدێرن بایەخ بەخودی تاقەوشەدەدا
شیعری پۆست دەستەواژە لەکحولی هزری
نیهیلستیدا دەخووسێنێ

***

نیگەرانی هەستێکی قووڵی کوشندەیە لەکانگای مەینەتی بوون و
دیارنەمانی کەسەئازیزەکانەوە سەرچاوەدەگرێ

***

دەشێ پەیدابوون بەڕیتمی شیعری دەستی پێکردبێ
دواتر بەئاژاوەی مرۆیی شێوێنرابێ

***

شیعر هێزێکی بەش بەشبووی لیبیدۆییە
چرکەکانی زەینی و غەریزی دەنووسێتەوە و
بەدوای شتێکی ونبووا دەگەڕێ مەحاڵە بدۆزرێتەوە
***
شیعر لەنووسیندا پەیوەندی ئەڤینی تێدە پەڕێنێ
وشەکان لەتوانەوەیەکی ئیرۆسیدا هەستیان لێدەبڕێ
***
ملپێچی برۆنزی لیا جوانە دەسکێشی ڕەش و چەتری زەردی دەستی جوانتر
***
جوانی ( فینۆمینە )یە کاتێ بۆ هۆشمەندی دەردەکەوێ
سوبێکتی بەش بەش بوو لە ئەڤیندا دادەگیرسێ و
بە ژێرەوژووربوونی زمان دەستەواژەی پچڕپچڕ دەدرەوشێنەوە
***
جوانی فەرمانڕەوابێ داد پەروەری سەرتاسەری جیهان دادەگرێ
***
نائومێدی بەرهەمی خەتەرناکی دڵتەنگییە لەدەسەلاتی
مایکرۆفیزیکی نێو کۆمەڵگا دەکا
لەهەموو درزوکەلەبەرێکی بووندا نیشتەجێیە
***
ژیان یاریگایەکی بێمەبەستی ڕەنگاوڕەنگە
چەشنی وێنە ساختەکەی نێو ئاوێنەی ( لاکان )
دەمێکە بوونی ڕاستەقینەی ونبووە
***

ژیان پێش هەژموونی دەسەڵات
لە چێژی گەمە ئیرۆتیکییەکانی دەکرد
***
شیعر هێزێکی ڕەنگاوڕەنگی کولتوورییە
لەچەقی کەلەپووردا بچەقێت دەکەوێتە مۆزەخانە
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی دیالۆگییە لەڕێگەی ئاوێتەبوونەوە
دەبێتە خاوەن چەند شوناسێك
***
کە پڵەکان بەردەوامی بە بوون دەدەن
سینگڵەکان بەنەبوون
***
جم وجوڵی کەرتی تایبەت لە شیعری مۆدێرن دەکا
سستی کەرتی گشتی لە شیعری سونەتی
***
شەقامە بێ شۆستەکان بە قاقای کە پڵەکانەوە جوانن
وڵاتە بێ پایتەختەکان بە لەدەستدانی گێڕانەوە گەورەکان
***
لیا لە مەلهای نەستی دەستەجەمعیدا یاری ئیرۆتیکی دەکا
لە باغی ئاگایی یاری ئیستاتیکی
***
نازانم چی منی هێنایە جیهانی ژیان و دووچاری دنیابینی شیعری کردم
گەروابڕوا چرکە شینەکانی فینۆمینۆلۆجیا لە پڕێکا هێزی زەینیم دادەڕمێنن

جوانی ڕووناکییەکی خۆڕسکە لەڕوخسارەوە
پرشنگدەدا و دالآنەکانی دڵ ڕۆشندەکاتەوە
***
ڕێکەوت هەستە عیشق و چێژ و ئارەزوو دەخولقێنێ
ڕووداوێکە پابەند بە بوون ونەبوون
***
سوبێکت زمانە چەنێ زیادەی لێ لابەری شیکتر دەدرەوشێتەوە
***
کێ لە نەستی سوبێکت دەگا
شارە زەردەواڵەیەکە لە گەمەکانی غەریزە
***
جوانی گوتاری نییە لە پرۆسەی نووسیندا
گوتاری تاکڕەهەند هەڵدەوەشێنێتەوە
***
جوانیت شەبەنگێکی شینە و لەکاتی دەنگەدەنگی ئاخاوتن و نووسینگەراییدا
دەسبەرداری زەین و چاوەکانم نابێت؟
***
جوانی سەرچاوەی دڵخۆشی و دنیابینییە
کاتێ دەردەکەوێ سیستمی ئاڵۆزی زمان هەڵدەلەرزێ
***
دەشێ شیعر کۆیلەی جوانییەکی سپی بێت
یاخود کۆیلەی جوانییەکی بنێسی سیا پۆش
***

هەوڵێکی بێهوودەیە کۆتاییەکەی هیچ

***

واز لەو ئاژاوە و دووفاقیەتە  بێنە و بگەڕێوە جیهانی ناوەکی

***

ئێستا لەگۆشەیەکی -مەچکۆ-دا یاری زەینی ئەنجام دەدەم و

بەچەند دەقێك دەگەڕێمەوە لای لاپتۆپەکەم سبەی شوێنەکەم خاڵی

***

پەیوەندیگرتن فیردەوسێکی گەرمە دۆزەخێکی سارد

***

هەڵەوەڕیی ئارامی تێکدەدا ڕیاکاری  میزاج

***

عەقڵی باوکسالاری مەراقی ئامۆژگارییە

عەقڵی سەربەست دیالۆگ

***

شادی تارماییەکی شینی گەڕیدەیە

***

ژیان ئاژاوەیەکی جوانە مەرگ بێدەنگییەکی دزێو

***

نووسین یارییە لەنێوان ئامادەگی و پێواردا زاری ئەگەرەکان هەڵدەدا

***

واتا بەرهەمی  پەیوەندگرتنی وشەکانە

***

چێژ ئاگری کوانووی ئارەزووە

**شاعیر چێژگەرایەکی سەرگەردان گیرۆدەی خەیاڵی جوانی**

***

**گێڕانەوەکانی لیا پڕن لە وڕێنە و جارجارە شەپۆلی هۆش دەییا**

***

**مێشکی داخراوی دۆگما کارەساتە تازە دەستی لێ بشۆ هیچی لێ سەوزنابێ**

***

**منداڵ لەقۆناخی ئاوێنەوە بەدوای داد پەروەریا وێڵە**

***

**ئەم هەموو گرگنە دەڕۆن و ئاوڕدەدەنەوە**

***

**بێدەنگبە مۆبایلی دەستی پاتە ئامادەکراوە**

***

**تەنیایی سرووتە دیمەنی گرگنێك دەیشێوێنێ**

***

**لیا لە میتاگێڕانەوەکانیدا ڕووداوەکان پێچەوانەدەکاتەوە**
**سواری پشتی زێبرایەك دەبێ و دەڕواو ئاوڕ لەشار ناداتەوە**

***

**سرووشت لێوانلێوە لە هونەری کێویی**
**( جیهانی ژیان ) لە هونەری خەتەرناکی دەستی مرۆڤ**

***

**ئیرۆتیکا گرێکی شینە لەوانەیە لەچرکەیەکی بێهوودەییدا بکوژێتەوە**

***

**چیتداوە لە حەشاماتی شار مەڵبەندی بیرکردنەوەی پچڕپچڕە**

یەکێ بەلادادێ یەکێ پێدەکەنێ کاتیش بەکاوەخۆ تێدە پەڕێ

***

دەسەلاتی پیرۆزگەرای جوانیی لیا تەرزەیە و

پشکۆی چێژ لە ئاگردانی ئارەزوودا دادەمرکێنێ

***

زلهێزەکان ئاشپەزگەلێکی کارامەن

بەتایبەتی لە چێشتی مجێور و هەریسە و حەوترنگە و بریانیدا

***

ڕەنگە ژیان جوولەی ڕەنگاوڕەنگی پانتاییەکی سپی بێت

چێژەکانی تێپەڕ مەینەتەکانی بەردەوام

***

چاوم بڕیوەتە ڕستێك وێنەی هەڵواسراو

حەوتیان دیارنەماون یەکێکیان قاقا پێدەکەنێ

***

ڕۆژنییە هەستێکی کوشندە دەروونم دانەگرێ و

یادەوەرییەکانت دووچاری نیگەرانییەکی قووڵم نەکەن

***

میتاگێڕانەوەی تێکستی بوون لێوانلێوە لە

یاری کاردانەوەی سوبێکتی پارچە پارچەکراو و

ململانێی بێهوودەیی و پێچەوانەکردنەوەی ڕووداوەکان

***

وتم مەرگ دەرچەی دەربازبوونی سوبێکتە لە ( تراوما )

لیا گوتی لە دڵەڕاوکێی بوون

نووسین لەبەردەم ڕوخساری جوانیتا دەسە پاچەیە
زمانی وەسفگەرا چۆن دەتوانێ گەمەی پرشنگەکان بگوازێتەوە

***

جەنگ ماکینەی لەنێوبردنی بوونە
لەجیهانێکی پۆشراو بە ئاژاوە و ململانێی هەمیشەیی

***

نیگەرانی گەردیلەیەکی خزە و تێکەڵ بە ڕۆشتنی کات بووە
مەگەر لەگەڵ مەرگا تیا بچێت

***

نیگەرانی پشکۆیەکی زەردە پەڕیوەتە نێو بێشەلانی وشکی زەینەوە

***

لەمیتاگێڕانەوەی -زێبرا-دا بەدوای ڕەشنووسێك و کاردانەوە خودییەکانا
دەگەڕام لە پڕ خۆم لە ئوتێلێکی شیندا بینییەوە پڕاوپڕ لە سۆزانی و هاوڕەگەزخواز و
حەشیشەکێش وتیان ڕەشنووسەکەوەهمی وێنەی نێو ئاوێنەکەی ( لاکان ) ە و دەمێکە
ونبووەو تا ئەبەد نادۆزرێتەوە

***

لە جیهانێکی بەرخۆری پڕاوپڕ لە حیکایەتی گەورەدا
سوبێکتی تەڵەزم تەڵەزمم جگە لە یاری خەریکی چییە

***

خەیاڵی جوانیت وزەیەکی فەلسەفییەو یاری بە پێکهاتەکانی زەینم
دەکاو فەزای شیعری بە وێنەی هزری دەدرەوشێنێتەوە

***

هەمووشتێ لەڕێگەی بەکاربردنەوە چالاك دەبێ جوانی لێ بترازێ

لیا بدوێ جەستەی جوانیی لێدەچۆڕێ زمانی واتا

***

جەنگی مۆدێرن چیرۆك لەنێو چیرۆکا دەخولقێنی و

لەڕێگەی میتاگێڕانەوەوە ڕەوایەتی بە کوشت وبڕ دەدا

***

چێشتەنگاو دەسەلاتی مایکرۆفیزیکی کۆمەلگام تێکشکاندو

بەلەتردان دوای پە پوولە پایزەیەك کەوتم لە پڕ خۆم لە

کەباریایەکی شیندا دۆزییەوە ژنێکی بالابلندی بنێس

سەبەتێك هەناری سووری ڕۆکرد و بەڕووتی لەسەریانا ڕاکشا من شێتبووم و چاوم بڕییە

هەنارەتورتەکانی و هاوارم کرد با ژیان بەردەوامبێ

***

ڕوخسارت تێکستێکی کراوەیە هەستی ئیستاتیکیم دەورووژێنی

منی هێرمنیوتیکییەکی شێت هەم درزەکان پڕدەکەمەوە

هەم واتای پێدەبەخشم

***

جوانیت لەم فەزا مەجازییەدا کلیلی دەرگاداخراوەکانی واتایە

***

چ لەوە ناخۆشترە لەگۆشەیەکی قاوەخانەیەك بیر لە

بوون ومەینەت وجوانی بکەیتەوەو هەلەوەڕێك یەك بەدەنگی

حیکایەتی گەورە بگێڕێتەوە

***

سەردەمی گێڕانەوە گەورەکان بەسەرچوو

مرۆڤ فریای گێڕانەوە بچووکەکان ناکەوێ

سەیری ئەم هەموو کوشتارگەیە دەڵێی خۆرهەڵاتی ناوین
بۆتە ئوتێلی حەسانەوەی مەرگ
***
بڕواناکەم جەنگ جگە لە تراژیدیا  پەیامێکی تری هەبێت
***
لەودیو جامخانەشینەکە کچێك دانیشتووەو کڵاوێکی مۆری لەسەرکردووە
جووڵەی قۆڵەڕووتەکانی و گەمەی گوارە پیرۆزەییەکانی و
بریسکەی ئاڵتوونی گەنگەمووی لاملی چەنێ چێژبەخشن
خودا کاتێ بەرزە پێ دەردەکەوێ
باڵا بڵند وبنێس جانتا قاوەییە شۆڕەوەبووەکەی لاشانی
هەستی ژیاندۆستیم لەلا دەورووژێنێ
***
هێزی جوانی لیا  پێکێ شەرابی ئاڵە
شوناسی ئێستاتیکی ڕووەو جیهان دەکاتەوە
***
لیا لەسەر چرپای سپی دەلالەتدا خەوبیباتەوە
لەدەرەوەی کات وشوێن خەبەری دەبێتەوە
***
لیا جوانە نازپەروەریشە کاتێ لەنێو جە نجاڵی کۆمەڵگادا
وندەبێت لە  پارکی شانەدەر دەیدۆزمەوە
گۆڤارێکی شینی پۆرنۆی بەدەستەوەیە و لەئاوەکە ڕادەمێنێ
***

هێزیَ میتاگێڕانەوەی ئارەزوو لەچێژدا نیشتەجێیە
هێزی میتاگێڕانەوەی چێژ لەئارەزوودا
***
زەینم لەنێوان نووسین و پەیڤیندا گیریخواردووە
هەستدەکەم چێژی تێڕامان لە
جوانی ڕوخسارێکی هێمنی شابانوویی لە چێژی
هەڵوەشاندنەوەی دەقێکی کراوە کاریگەرترە
***
ئەوەی گویَ بۆ میتاگێڕانەوەکانی لیا هەڵخا خۆی لە مەلهایەکی سووردا دەبینێتەوە
پڕاوپڕ لە ژنانی ئەمازۆن یەکیان مەمکەکانی لەبنڕا بڕیوەو
کەوانێکی ڕەشی بێتیری بەدەستەوەیە یەکێکیتر مەی دەنۆشی و گۆرانی دەڵێ
کچێکی بالآبەرزی لەشبرۆنزی سەمادەکا و پارچە پارچە جلی تەنکی فڕی دەدا
***
لیا دەڵێ ئەگەر دەسەلآتی جوانی هێلینای ڕەدووکەوتوو نەبوایە
جەنگ بەرپانەدەبوو هکتور وئەخیل ئێستا لەیانەیەکی شینی شەوانەدا
کایەی وەرەقیان دەکرد و شەرابی ئالێیان دەنۆشی
***
جوانیت لەم جیهانەتالەدا ڕووداوێکە جۆش وخرۆشی شیعری شیرین دەکا
***
شیعر ڕووداوێکی زمانییە جوانی بەردەداتە گیانی وەرگر
***
هەستم دووچاری شێتییەك هاتووە هەرچەند لە ستایلی جل وبەرگی
لیا ڕادەمێنم جوانییەکی تازە دەدۆزمەوە

**لیا بەلە نجەوە دەڵێ: دواین وێستگەی لەدەسدانی جوانی شێوە پیرییە**

***

**ئێستا لەم فرەیی وگەمەی زمانییەدا**
**جگە لەجوانی ڕاڤە و جیاکردنەوەی واتا لەبێواتایی**
**فریای نیگەرانییە ئۆنتۆلۆجییەکان ناکەون**

***

**چ ئاژاوەیەکی جوانیناسییە من لەدەسپێشخەری زمان دەدوام و**
**بۆکوێ دەڕۆیشم شتگەل گەمارۆیان دەدام**

***

**خێرا دروستبوونی پەیوەندییەکان قەڵسی کردم**
**پێویستیم بە پشوویەکە لەجوانیت ڕا بمێنم**

***

**هەست ڕووی لەنەمانە مەگەر دەرکەوتنی جوانیت**
**ختووکەی جەستەی وشە بدا**

***

**شەوان عەتری شەوکراسە نارنجییەکەت مەستم دەکا**
**بەیانیان ئاوازی شینی دەنگت**

***

**مرۆڤ بوونەوەرێکی غافڵگیرە جا بیرمەند بێ**
**یاخود بیرتەسك دواجار لەتوورەکەیەك دەکرێ و**
**بەبەر سەرتاشخانەی ( تاج ستایل ) و ساونای ساوین و**
**کتێبفرۆشی جیهان تێدە پەڕێنرێ بەرەو شاری خامۆشان**

***

جووڵەی خۆرسکی کۆمەڵگا دەڵێی ڕیتمی لەخۆوە دارژاوی شیعرە

***

لەئاژاوەی هەڕەمەکی کۆمەڵگادا سوبێکتی بەش بەش بوو

هەم بەشتگەل گەمارۆدەدرێ هەم بەزمان

***

نووسین چییە؟! جگە لەهەڵڕشتنی مەینەتەکانی دنیابینی

***

نووسین لە دڵەڕاوکێی سووردا سەرگەردانە لە دڵەڕاوکێی سپیدا ئارام

***

وڕێنە فەلسەفییەکانت بەشیعرگەرایی بنووسیتەوە

دنیابینی لەنێوان وشەکاندا حەشاردەدرێ

***

فرزەندەکانی ( زێبرا ) بەبۆنی کتێب قەڵس دەبن

حەزیان بە مۆدو وێنە و گەمەی ئەلیکترۆنی و پەیوەندی گرتنی خێراو چرکەی تێپەڕ و عەتری ( بۆس بۆتلید ) و جوانی جەستەیە

***

ژیان گێڕانەوەیەکی گەورەوکراوەیە ئەوەی دێ

بەگێڕانەوەیەکی بچووك بەشداری تیادەکاو دیارنامێنێ

***

جوانی شێوە هەورەتریشقەیە ئاسۆکانی دەق

بە ترس و لەرزو چێژ دەدرەوشێنێتەوە

***

هەرجارێ چێژ لەجوانی لیا ببەم دەقێکی ئیرۆتیکی ڕووم تێدەکا

چاوەڕوانم نە کچە بنێسە قژزەردەکە دەردەکەوێ
نە ژنە ئەسمەرە گۆشتن و چاویلکە سفرەکە
شیعریش لەنێوان هێزی زمان و شتگەلدا گیری خواردووە
***
توونێلە ڕەشەکانی داعش گۆڕستانی زیندووەکانن
ژووری سپی ( ئەبوو ئەنەس ) ژێرزەمینی درۆ ڕەنگاوڕەنگەکانی ئایدیۆلۆژیا
***
چێژی ڕوخساری برۆنزی لیا پیاڵەیەك چای حامز بوایە
بەیەك فڕ دەمخواردەوە
***
جوانی پیرۆز بۆمبێکی چێنراوی ئۆردوی عیشقە
بەتەقینەوەی زەینی داخراوی سوپاسالاری شیعر
ڕووەو خۆشییەکانی جیهان دەکرێتەوە
***
جیهانی ژیان چییە؟ جگەلەجووڵە و سیستمێکی تەڵەزم تەڵەزمی ئاژاوەیی
تیایدا نە مانا بوونی هەیە نە حەقیقەت ئەوەی بۆسوبێکت دەمێنێتەوە
چرکەیەکی شینی هەنووکوییە و تیایدا نیگای دەبڕێتە یاریگەیەکی بێهوودەیی و تۆپە
ڕەنگاوڕەنگەکانی چێژو ئارەزوو بەهەڕەمەکی بەریەك دەکەون
***
کاتێ پەنجە شێتەکانم یاری بە گۆپکەکانی سینەت دەکەن
کۆی سیستمی شینی زمان دەبێتە دەقێکی سپی و دەرگا بەڕووی ڕاڤەیا دادەخا
***

چێژی هایپەرتێکستی بەشە خرۆشاوەکانی لەشی سپی لیا
تـامی پەیوەندی لیمۆی تـرش و بەفری نێو پێکێ جنە
***
کێ هەیە لەبەردەم قەڵەمڕەوی جوانیتدا هۆشی لەدەستنەدا؟!
***
کۆمپانیاکانی مۆبایل لەبازرگانێکی خانەدانی چاوبرسی و
چاوبرسییەکی خانەدان دەکەن ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ
سواڵی سەنت بکا پەیوەندیگرتنی دەوەستێنن
***
سوبێکتم شاعیرێکی شێوەکارە و شێوەکارێکی شاعیر
لەنێوان جوانی ڕەنگ و هێزی وشەدا نیگەران
***
نیگەرانیم ژانەسەرێکی کوشندەیە ڕەگی لەخاکی
خەفتێکی قووڵی بێکۆتـا داکوتیوە
***
تـازە چیم پێدەکرێ مەگەر خەمی قووڵت دەروونم هەڵبوەشێنێتەوە
***
بوون یارییێکی ئایرۆنییە نەبوون یارییێکی لەبیرکراو
سەیری ئەم هەموو پارادۆکس و ئاژاوە و هەڵوەشانەوە بێکۆتـاییە
ژوورە ڕۆشنەکانی ژیان لەکۆشکی مەیلەوتـاریکی زماندا ڕۆنراون
بیرلەچی دەکەیتەوە واچاکە هەر ئێستا هەڵسی و بەڕیتم وشیعرگەرایی
حەزەئیرۆتیکییەکان و چرکە ئاساییەکانی ڕۆژانەت بنووسیتەوە
بەرلەوەی جەستەی گەڕۆکت شیبکرێتەوە

بوون وەهمی نێوخەیاڵە خەیاڵی نێو وەهم

***

مرۆڤەکان لەیەك دەچن من شێت نیم هەستدەکەم لەتە سیمایەکی

لێڵی شاراوەی گەڕۆك هەرجارێ لەڕوخسارێدا دەردەکەوێ

***

دەشێ ژیان کۆکردنەوەی ئاڵتوونی پەرشی قژی شۆخێکی بنێسی

ڕوخسار برۆنزی بێت لەبەرەبەیانێکی زەرددا

***

نووسین هزرین وخەیاڵکردنە کردەی پارادۆکسێکی ئایرۆنی

ئایرۆنییێکی پارادۆکس دنیابینییەکان بەئاوەژوویی دەردەبڕێ

***

لیا وەرگرێکی بەشداری هیدونییە کاتێ خەیاڵ دەییا

تەکنیکەکانی میتاگێڕانەوە و هایپەرتێکست هەڵدەوەشێنێتەوە و

لەفەزای دەقدا چیرۆکەونبووەکە دەدۆزێتەوەو بە ئینتەرنێت

بۆ دانەری دەنێرێتەوە

***

من ئەم پیاوە لەرزەکە دەناسم

ئێستا بەبەردەم

( بنکەی مۆبایلی ئاراس فۆن ) تێدەپەڕێ و

بەحاڵ هەنگاودەنێ لەوێ لەنزیك ( باتا )

لەدوکانە شووشەبەندە فرەجوانە کەیدا بەمەستی

چاکەت و پانتۆڵی سپۆرتی دەدرووی و لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەوت

***

شیعر ژیانە چێژلەجوانییەکانی نەبەی لەدەستت دەچێت

***

ژیان پڕە لە خوێنەری هیدونی ماسکەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و
واتا و نەشئەی ناوازە بە دەق دەبەشێت

***

بوون دەقێکی نیگەران وشڵەژاوە لەبەردەم جوانی وەرگردا هەڵدەلەرزێ

***

ڕوخسار تێکستە هەلگری شوێنەوارەکانی جوانی

***

نازانم چێژ لە عەتری پۆشاکت بەرم یا لە شێوەی قژگرە و لەرەی سینەو جوانی
گەردنی زراڤت

***

بەم گەردوگوڵی بەیانە لەبەردەم باڵەخانەی ( سکای فۆن )
لیام بینی کۆستمێکی کەسکی پۆشیبوو پێدەکەنی و یاری بە مۆبایلەکەی دەکردو
جارجارە دەسی بۆ نێو جانتانارنجییەکەی لاشانی درێژدەکردو
دانە دانە کتێبی دەردەهانی و هەڵیدەدایە سەرشۆستەکە

***

ڕەنگە ئەم بەردەوامییە زمانییە
جگە لە گەمەی دەلالەتەکان شتێکی تر نە پارێزێ

***

جیهان هەسارەیەکی شینی شەکەتە
بەدەوری خۆری ئاڵی زمانا دەخولێتەوە

***

ئیمڕۆ بهاتبای زمان بەمەستی
تەنکی وبنێسی بالآتی دەنووسییەوە
***
چرپا سپییەکە و شەوکراسە نارنجییەکەت لەماڵی شینی شیعردا جێبهێڵە
زمان پاسەوانێکی بێمۆڵەتی نەترسە
***
وەرە لەنێو ئەم هەموو چەرمەسەرییە زمانییە کات بەسەربەرە
***
نەهاتم لەوانەبوو دەرکەوتبای و جوانیت تێکەڵ بە گەمەی زەینی بوایە
ئەوسا زمان ئاماژەکانی بەشێوەیەکی تر ڕێکدەخست
***
وەرگەڕێ و پۆشاکەقاوەییەکەت هەڵدە سەر لاولاوەزەردەکان با لەسەر
سینەی سپیت بنووسم ڕاڤە بەریەککەوتنی ئاسۆکانی چاوەڕوانییە
***
ویستم درزوبۆشاییەکانی دەقی جەستەت پڕبکەمەوە
هێزی جوانی ڕوخسارت گەفی لێ کردم
***
لەوێ لەنزیك ئە پارتمانەسپییەکەی ( سکای فۆن )
لیا جلێکی تەنکی نارنجی لەبەردابوو ئاڵتوونی قژی دەبرسکایەوە
سەرقاڵی کڕینی شەوکراسێکی ڕەش بوو
من تێپەڕیم ئەو بەخێرایی ئاوڕێکی لێ دامەوەو دیارنەما
***
کاتێ لیا بەزمانی جەستە دەدوێ

**شیعر دەسەڵاتی ئیستاتیکی لەدەستدەدا**

***

**شیعر بە سرووتی ( باخوس ) ی بچێتە کەرتی گەشت وگوزار**
**لەشەوێکی شینی ئەنگوستەچاودا وەچەی پیرۆز دەخاتەوە**

***

**نازانم واتای شاراوەی دەقی جەستەی برۆنزیت بەهەڵوەشانەوەگەرایی ( دریدا )یی**
**شیبکەمەوە یاخود بەدیالۆگ وئاهەنگسازی ( گادامێر ) و**
**تیۆری وەرگرتنی ( یاوس وئایزەر )**

***

**هەرچەند لەدرزی سینەت ڕادەمێنم تێزی پڕکردنەوەی**
**( ڕۆمان ئینگاردن ) م بیردەکەوێتەوە**

***

**جوانی هێزێکی ناوازەیە سوبێکتی بەرخۆر دەکاتە بەرهەمهێن**

***

**هەوڵبدە چێژ لە ڕووناکی جوانی ببەی**
**تاریکییەکی چاوەڕواننەکراو چاوەڕێتە**

***

**سەیرکە هاوکێشەی ئاڵۆزی بوونی مرۆڤ**
**چەند بەسادەیی کۆتاییەکەی بەهیچ دەگا**

***

**دوای ئەم هەموو ڕاکەڕاکە تەنیاییەکی خامۆش کەسێ بەلاتەوە تێنا پەڕێ**

***

جوانی لەبەرچاونەمێنێ لەسەرزەمینی پیریی و
گۆڕستانێکی بێکۆتادا دەنێژدرێ
***
ئێستا زەینم سەرقاڵی شوێنەواری ( دال )ێکی خزە
ڕەنگە بتوانم واتایەك بەجوانیت ببەخشم
***
شیعر هەست وهزروخەیاڵە لەبازاڕی ئازادی خوێندنەوەدا ماسکی زمانی
دەخاتە بەردەم خواستی وەرگر دەشێ لەچرکەیەکی هیدونی و
شیعرگەراییدا هەڵیبوەشێنێتەوە و مەرگی دانەر ڕابگەیەنێ
***
بوونی مرۆڤ دەقئاوێزانێکی ئیرۆتیکی وسیمیۆلۆجییە
( بارت ) یاری بە هزرەکانی ( سوسێر وجاکبسون ) دەکا
( دریدا )بەهزرەکانی( نیتشە و فۆکۆ )
***
تۆ شێتی ڕۆژانە لەبەردەم وێنەی هەڵواسراوی کۆمەڵێك مردوو
دادەنیشی و خۆشییەکانی ( جیهانی ژیان ) دەنووسیتەوە
***
( دانافۆن ) لەجیهانی ڕیکلامدا دەشێ ( دال ) ێکی پەتی بێ و
نەیەوێ بەئاماژەیەك شێوەی ( دانا ) ی دیارنەماوم بیر بخاتەوە
***
دوای نەمانت سوبێکتم نوقمی ترازیدیایەکە مەگەر مەرگ فریام بکەوێ
***
لەم جە نجاڵییەجوانە کاتێ جەستەی سپی وگۆشتنت دەردەکەوێ

هۆش بوونی لەدەستدەداو ئیرۆس ئاگری تێبەردەبێ و سوبێکت
سەروکاری بەمەرگەوە نامێنێ
***
دانتێلا شەکەرییەکەت هەڵدە سەر لق و پۆپی ئاقاقیاکە لەشەقامە سپییەکە ڕاکە ژیان
بەخەیاڵێکی ئیرۆتیکیەوە پێت دەڵێ:
بەڕووتی فرەجوانی بەسەماوە گۆرانییەکی شین بچڕی جوانتر
***
لیا لەم ئاژاوە سێکسییە بەڕووتی و یەك بەدەنگی هاواری دەکرد
وەك چۆن تێکست لەبەردەم وەرگری هیدونیدا داکۆکی لەواتای شاراوەی
دەکا ئەستەمە من جەستەی سپیم ڕادەستی نەشئەبازێك بکەم
***
شیعرچییە؟! ڕەنگە هەڵمژینی گۆنای سووری شۆخێکی ئەسمەربێ
لەشەوێکی بەژاوەژاوی وەنەوشەییدا
***
منی شیعر پرۆمیسیۆسێکی نیگەرانە
لەنێوان ڕووناکی ڕوخساری جوانیگەلێکی ناوازەدا سەرگەردان
***
هێزی ئەفازیا پڕە لە تەگەرەکانی پسك بەردەوام یاری بە پیت و
واتاشاراوەکانی دەق دەکاو بەئیماژێك بوون وجیهان ئاشتدەکاتەوە
***
چێشتەنگاو لەبەردەم ( بورصەی گەشبین ) وەستام وبیرم لە ئاڵوگۆڕی
کتێب دەکردەوە جە نجاڵییەکەم بڕی و گەشتمە لای ( مەچکۆ )

کچێکی سپیلکەی لەچك نسکافەیی لەنزیك شووشەبەندەکە سێلفی دەگرت و پێدەکەنی بەژوورکەوتم ئاوڕێکم لەکتێبخانە و وێنەهەڵواسراوەکان دایەوە هەستێکی ڕەشبین پێی گوتم دراو مایکرۆدەسەلاتە

سەرا پای کۆمەڵگای کۆنترۆڵکردووە

***

شیعر هەستیارێکی سەرمەستی ناخودئاگایە

چرکەکانی دڵخۆشی دەگوازێتەوە دڵتەنگیش

***

شیعر گوزارشتە لەهیچ گوتنێکە بەزمانێکی ئاڵۆزی جوانیی

پارادۆکس وئایرۆنی

***

حەزدەکەم لەم ئاژاوەجوانە لەسەر پووزی سپیت بنووسم

شیعر چێژگەرایەکی ڕەشبینی دژە ئیتیکە

***

ئەی جوانی کۆستمە زەردەکەت فڕێدەی و بەجەستەی حەڵواییت

سەمابکەی لەوەیا ڕۆحی جیهانی ژیان بەرەو دیۆنیزۆسیەت

بەری و دەزووی ماسکەکانی مەینەت لەخۆوە هەڵبوەشێنەوە

***

دەشێ وەرگرێکی فتیشیست دوای خوێندنەوەی دەقی ( سۆفیا )

خەیاڵ ببیا و ( زینانی ڕۆح ) لەبانیۆیەکی ئاڵی پڕ کەفاوی

وەنەوشەییدا بتلیسێنێتەوە

***

من شێت نیم وەرگرێکی ناوەکی یاری بەدنابینییەکانم دەکاو

پێم دەڵێ چیتر چرکەڕۆژانەییەکان مەنووسەرەوە ژیان لێوانلێوە
لەخوێنەری شاراوەی فتیشیست و پارانۆیا و هستیری!

***

شیعر فۆرمە چەشنی نەخش وریکلامی بازاڕی کۆن ومۆدێرن
هێزێکی شاراوەی ناوەکی کڕیارەکان ئاڕاستەدەکا

***

ژیان چییە؟! هەڵگەڕانی (لیا) ی باریك وبنێسە لەدارستانێکی شیندا
بەئەقاقیایەکی سپیا یاریکردنی گزنگە لەبەرەبەیانێکی نارنجییدا
بەتاتووکانی سەرگازەرای پشتی

***

من هێرمنیوتیکییەکی نوێکارم لەبەردەم یاری و دیالۆگ و ئاهەنگسازی
ئاماژەکانی نێو دەقی ڕوخسارت سەرگەردان

***

من شێت نیم لەدوڕیانی کولتووره جیاوازەکاندا نیشتەجێم
شەوان لەگەڵ نەشئەی حەشیشی جەستەی برۆنزیتا دەژیم
بەیانیان لەگەڵ ئەفسوونی چاوەزەردەکانت
برێجار لەنێوەندی داخراوی پاسەوانە ناسیۆنالیستە ڕەسەنەکاندا
شە پۆلێك لە هۆشمەندییەکی هەجین بوونم دادەگرێ و هەست
بە نامۆییەکی زەینی دەکەم لە پڕێکا جوانیت دەردەکەوێ و
قەڵەمەکەم لەدەست دەسێنێ و خۆی دەنووسێتەوەو بەیەکەوە
ڕوو لە کرانەوەکانی جیهان دەکەین

***

کێ دەتوانێ بەم دەم ودەستە جووڵە وڕۆشتنی کات شیبکاتەوە

ئەی لەبونیادی قووڵی دەقی کراوەی جیهاندا ئاماژەیەکی شاراوە
پێت ناڵێ لەداهاتووی ئەم سەرزەمینە خۆڵەمێشییەدا
تۆ جگە لە گۆڕێکی تەریکی بەر تیشك وباران شتێکی ترنیت
***
شەبەنگی شێوەی شەکەرییت چەنێ چێژبەخشە
چرکەساتێك لەچاوم جیانابێتەوە
***
خۆری پیرۆزگەرای جەستەی برۆنزیت تیشکی بەرکێ بکەوێت
دەخوازێ لەگەمەیەکی ئیرۆتیکیدا تەفروتوونابێت
***
لەم ژیانە ڕەوتەنییە سێبەری جوانی خۆشیبەخشە
درزی کەمەری شۆخێکی بالآبڵندی سپی دڵپڕووکێنە
***
منی شیعر بەدەرکەوتنی جوانی هەستێکی نامۆ دایدەگرێ و
زمان دەورووژێ ئارەزوویەکی سوور بۆگەیشتن بەچێژ شەهوەتی هزر دەڕێژێ
***
سوبێکت لەنێوان شیعر و جوانیدا ڕاڕا
بەجانتایەك هزر و وشەی پەرش وبلأوەوە دەلەنگێ
***
نووسین لە نجەی هزرە حەشیشی هەست عەقڵی شیعری
خاوەن باکگراوندێکی تۆکمەی مەعریفی نەبێت
بە نەوا وهەڵچوون ودروشمبازی ڕووکەشی خۆی دەردەخا
***

لەم ئە تمۆسفێری نائومێدییە شێوە تاكەی دەمێنێتەوە
سەیری باكگراوندی مارۆنی ئەم وێنەیە
گە نجێكی ڕەشپۆشی شیك پێدەكەنیٚ و دەمێكە سەری ناوەتەوە
***
لیبیدو لەبەردەم ورشەی پۆشاكی نارنجیتدا لەتیٚ ئاگری شینە
مەوەستە هەمیسان بلەرێرەوە ژیان پێدەكەنیٚ و چێژ وئارەزوو بەریەكدەكەون جەستەی
گۆشتنت لیریكێكە لە
مۆنادە پیرۆزەكان دڵ ودەروون دە پڕووكێنێت
***
نووسین چییە؟! تێڕامانێكی قووڵی فەلسەفی لە واتای ڕووكەشی بوون
***
واز لە نەشئەكانی چێژ بێنە وەرە لەمیتازماندا كونجیٚ ڕۆنێین و
یاری بە دەلالەتە سپییەكانی ئارەزوو بكەین
***
وەرە بەم نیگەرانییە لەبەریای شەوی زماندا بەدوای واتا و
سپێدەی جوانییا بگەڕێی
***
ڕەچەڵەك هەستێكی نامۆی دژە مۆڕاڵی ئیستاتیكی وكولتوورییە
چ پەیوەندییەكی بە ڕەچەڵەكناسییەوە هەیە؟
***
بەم نیوەڕۆیە لەبەردەم دەرما نخانەی ( بانە ) وەستاوم و

بیر لە سێدارە ودەسەلآت و فارماکۆنی دەرما نخانەی ( ئەفلاتوون ) دەکەمەوەو نووسین وئاخاوتن چەشنی دوو تۆپی سوور و ڕەشی بلیارد بەریەکدەکەون چارەسەری چی جگە لە ژاوە ژاوێکی شینی زمانەوانی

شتێکی تر بەدیناکرێت

***

ڕۆژانە لەبەرخۆمەوە دەدوێم وێنەیەکی هەڵواسراوی تەریك

بەردەوام شێوەی شێتێتی دەردەخا و چاودێریم دەکا

***

نە تەنها شەوکراسە شەکەرییەکە و دەسکێشە وەنەشەییەکانتم

خۆشدەوێ سەرا پای ئێکسسوارەکانتیشت

***

خۆشی چییە؟ دەشێ لە نجەی کچێکی بالآبەرزی ئەسمەرو چاومەست

بێت لە پارکێکی سپیدا یاخود بزە و نیگاجوانەکانی ( شیلان )ی نازپەروەر

***

سەیرکە چل ودوو وێنەی بچوك بچووکی ڕەش وسپی لەچوارچێوەیەکی قاوەییدا

بەندکراون ڕەنگە جگە لەگۆڕستانی شێوەکان شتێکی ترنەبێ

***

ژیان گەمەی ئاماژەکانە ئێستا سەرەڕووتاوەکەی پیرەمێردێکی شیك

لێرە چا فڕدەکاو جگەرەدەکێشی شێوەی ئەکتەرێکی کوردی کۆچکردووم

بیردەخاتەوە

***

( هێرمس ) نەهات لەم بازنە هێرمنیۆتیکییە ئاڵۆزی ڕستە پیرۆزەکانم

بۆ لێکبداتەوە تازە پێڕاناگەم کات ڕووی لەکۆتایە

ئایدیۆلۆجیا سێبەری شینی شەیتانە و دۆستی نییە

***

بوونی مرۆڤ پنتێکی سپی سەرتەختەڕەشێکە

بە کۆتاهاتنی تەواوی وانەکە دەسڕێتەوە

***

ژیان گاڵتەجاڕییەکی جوانە دوای ئەم هەموو کۆششە

لە پڕێکا دیارنامێنێی

***

سوبێکت سێگۆشەیەکی سوورە لەنێوان بازنە سپییەکانی

سێکس و داراییدا گیریخواردووە

***

بڕێجار لا پەڕەکانی کتێبی سووری ( یۆنگ ) هەڵدەدەمەوەو

شیعر دەنووسم لا پەڕەکانی سوور وڕەشی ( ستاندال ) پەخشان

***

ئێستا لەزانکۆی ( کۆنستانس ) نیوەمەستم دوای گوێگرتنم لەوانەکانی

( تیۆری وەرگرتن ) حەزدەکەم لەگەڵ لیا لەکافێیەك دانیشین و چەمکی جوانی

شیبکەینەوە

***

( جیهانی ژیان ) جگە لە دەقئاوێزان شتێکی تر نییە

کەواتە بەمەستی بیربکەرەوە و بەخوماری بنووسە و

چێژ لە جوانی ببینە لەگەڵ دەقەکۆچەرەکانا دیالۆگی فەلسەفی

بسازێنە چرکەیەك بەڕێوەیە لەچرکەکانی کاژێر ناکا

***

حەزدەکەم بەم بەیانییە لەسەر ڕوخساری سپیتا شیعرێکی ڕەش  بنووسم

***

چەنێ دڵتەنگم لیا بهاتایە جانتایەك خۆشی لەگەڵ خۆیا دەهێنا

***

لەبەردەم تابلۆی جوانیتدا باکگراوندی هزریم دەنووسمەوە

لەنائامادەگیتدا شە پۆلەکانی خەیاڵ

***

شیعر لە پێکهاتەکانی زماندا یاری بە ڕاستییەکانی بوون

دەکا لە پێکهاتەکانی جوانیدا بە وەهمەکانی عیشق

***

زمان لەنێوان خود و کاتدا بەمەستی شیعرگەرایی دەبریسکێنێ

***

ڕەنگە لەشیعردا ناوەڕۆکی فەلسەفی بدۆزیتەوە

لە جوانیدا ناوەڕۆکی ئەڤینی

***

بیرکردنەوەی ئۆنتۆلۆجی  پڕە لە  پرشنگی فەلسەفی

بیکردنەوەی جوانیناسی لە  پرشنگی ئەڤینی

***

جوانی ڕووناکییە لەژیانی بوونی کراوەدا خۆی دەردەخا

***

ئێستا نەریتی باو و جە نجاڵیم  پشتگوێ خستووە

پێویستیم بە پشوویەکی شینە چێژلەجوانیت وەربگرم

***

منی خاوەن خەیاڵگەی شێت بڕێجار لەگەڵ شەبەنگی جوانی شۆخێکی
پێست برۆنزیا دەژیم ئێستا لەبەردەم سکی تەخت و جەستەی دەرپەڕیووی
خانمێکی زەرد پۆشا زەوق وشەوقێکی ئاگرین دایگرتووم و خەریکە وێران
دەبم مەگەر بەدەقێکی ئیرۆتیکی جۆش وخرۆشی فارماکۆنی زمانی نەفرین
دامرکێنمەوە

***

بزەت چەنێ شیرینە لەرەی هەرمێکانی سەر سینەی بڵندت شیرینتر

***

لێڵی تەمی زەردی جوانیت شێتی کردم ئاڵۆزی لە نجەی نارنجی ڕۆشتنیشت

***

من یاریزانێکی میتۆدی ( میشێل بیکار ) م ڕۆمانی ( مای نەیم ئز لەیلا ) م
بەدەستەوەیە ولەتردەدەم گەیەنەرێك نیم لەنێوان دەق و جیهانی دەرەوەدا
دەمەوێ بەخوماری نوقوومی دنیای وێژە وگەمەی دەلالەتەکان ببم و
خەیاڵ ونائاگاییم بنووسمەوە

***

نیوەڕۆ بە سەرگەردانی هاتم سپێدەی ڕوخسارت ببینم پۆشاکە پرتەقاڵییەکەت
لەبەردانەبوو جلێ دەتوت دانتێلایەکی ڕەشە
سینەی سپیتی دا پۆشیوە من دەدوام تۆ یاریت بەقژگرە زەردەکەت
دەکرد وتم خودایا ژیان چەشنی جوانی سەرا پای ڕێکەوت وڕووداوە بزەیەکت بۆ کردم و
ڕۆیشتم

***

( ت ) لەجیهانی ئەفازیادا پیتێکی مەلعونە ( ع ) و ( م )
لەگرتەیەکی سینەماییدا مەلعونترن

ژنێکی باریك وبنێسی میهرەبان بەلە نجەی شینی
ژیان پڕدەکا لەخۆشی دەررون لە ئاسوودەیی

***

چیم داوە لەهەڵرشتنی هزری دۆگما پیاسەیەك
لەکووچە زەردەکانی جیهانی ژیاندا بەتەنیایی دڵخۆشکەرترە

***

شیعر ڕامیارێکی هەستیارە لە پانتایی ئاژاوە وئارامیدا
وێڵی نێچیری جوانی

***

ئەی جوانی پۆشاکە نارنجییەکەت وشەی پەتی لێ دادەڕژێ
ستیانی سینەی بڵندت ڕستەی پڕ مۆسیقای غەمبار

***

من دەزانم شێوەی پەتی بوونی نییە
هەرچەند لەدەقئاوێزانی ڕوخساری جوانیت ڕادەمێنم
شوێنەواری دەقێکی غایبی تیا نادۆزمەوە

***

دەشێ وجود لە پێناو چێژبردن لە جوانی خوڵقێنرابێت
بەم نیوەڕۆشینە کچێکی بالآبڵندی حەڵوارەنگ لەبەردەم ئە پارتمانێکی سپییا
بەسادەیی وەستاوەو برۆنزی دەچێتەوەو چاودەگێڕێ و
یاری بە نقێمیی پیرۆزەیی ملوانکەکەی دەکا و جارجار پێدەکەنێ
منی نغرۆی گەمە ئاڵۆزەکانی فینۆمینۆلۆجیا وهێرمنیۆتیکا
زەینم بەتاڵ بەرامبەر تابلۆ ئەفسووناوییەکە واقم وڕدەمێنێ و
بەدەم ڕێوە وڕێنەدەکەم

منی شیعر فینۆمینۆلۆجییەکی دژە ئیتیکی هێرمنیۆتیکییە
هزری بوونگەرایی و شەبەنگی شێتی و هەستی جوانی دەنووسێتەوە
لەبەردەم لە نجەی شینی شۆخێکی تێپەڕدا هۆشی لەدەستدەدا

***

ئەستەمە لە پێکهاتەی زەینیەتی سونەتیدا پرشنگی جوانی و
هزری مۆدێرن بدۆزیتەوە لەوێ وشە دەقیژێنێ و ڕستە
فیکەدەکێشێ و لالآنەوە سەروکاری لەگەڵ دروشم و تێمای تەقلیدییە

***

مرۆڤ چاکتروابوو درەخت بوایە
وەرە دوای ئەم هەموو هەوڵە لە پڕێکا بنێژرێی

***

لەنێوان لەدایکبوون و ناشتندا مەوادایەکی شینی
جیوەیی هەیە پڕاوپڕ لە دڵخۆشی ودڵتەنگی

***

مرۆڤ بوونەوەرێکی سپڵە وبێعارە لە کەشی ڕەشیشدا دەخرۆشێ

***

شێوەی وەهە سییەکەی ( لاکان ) ە ( نەرسیس ) لەئاوە
شین ودرەوشاوەکەدا بەدوای هیچدا دەگەڕا

***

واز لە ( هێلینا ) ی ڕەدووکەوتوو بێنە جوانی هێزێکی کوشندەیە
لەم واقیعە دیجیتاڵییە چەندین جەنگی جۆراوجۆری ناوەتەوە

***

( دازاین ) چییە؟! بەم هەموو هزر و نیگەرانییەی جگە لە گومڕایەك

ڕەنگە لەسەرەتادا خۆشی باڵادەست بوبێت کارەکتەرەکانی دەقی ( لەیلا ) کۆمەڵێك
خوێنەری وەرگری دژەئیتیکی هیدونین بڕوایان بەتاکئاشقی
نییە زۆرتر خۆیان لە جیهانی جوانناسی و چێژی ئیرۆتیکیدا دەدۆزنەوە
***
وتم ( فۆکۆ ) واز لە تۆڕی تێکچڕژاوی پەیوەندییەکانی
مایکرۆدەسەڵات بێنە شیعر ڕەگێکی لەشێتییە بەگەمەی کەفەڵی
خاتوونێکی چاوباشقاڵ شیلەی ئیرۆتیکی لێ دەڕژێ بەتیشکی خۆری ڕوخساری خانمێکی
لەشبرۆنزی هەستی ئیستاتیکی
***
ژیان دەقئاوێزانێکی ئیرۆتیکییە هایپەرتێکستێکی ئیستاتیکی
مەرگ دابڕانێکی سپی لە فرەلقی
***
ڕۆژنییە خەمی قووڵت لایەکی تەلاری بەرزی زەینم دانەڕمێنێ
***
دەشێ شێتی چارەسەرێکی تەندرووست بێت
هەرنەبێ لەهەژموونی گێڕانەوە بچووکەکان دادەبڕێم
***
ژیان چییە؟! جگە لە ڕۆشتنی کات و بەدوایەکداهاتنی
چێژ ومەینەت  مەینەت وچێژ
***
هەمووی هەر هیچ جگە لە هەوڵێکی هەمەڕەنگی بێهوودەیی
شتێکی تر بوونی نییە
لەئە تمۆسفێری ڕەنگاوڕەنگی زیندەگیدا هەمووشتێك کاتییە

ڕەشەکان دیارنەمان سپییەکان ماونەتەوە
خەریکە نۆرەی ئەوانیش دێ

***

دڵم بەرچی خۆشبێت لەو پەڕی شادیدابم بیرلەمەینەتت
بکەمەوە دڵتەنگی دامدەگرێ

***

ماڵی جوانی یار پڕە لەجووڵە و زمانی وێنە
کاتێ نیگای دەکەم بێدەنگی دەمباتەوە

***

فۆرمی جەستەت چەنێ جوانە مۆنادەحەڵواییە شاراوەکان جوانتر

***

هەموو بەشەکانی لەشت لەیەکدەکەن لێوانلێو لە پارچەکانی
موزیك وما تماتیك وکات وچاکە وجوانی

***

ویستم لەڕێگەی جوانیتەوە بیربکەمەوە زمان زویربوو

***

ڕۆژنییە نەغمەی نێو جوانیت تێکەڵ بە وێنەهزرییەکانم نەبێ

***

سەرا پای باڵەخانەی زەینیم
بگەڕێی جگە لە چێژی جوانیت شتێکی تری تیا نادۆزیتەوە

***

ڕوخسارت دەقێکی کراوەیە لێوانلێو
لە درزی سپی منی ( هێرمسگەرا ) چی بکەم

لەدیدارتا شیعر وجوانی باوەش بەیەکادەکەن

***

شیعری مەلعون بەرهەمی چرکە بێهۆشییەکانی مە یخانە وساقیخانە و نایت کڵەبە
شیعری سونەتی بەرهەمی چرکە هۆشمەندییەکانی نەریتخانە

***

شیعر وتن و ڕاڤە و جوانییە دەستی لە ڕووکەشگەرایی ودروشمبازی شتووە

***

جوانی هێزە خەیاڵگەی شیعری دەورووژێنێ

***

ئێرەچییە جگەلە شوێنگەی دەرکەوتن و دیارنەمانی بوون

***

جوانی جووڵەیەکی سەرسووڕهێنە لە پێکداچوونی
هزروزماندا حەزی بە جێگرتنەوەیە

***

شیعر کۆت و پێوەندەکانی زمان لەدەرگاوە بکاتەدەر
جوانی لە پە نجەرەوە دێتەژوورەوە

***

جوانی یاری بە پێکهاتەی زمان نەکردایە چیمدابوو
لە دەستپێوەگرتن و کوتبڕی

***

شیعر فۆرمسازێکی چێژگەرایە دەشێ لەتراژیدیادا
یۆتۆپیای جوانی بنووسێتەوە

شیعر بوونەوەرێکی شێتە ئولفەتی بەجەستەی
برۆنزیتەوە گرتووە بەلیریکیەتی گیانیشت
***
شیعر بەتامی ئایس کرێمی لاملت مەستە
بەچێژی کاپۆچینۆی ڕوومەتت خومار
***
بەم گەردوگوڵی بەیانە بیرم دەکردەوە شیعرچییە؟!
دەشێ لەشەوێکی پرتەقاڵیداخاڵ ومیل ڕشتن بێت
لەسەر لاجانگی سپی لیا
***
شیعر بوونەوەرێکی ڕاڕایە لەنێوان لیریکیەتی زمان و
ڕۆحی دیۆنیزیۆسیەتی لیادا عاشق بە شەبەنگێکی شەکەری
***
شیعر جووڵە پێکردنی بوونە لەناوخۆ-وە —بۆخۆ
***
ژیان دیاردەیەکی شینە رووداوێکی سپی ڕێکەوت وایکرد جوانی برۆنزیت
لەگەڵ بوونی شیعردا دەربکەوێ
***
شیعر بەنەبوونییەوە ڕووی لەجیهان کردو
ویستی ناوەڕۆکێکی سپی دابهێنێت تووشی فۆرمی جوانیت هات
***
چەنێ نیگەرانم دەشێ بوونم جگە لە زنجیرەیەك کات شتێکی ترنەبێت
***

ڕەنگە لەژیاندا لەگەڵ جوانیدا بخەوین لەمەرگدا لەگەڵ کات

***

منی شەیدا کۆی تەمەنم ڕادەستی شیعر کرد جگە لە
چێژی جوانیت چیترم بەدەستنەهێنا

***

وەرە لەگەڵ ئەم هەموو خڵتەیە تێکە و فڕکە

***

ڕەنگە خوێندنەوەی شیعرێك بەتامی قاوە
لەدانیشتنی هەڵەوەڕێك خۆشتربێت

***

دەشێ ستایلی شیعرم لەفۆرمی جوانیتەوە سەرچاوەی گرتبێت

***

کاتێ خەیاڵی جوانیت لێمدەدا خەم دامدەگرێ

***

لەگەڵ دەرکەوتنی شێوەی جوانیت ناشیرینیی بڕستی لێ دەبڕێ

***

زمان بەچکەیەکی بێ دایك وباوکە لەبەردەم نووسینە
سێکسی وسۆفیزمییە پڕ شێتییەکانی
( ماركیز دی ساد ) و( جان جینێ ) و ( شارڵ بۆدلێر ) و بیرمەندی مەلعون
( جۆرج باتای ) دا واقی وڕماوە

***

لیا خوێنەرێکی جیاکاری هیدونییە لەفەزای شینی دەقدا
دەستبەسەر فرەیی واتا دادەگرێ

لیا چێژ له  مۆبایلی ڕەشی هۆشمەند دەبا من له شیعری سپی هۆشمەند

***

من لەجوانی دەدوێم بیرتەسك خەریكی ڕۆكردنی تووڕەكەیەك دروشمە

***

چەنێ  غافڵگیرم كات دەڕواو لەخۆوە پێدەكەنم

***

دەستەواژە نەما مۆنادی جوانیتی تێ نەتر نجێنم

***

لەم چركەساتەدا شێوەی جوانیت مەستم دەكا

***

ئەوە چێژی جوانیتە هانم دەدا گەمەكانی بەرهەمهێنانی
واتا ئە نجامبدەم

***

بەدەركەوتنی  جوانیت زمان ژیانی  تیا دەگەڕێ

***

ئێستا كتێبی ( ئێستاتیكای ئەدەبی ) م بەدەستەوەیە ( ڕۆمان ئینگاردن ) ی
بیرمەندی هۆڵەندی و قوتابی هوسرل ٧٧ ساڵ ژیا  و منیش تازە واخەریكی
پڕكردنەوەی  درزە سپییەكانی دەقم

***

لەم سەردەمی بۆشاییگەراییەدا سوبێكت تەنها بەدوای چێژگەراییا دەگەڕێ

***

بەمایە پووچبوونی گێڕانەوەگەورەكان خولیای خودگەرایی ڕووی لەخۆشییە

***

هەمووشتێ بەبەکاربردن چالاك دەبێت جوانی لێ بترازێ

***

لیا بدوێ زمان واتای لێدەڕژێ ڕوخسار جوانی

***

سەیری ئەم هەموو بەیەکداچوونەئاڵۆسکاوە نووسین لە ئاخاوتندا
نیشتەجێیە و ئاخاوتن لەنووسیندا و شیعر لەزمان و زمان لەشیعردا

***

ئێستا چی بکەم سووژەم بارستاییەکە لەنەست چاوم لێیە
خەیاڵ چەشنی ئاو وخوێ لەنێو یادەوەریدا دەتوێتەوە

***

نازانم بەکوێتدا هەڵبڵێم جوانیت سێنتەر وڕووبەری داگرتووە

***

دەشێ ئارامی لەماڵی هۆگریدا نیشتەجێبێت نیگەرانی لەماڵی ئاژاوەدا

***

نووسین چییە؟ وتن و ڕست و ڕەوت و گرێچنەیە
لەتۆڕی ئاڵۆسکاوی زمانیدا هەرناوێك ئاماژە بۆ شتگەلێك دەکا

***

نیگەرانی مۆنادێکی خزە بەڕۆشتنی کات تێکەڵ بە مەرگ دەبێت

***

کۆمەڵگا لە فۆڕم و پێکهاتەیدا لە کۆکتێلێکی بێڕەنگ و
کۆگای نەستی ئارەزووەکان و تەشتێك هەریسە دەکا
پڕاوپڕ لە مرۆڤی ئاسایی و شێت وسۆزانی و هاوڕەگەزخواز و
بیرمەند وجیهادیست و ڕا پۆرت لێدەر و سپیکارانی دراو و باندی بکوژو شەوکووت؟

هەستی شێتئەنگێزم چێژ  لە ئاوازی دەنگ  و
ڕەنگی  دەسکێش و دانتێلاکەت دەبا
***
کات چییە؟ جگە لە بەیەکداچوونی  ژین ومەرگ
***
شیعر ئەنارشیزمێکی  ئازادی خوازە ئازادی خوازێکی ئەنارشیزم
***
ئێرۆس ماڵی شینی ئاهەنگسازییە کاتێ نائاگاییم
دەدوێ لیا هەستی لەخۆی دەبڕێ
***
بڕواناکەم  جگە لەجوانی شتێ هەبێ چێژی گیانیم  پێببەخشێت
***
جوانیت ڕووناکییە کاتێ لەئاسۆکانی هۆشم  پرشنگدەدا
ژیان بەلە نجەوە دەبینم
***
ئێستا خەیاڵی شتەکان دەنووسمەوە عیشق و چێژی جوانی  و خرۆشانی ئارەزووەکان
***
شاعیرانی چێژ وخۆشیگەرا لەباغەکانی کۆماری ئەفلاتوون
دەرکران من لە ڕەزی شینی  ئەمارەتی جوانیت
***
خەڵکی هیچ کوێیەك نیم یاریزانێکی  بێ  شوناسی  جیهانی ڕاڤەم جارێ جوانی
نەکەوتبووە نێو سکی وشەوە باوەشم  پیاکرد لەوساوە  پێکێك مارتینی دەخۆمەوە و
لەدەقی هەڵوەشاوەدا بەدوای  واتای شاراوەدادەگەڕێم

ئەم هەموو ڕووبەرەم بۆچییە پەردە کوللەیەکی شەکەری بەسە جەستەی خرۆشاومان کۆبکاتەوە

***

جوانی واتای بنەڕەتی هەبوایە بوونی نەدەبوو

***

چەنێ چێژبەخشە لەبەردەم شێوەی جوانیتا بتلێك کۆنیاك بنۆشم و بەیەکەوە گۆرانی بڵێین

***

بەزمانم داهات لەداهاتی جوانیت بدوێم

***

من دەقی کراوە دەنووسم نەیارە داخراوەکانم تەپکەم بۆدەنێنەوە

***

لیا تومەز لەنەسلی چوالەیە من عەترم دەکرد بەقژیا ئەو پێدەکەنی کاتێ سەرم هەڵبڕی کۆشی پڕببوو لە بایام

***

هزر هێندە درزی تێکەوتووە دڵنیایی لەکوێوەبێت

***

جوانی دەرنەکەوێ نە ئەڤین ڕووت تێدەکا نە شیعر

***

دەسەڵات لە فیکەی شینی ( فرانتس کرومر ) ترسناکترە

***

دڵخۆشبی جوانی خۆی بەماڵی عیشقتا دەکا

***

گۆنات شوێنەواری فرەواتاییە بەیەك ماچ خۆی نادات بەدەستەوە

***

(نیتشە) پێیوایە بوون هەڵمە منیش بیرکردنەوەم لەنێوان
فینۆمینە و نۆمینەدا گیریخواردووەو ڕووی لەهیچە

***

مردم ئەوەندەی پرشنگی جوانیت
لەماڵێکی ئەندێشاویدا نیشتەجێبکەم

***

ویستم جوانی ڕوخسارت ڕاڤەبکەم تێگەیشتنم لەدەستدا

***

هەرچەند جلەکانت فڕێدەی جەستەی برۆنزیت جوانتر دەدرەوشێتەوە

***

بەڕووتی دەرکەوی بوونەوەرەکان ئامێزبەیەکادەکەن

***

واتای دەقی جەستەت نغرۆی پێوارێکی تەواوە تازە نایەتە دەست

***

زمان گرفتارە مەگەر لەڕێگەی جوانیتەوە بدوێ

***

شیعری هەڵەوەڕ هەرچەند بڵێ هیچ ناڵێ

***

جوانیت بەیانیان بەبێدەنگی لەخۆی دەدوێ
شەوان بەدەنگەدەنگ لە شیعر

زمانی بیرکردنەوەم چییە؟ ئەوەنییە جوانیت
تێکەڵ بە هزری شیعریم بووە
***
هێزی جوانیت بڕێجار بوونی زمان بەرەو وتن ودیارکەوتن وناونان دەبا
زۆرجار بەرەو بێدەنگییەکی تەواو
***
هزری شیعری جگە لە یاریکردن
بەئاگرێکی شینی شەونماوی شتێکی ترنییە
***
جوانیت زمانە واتای ئاماژەکان دەشارێتەوە
***
دەشێ لەڕێگەی جوانیتەوە لە پووچێتی گەردوون بگەم
***
دیالۆگ لەگەڵ جوانیتا چێژبەخشە گوێ هەڵخستنیش
***
من وجوانیت دووبوونەوەری سەرگەردانی کاتین
***
ڕەنگە لەبیرکردنەوەی شیعریدا جوانیت شوێنی هزر بگرێتەوە
***
هێزی جوانیت ستایلی نووسینی پێ گۆڕیم ئاهەنگسازی ڕستەش
***
هەوڵمدا لەزمانی دەقی ڕوخسارت بگەم جوانیت زویربوو
***

من هێرمنیۆتیکییەکی شێتم هاتووم کتێبی پیرۆزی ڕوومەتت ڕاڤەبکەم

***

لەبەردەم فۆڕمی جوانیتا هۆگری لەمیتۆد کاریگەرترە

***

بڕوانە نە جیهانی ژیان موڵکی ئێمەیە نە سرووشت

***

مرۆڤ نیشتەجێی قەڵەمڕەوێکی بێشوناسە و
لەگەڕیدەیەکی سەرگەران زیاتر نییە

***

لەزەمەنی داخراوی بووندا
شیعر بەرهەمی تێگەیشتنێکی کراوەیە
جوانی بەرهەمی بڵێسەی جەستەیەکی شێك

***

ئەستەمە
لەم نامۆییە سپییە جوانیت فریام بکەوێ

***

جوانیت وشە بوایە جیهانی تیا دەردەکەوت

***

ئەم دەرکەوتن و پەردەپۆشیەی بوون وەڕسی کردووین

***

وەرە سەربەم سەردەمەبەو لەمێژووگەرایی جوانی بگە

***

جوانیت شەپۆلی دەریایە نە مێژووی هەیە نە جوگرافیا

ئێستا وێناكردنم پڕبووە لە پرشنگی جوانیت دڵم لە عیشقت

***

جوانیت خۆت نیت ئەویترە

***

ژیان چییە جگە لە ئاڵ وگۆڕ و پەیوەندی گرتن لەگەڵ دەقی جوانییا

***

ڕەنگە ئولفەت گررتن بەجوانی لەم نامۆگەرییە ڕزگارم بكا

***

هەرچەند هەست بە تێپەڕینی كات بكەم تاسەتدەكەم

***

شەوان جوانیت لێ دەبارێ بەیانیان عیشق

***

واتای جوانیت هێزێكی شینی كوشندەیە

***

ژیان دەقێكی بێدەنگی درەوشاوەیە نەیدوێنی نادوێ

***

لەنزیك كەڕەهە نجیرەكە ودارهەنارە گەلاڕژاوەكەدا چێژی ماچی مزر و برۆنزیت پێم دەڵێ: ژیان چەند چركەساتێكی تێپەڕی جوانە

***

چ نامۆگەرییەكی گیانییە ئەستەمە دەسبەرداری ئازارەكان بین

***

بڕواناكەم شتێ هەبێ لەدەروونی مرۆڤ ئاڵۆسكاوتر

***

دەزانم جوانی لەدروستبوونی  واتا دەکا ولەناکاو دەردەکەوێ بەڵام
نازانم ئەوشۆخە چێژگەرایە بۆ وا خرۆشاوە و خەریکە ئاگردەگرێ
***
مرۆڤ بوونەوەرێکی  لەنێوچووی مێژووییە زوو یا درەنگ
دیارنامێنێ و شتێ لە سەیرووڕەی هەمیشەیی ناگۆڕێ
***
کۆمەڵگا لەڕەهەندێکەوە لە سرووشت دەکا نە یەکسانی تیایە نە داد پەروەری
***
وەرە لەنێو ئەم هەموو نەیار و کینەلەدڵانە دەقی ئیستاتیکی بنووسە
***
لێرە دژایەتیکردن بۆتە کولتوور نەزان و ڕووبینەکان بۆیان بلوێ  تیرۆرتدەکەن
***
خودایا توانام بەبەردابێنە مێشکی تاریکی جەهل بەدەق ڕۆشنبکەمەوە
***
سەردەمی  شۆخیکردن بەسەرچوو کینە شوێنی مەحببەتی  گرتۆتەوە
***
پێشتر لەبەردەم  شێوەی جوانیتا  زەوق وشەوق دایدەگرتم و
تووشی شۆك دەبووم ئێستا نیگاکردنی جارانم نەماوە
***
تاوناتاوێ دڵەڕاوکێیەکی کوشندە دامدەگرێ
خوازیاری  دیارنەمانێکی لەناکاوم
***
دواى نەمانت هەستم سڕ گوێ  بۆ میوزیکیش هەڵناخەم

بێخەم چەندە لەخۆباییە شای بەسە پانی خۆی نازانیٚ

***

ژیان لەسادەترین هاوکێشەیدا ڕەچەڵەکی بوون

بۆ هیچگەرایی دەگەڕێنێتەوە

***

( ئاسۆی چاوەڕوانی ) یارییەکی ڕاڤەییە لەتراژیدیای بووندا

بەدوای واتادا دەگەڕێ

***

بوونی مرۆڤ دەسکەنەعنایە بوایە بەعەتر کۆتایی دەهات

***

عیشق داگیرکردنی جەستەی برۆنزیت نییە

یارییەکی ئیرۆتیکییە لەگەڵ جوانیتا

***

عیشق بوونە بڕوای بە جوانی و جیاوازییە

***

عیشق هێزێکی بوونگەرایە لەگەڵ مۆرالا تەبا و

لەگەڵ ئیتیکا ناتەبا

***

لەنێو هێزی ژیاندا چی لە دەسەلاتی ئەم هەموو سە پێنراوانە دەکەی

***

ڕەنگە شیعر چەشنی عیشق هێزی تاکگەرایی بپارێزیٚ

***

عیشق شیعرە بەفۆڕمێکی میتافۆری گوزارشت لەجوانی دەکا

منی عیشق بە مۆسیقای زمانت مەستە بە پرشنگی جەستەت خرۆشاو

***

خۆزیا جوانیت بەنەبوونەوە گریٚ نەدەدرا

***

دەشیٚ ئیستاتیکای بیٚئیتیکی خەیاڵی شیعر برِیٚجار
لەرِەفتارەکانی ( یوسف ) بکا کاتیٚ لەگەڵ ( سوو ) ی کچە پەرستارا
گەمەی سیٚکسی دەکا مەراقیەتی ( سۆفیا ) ی ژنە چاوباشقاڵی
بەنهیٚنی نیگای بکا

***

رِەنگە خەیاڵی شیعر لەسیٚبەری جوانیدا چیٚژی ئیرۆسی
بنووسیٚتەوەو نەفرەت لەمەرگ بکا

***

سیٚبەری جوانی جووڵەیەکی فرەرِەنگی بیٚسنوورە ئەستەمە ( ویستی هیٚز ) لەنیٚوی
بەریٚت لەوانەیە بەدەرکەوتنی واتا بەبوون ببەخشیٚت

***

لەئیٚستادا سیٚبەری جوانیت دەربکەویٚ بەحەزیٚکی هیچگەرایی
خۆشم دەویٚی

***

هەستم لیٚوانلیٚوە لەجوانیت کەچی ئەوەی من و شیعر کۆدەکاتەوە نیگەرانییە

***

شیٚوەی رِوخسارت شیعریش بوایە
ئەم هەموو گۆرِانکارییەی بەسەردادەهات

***

شیعر بێ خود و ناوەڕۆکە لەهیچەوە بوونی زمانی دادەهێنێ

***

ئێستا لەناخمدا ئازادم بۆیە سێبەری جوانیت تێکەڵ بە شیعردەکەم

***

شیعر بە ڕاکشان لەسەرپشت دەنووسرێ

بە وەستان ودانیشتن و ڕاکردن و پیاسە کردنیش

***

کاتێ دڵەڕاوکێ دامدەگرێ بەدەفتی سپی چرکەڕەشەکان بەڕێدەکەم

***

هزر لەماڵی هۆشدا نیشتەجێیە جوانی لەماڵی جەستە شیعرلەماڵی زمان

***

کات بێپەروا تێدەپەڕێ بوونە و لەبێواتایی وهیچ وڕێکەوتەوە

سەریهەڵداوە ئەی جوانی لەکوێیە ؟!کاتێ دەگاتە نیشتمانی بێدەنگ و ڕەسەنی دازاین

تۆزێ واتای نارەسەنی پێببەخشێ

٣١-١٢-٢٠١٥-----٣١-١٢-٢٠١٦

لەمانگی ٤ی ٢٠٢٣ بەدەقی ( پەخشانی زەرد )دا چوومەوە

وێڕای ئەنجامدانی هەڵەبڕی و ڕێکخستنی نووسینەکە ، کۆپلەگەلێکی تازەی بێئەژماری شیعریم تیانووسی لەوانە دەقی ( لانە ) و هی تریش

هاشم ئەحمەد سەڕاج

# شیعر و وشە

**( پڕۆژەی شیعریی ٢٠٢٣ )**

هەستی ئیستاتیکی زەین بەرەو ڕوانینن و تێگەیشتن و بیرکردنەوە
دەبزوێنێت و شیعر بەگومڕاییەك ناواخندەکا
بەهەوا و هەوەس و ئارەزووی حەرام و تراژیدیاوە بلکێت و
بەدیدیکی نوێوە گوزارشت لە چەمکی جوانی و غوربەتی بوونگەرایی بکات بەلاّم شتگەل
و بوونەوەرەکان هێندە سرکن هاوکێشە دەروونییەکە ئاوەژوودەکەنەوەو مانایەکی ڕوون
نادەن بەدەستەوە!

***

لەبەردەم دەرکەوتن و پرشنگدانەوەی جوانیدا بیرکردنەوەم سڕە
ڕوانینم مەست وزەی ئارەزووم هەلاّیساو چۆن دەتوانم دەستبەرداری
جەستەی بنێس و درەوشاوە و عەتری قژگرە زەردەکەت بم !

***

ئێوارە ئارامیم لێبڕابوو بەمەستی
ڕووم کردە ماڵە شینەکەی (کالیاس)
مشتومڕێکی گەرم بوو لەگەلّ پێتێخستنم وتم:
جوانیی تێکەڵەیەکە لە چێژ وزانین
سۆکرات یەکسەر سەری هەڵبڕی و وتی:
مەبەستت چاکەیە

وتم من له هێزی دڵخۆشی و ئاسوودەگی دەدوێم
ئەوەی بەرەو بیرکردنەوەو بیرهاتنەوەو تێگەیشتنمان
دەباو لێناگەڕێ ترسمان لێبنیشێت و
قەڵەمڕەوی فۆڕمی ڕوخساری
شوێنگەی خۆشی و ئەندێشەی بێسنووره
هەم یەکە و هەم فره
وابەستەی دەرکەوتن و پرشنگدانەوەیە
بەلەز دێتە بوون و بەلەز لەناودەچێت
سۆکرات بزەیەکی گرت و بەبێدەنگی
چاوی تێبڕیم !

***

جوانیی مەیلی عیشق بەرەو شیعرگەرایی دەبزوێنێ و
چێژ و ژیریی تێکەڵ دەکاو
گوڕوتین بەسوبێکت دەبەخشێ
له غوربەتی ئیستاتیکی و مەعریفیدا
بەدوای یەك و فرەییدا بگەڕێ و
هێما و کارلێك و وێناکردنەکانی
سەبارەت بە ژینگەو دەوروبەر
بەهەست و ڕیتم و خەیاڵ
بڕژێنێتە نێو چییەتی زمانەوە!

***

وەها ئەندێشە بکە سوبێکتت لەنێوان ئاوەز و چێژدا
گیریخواردووە و

تاسەیەکی تێکەڵ و بێسنوور
وزەی ئارەزووت دەورووژێنێ و
درك دەکەی جوانیی تەنها یەك فۆڕمی نییە
هەرئەوەندەی چنگت لێی گیربوو
ڕەنگە لەیەکدا بەدوای فرەییا بگەڕێی
ئاخر کێشەکە وابەستەی ژیریی و زرنگیی نییە
بەڵکو بەهەستی هاتنەبوون و لەنێوچوون و
مۆسیقای غەریزەکانەوە لکاوە
کەبوونت بە وێستگەکانی شادی و تراژیدییا
تێدە پەڕێنێت !
***
دەقی کراوە هەڵگری ڕۆحێکی ئەنارشییە و
کۆت و پێوەندو نۆرم و پێوانەو
قاڵبەکانی سیستم و جیهانی هزر تێکدەشکێنێ و
بەڕوانینێکی قووڵ و نوێوە بەدوای ویست و جوانیی و
ئازادی تاکگەرایی و بەهای ئیستاتیکییا عەودالْ!
***
بەدگۆیی نەگریسەکان بخەرەلاوە
ژیان تێکەڵەیەکە لە چێژ و زانین
وێڕای ئازارە کوشندەکانی !
***
زەینم لەنێوان
چەمکی ڕێکەوت و ژیریدا گینگڵ دەداو

لەژێر سیستمی ڕێك و پێك و هارمۆنی گەردووندا
بەسەراسیمەیی خواستی ناڕێکی
بەخودی شیعرەوە گرێ دەدا!
***
شیعر ڕاڤەی بەدوادانەیەت درزەکانی وەکوخۆیان دەمێننەوە!
***
لەوێناکردنمدا بۆ زیندەگی
ڕۆحی گەردوونم لەلا لەهەمووشتێك جوانترە !
***
جوانی فۆڕمە و چێژی لەخۆیدایە!
***
جوانی فەرمانڕەوابێت چێژ سنوورە دەسکردەکان تێکدەشکێنێ !
***
شیعر هارمۆنیای نێو ماڵی سوبێکتە!
***
لەم هەرا و زەنای زمانییە جوانیی ڕوخسارت
چ ژاوەژاوێکی خەتەرناکی نایەوە
خەریك بوو منی داماو
لەنێوان بیرچوونەوەو بیرهاتنەوەدا
یادەوەرییەکانم ونکەم !
***
نازام ئارەزووم بەهەستمەوە لکاوە یاخود هەستم بەئارەزوومەوە !
***

شیعر لەنێوان چێژی دروست و نادروستدا نیگەران!

***

شیعر ئارەزووی نوێبوونەوەی نەبێت
بە فۆڕمی کۆنەوە دەنووسێت!

***

تۆ ئەی دۆگما
پێم نەوتی بوون جوانییەو لە پەیدابووندا نیشتەجێ
گەروابڕوا
بەهەمان ژان و بوغزو کینەوە سەردەنێیتەوە !

***

لەتێکەڵە و پێکەڵەیەکی نەسازاو و سەیرو سەمەرەدا
گیرۆدەی شیعربووم ئەگەر دەرگاکانی هزرم
بەڕووی جوانییا ئاوەلاّ نەکردایە
نەتەنها وشە دنیابینیش تیادەچوو!

***

جوانی درکە هەستیەکانیش مەست دەکا!

***

چێژ بە چاکە و نیکییەوە نووساوە
دەشێ لە ئاوەز بالاّتر نەبێت!

***

شیعر پشێوی و شڵەژان نەنێتە نێو سیستمی زمان و
زەوقی ئیستاتیکی تەقلیدییەوە
شیعرگەرایی بە درەوشانەوەو

پرشنگدانەوەیەکی چێژپرژێنەوە
ناکەوێتە جووڵە!

***

شیعر لە نارێکی و رێکەوتگەرایی و رەگەزەتێکدەرەکان
بەدەرنییە
بۆیە لەراکەراکی گەیشتنە بە جوانییەکی ناوازە!

***

جوانی هێزی دنیابینییە و دەر و دەروازەکانی تێکست
دەدۆزێتەوە بۆ چوونە نێو ژوور!

***

لەم هەلاهەلابوون و فرەگیرییە جوانی شیعرەو
بڕوای بە قالبڕێژیی و
بە کەرەستەکردن و تۆتالیتاریکردنی
ئەقڵ و زمان نییە
دەبێ بەئازادی و مرۆڤدۆستانە
هەڵسوکەوت و گوزارشت بکەن !

***

چەندە قێزەونە لەکەشێکی مەست وخوماراوی
بەهەستی ترازانەوە
لە سیستم و شیعرو نارێکی و جوانی و
ئازادی تاکگەرایی بدوێی و
گەمژەیەکی دەعجانی بوونزمی لایدە
بە رووکەشگەرایی و کولتووری بازاڕیی و

دروشمفرۆشی دەرکەوێ و
دزێویی و دەمارگیرییەکانی ناوەوەی بخاتەڕوو!
***
لەم دڵەڕاوکێ و کەرتبوونی دەروونییە
خولیای جوانیت خەیاڵی نیو بتڵێ ئۆزۆیە و
هێشتا بەری نەداوم منی گیرۆدەو گەمارۆدراو
بەڕووناکی ڕوخساری ناوازە و عەتری قژ و
چێژی جەستەی برۆنزی و
تورتی و خڕیی بەهێکانتەوە
هۆشم سڕ و بێتروسکە
دڵم بەردەوام تاسە دەبیات
خودایا چ مەیلێکی ئاگرینە
( ئارەزووەکان سەربە پاڵنەرە فرە چەشنەکانن و
تێرناکرێن و لەنەسرەوتێکی بەردەوامدان )
کێ هەیە لەم جیهانە ناڕوون و تەماوییە
لەززەتی جوانی فریوی نەدابێت
ئاخر چۆن بیربکەمەوە
شیعر بە ڕیسك و سەرپێچییەوە بەندە
عیشق و جوانی بەیەکەوە دەلکێنێ و
تێکیان هەڵدەکێشێت و ڕێکی دەخاتەلاوە
لەم دەسەلاتخانەیە
ئیستاتیکای ناڕێکی لە سیستمپەرستی دلگیرترە و
ژیان تژی لە تەفرەو تۆڕ و تەڵە

ڕۆحی شیعرگەرایش هەڵگری
دەلالەتگەلێکی بێشوماری ناجێگیر
بەخواستی ئارەزوو و
چاڵی ڕیال و مەرگ و مەحاڵەوە نووساون
پرکردنەوەیان چەشنی پڕکردنەوەی
درزەکانی بوون نەکردەیە
گوزارشت لەدۆخی مەستگەرایی
نیگاکردن بەچڵێسی ویستەوە لکاوە
ئەوەی لەم پەرێشانییە
(لە بەری درەختی (لۆتۆ) ی باڵات بخوات
کەهێندە بەتام و بەتاسوقە
نەتەنها زێدی
بەڵکو سوبێکتی خۆیشی بیردەچێتەوە!
***
سوبێکتی شیعر سەربە خودئەڤینییەکە بەشەیدایی گوێ بۆ
دەنگە خۆش و بەجۆش و خرۆشەکەی (ئۆرفیۆس) ڕادەدێرێ و
باوەش بە ئازادی تاکگەرایی و عیشق و جوانی و ئیرۆس و
سرووشت و زانین وخواستی لەززەتگەراییا دەکاو
شوناسپەرستی و گێڕانەوەگەورەکان و
کەشی کارخانە و کولتووری بەرخۆری دەخاتەلاوە!
***
جوانی
پەتیترین و چێژبەخشترین ئۆبێکتە

مەیلی لەتوانەوەی ئەویترە تیایدا
تەنها عیشق و دڵخۆشی بەسوبێکت دەبەخشێ
ستایش و شکۆ و ڕێزو شانازی
فریودەرانە دەخاتەلاوە!
***
کاتێ سوبێکتی شیعر
دەکەوێتە نێو جیهانی ترسناك و پرژاوەژاوی
دەسەڵاتی ئۆبێکتەکانەوە
بەناچاری بەدوای خودئەڤینی و خۆدۆزینەوەدا دەگەڕێ
تاکو درێژە بە ئارامی و جوانییە خودگەراییەکانی
بداو چرکەساتەکانی چێژگەرایی بنووسێتەوە!
***
شیعر خاوەندی سوبێکتێکی نیگەران و دنیابینییەکی گەردوونییە
بەئارەزووی ئەوانی تر بجووڵێتەوە و
بکەوێتە نێو دروشمی دەستەجەمعی و کولتووری باڵادەستەوە
ئازادی تاکگەرایی و چێژی خودئەڤینی و
شوناسی ئیستاتیکی و خۆشی سەربەخۆیی لەدەستدەدا!
***
بۆ ژیل دۆلۆز
شیعر جووڵەی بەردەوامی نێو چاڵی ئارەزووە
بڵێسەی بەرزی و نزمی جوانیی جەستە
دەیورووژێنێ!
***

سوبێکتی ڕۆژهەلأتی درێژکراوەی
سوبێکتی قارەمانەکەی ( ئۆرۆك ) ە
گیرۆدەی جیهانی ئۆبێکت و جەنگ و کوشتو بڕ و
هێز ودەسەلأت و سەرکەوتن و ڕامکردن
دڕ و دڕندە و غەریزی و نیوە شارستانی
خۆدەرخەر و خۆسە پێن
دیلی نیگای ئەوی تر و شەیدای شکۆ و ڕێزلێنان
بوونەوەرێکە هەرگیز ئاوڕ لەعیشق و جوانی و خودگەرایی
ناداتەوە و بەدوای واتای بوونی خۆیدا ناگەڕێت!

***

ماشێنێکی زەبەلاح و ترسناك لەکایەی ژیاندا دەگەڕێ
وابەستەی حیکایەتە گەورەکان دەیەوێ
هەمووشتێك بخاتە ژێر دەسەلأتی
ماشێنێکە خاوەن گوتارێکی تۆتالیتاری و
شوناسێکی داخراوی ئەبەدی و ڕەوشێکی
سەرسەخت و پێداگر و دۆگماو پۆپۆلیست
بەلأم لە فەزای زیندەگیدا هەمیشە
هەست و نەست و بیرکردنەوە و ویست و خەیالّ و
خولیاو ئارەزوو لە سیستمی ئەو ماشێنە خوێنڕێژە جوانترن
کە گیرۆدەی کوشت وبڕە
خۆشەویستی ژیان و مرۆڤدۆسی لە زیندانی بیرکردنەوەکەی
هزرو شێوەی لێکدانەوەی نوێ لە وەهمسازییەکەی
ماشێنێکە دەیەوێ هەمووشتێك بکات بە کۆیلەو کەرەستە

تاكگەرایی لە ڕەوتی ئایدیۆلۆژیی و
ڕۆحە دەستەجەمعییە بەرژەوەندخوازەكەی
تێكەڵكردنی چەمكەكان و فراوانكردنی ئاسۆكان
لە ڕوانینە تاكڕەهەندییەكەی !
***
ئەم شەو وەك شاعیریكی پۆست و تاكگەرا بەمەستی هاتم
( سەنتەری ئایدیالەكان ) هەڵبوەشێنمەوە
تاكو هزر چەشنی باران بەلێزمە دابكاو
ناخود ئاگا بەئازادی بخرۆشێ و ئارەزوو بەچێژەوە گرێ بدا
كاتێ سەرم هەڵبڕی چاوم بە جوانی ڕوخسارت كەوت
پرشنگی دەداو دەدرەوشایەوە نەمزانی شوێنی ( لۆگۆس )ی گرتۆتەوەو
ڕێكی و هاوسەنگی و هەماهەنگی بە بنەما گەردوونییەكان دەبەخشێ
یەكسەر هۆشیاربوومەوە !
***
بۆ ( ماركیز دی ساد ) ی نامۆراڵگەرا
نە سەنتەری بیركردنەوە لە توندوتیژی و چێژو ئازار و
تاوان و چە پاندن و شەڕانگێزیی و حەزەبەدەكان بەدەرە
نە پەراوێزی ژێرڕۆشنایی تەنانەت لە كۆمەڵگای فرەڕەنگیشدا
مرۆڤ نوقمی هەست و خەیاڵی ئازاد و خواست و ئارەزووەكانی جەستەیە!
***
شیعر خاڵی نییە لە خەیاڵ و ناكۆكی و خودگەرایی
هەموو شتێك تیایدا وێڕای پەیوەندیگرتنی لەگەڵ
شتەكانی تردا ، وەك خۆی لەخۆیدا نرخ و بەهاو جوانی و

ماناى جياوازو سەربەخۆى هەيە و واتاكەى بە سوودو مۆراڵ و

ئەركى ئايديۆلۆژييەوە نەلكێنراوە!

***

خودى شيعر شەيداى چێژى جوانييە!

***

سوبێكتى شيعر تاكگەرايەكى گومانكارە و

بەردەوام لەگەڵ خۆى و ئەويترا

لە كێشەو نەگونجان و ناتەباييەكى قووڵدا

دەژى و حەزى بە ئايدياى نوێ و خوڵقاندنى ئاسۆى نوێ نوێيە!

***

سوبێكتى شيعر خودگەرايەكى نەشئەبازى نەگونجاو و دوودڵە

لە ( ناوەند ) دا بەدواى هزرو فۆنيمەكانى زمانا وێڵ

لە ( كەنار ) دا بەدواى پرشنگە جوانەكانى جەستە!

***

شيعر خاوەندى شوناسێكى ناجێگيرى ئيستاتيكييە!

***

شيعر بە بونيادى نەرمى زمانەوە دەلكێ و بێكێشە

دەخزێتە نێو دنياى ئيرۆس وجوانييەوە

ڕامى تام و پرشنگەكان دەكات!

***

شيعر شەيداى زمانى قووڵ و نامۆى ئەوكتێبەيە كەزۆرترين دەرفەتى دەقئاوێزانى بۆ دەرەخسێنێ !

***

شیعر بەجووڵەی نامۆبوون و ناکۆکییەوە یاری بە ( سینتاکس ) دەکا
تاکو ڕێگا و دەروازەی نویٚ نوێی تیا بەرجەستەبکات؟
***
چی هەیە لەم جیهانە سەرسوڕهێنە بەخودی زمانەوە نەلکابێت؟
***
کاتیٚ خەیاڵی زمان دەدرەوشێتەوە جوانی پرشنگدەدا؟
***
شیعر جوانیی پەیوەندیگرتنی نێو پێکهاتەی زمانە؟
***
شیعر لەگەڵ شوناسی تەسك و کوشندە و ئایدیۆلۆژیاکانا هەڵناکات
کەبەدەوری ئایدیایەکی ئەبەدیدا خولدەخۆن و ئاوڕ لە ئاسۆی ژیانی نویٚ نادەنەوە؟
***
بۆ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا
((( زمان تۆڕ و سیستمێکە لەئاماژە و جیاوازی
ئەوەی دەدویٚ و بیردەکاتەوە زمانە
هەمووشتێك لەنێو زماندا ڕوودەدات
تەنانەت مەودای شڵەژانی توخمی شیعرگەرایی
ئینسان بوونەوەرێکە
فڕێدراوەتە نێو بوون و زمانەوە
زمان بوون لەئارەزوو بەتاڵدەکاتەوە ))) 
کاتیٚ خۆی دەدۆزیتەوە بە سەرسامی و نیگەرانی
چاودەگێڕیٚ و هیچ شتێك بە پڕیی و بە بەرکەماڵی نابینێت
***

شیعر داڕژانێکی سیمیۆلۆژییە و
هەڵگری ڕەفتارگەلێکە بە هێرمنیۆتیکاوە لکاو
بەتاڵی زمان چاڵێکی بێبنی شەهوەتگەرایە لە
ئارەزووی هاروهاجی تێرنەبووی ( لاکان ) ی و ( دۆلۆز ) ی
دەکا و هیچ ژانرێك بۆی نییە پڕی بکاتەوە ،
***
جیهان تێکستێکی ئاوێتەیە و پێویستی بە ( خولیای شیکردنەوە ) یە
تاکو هەڵیبوەشێنێتەوە و ماناو دەلالەتی نوێی پێ ببەخشێت
شیکارگەرا بەردەوام ڕووی لە جوانبینی و کرانەوەو جیاوازیە
پشتی لە ( گوتاری مانەوە ) و داخران و شێوازگیریی و تاکڕەهەندی؟
***
بۆ ژاك لاكان
لەم کەشی چێژبردن و داڕژانی شیعرییە
نازانم بیرکردنەوەم بە زمانەوە لکاوە یاخود زمانم بە بیرکردنەوە
تێگەیشتنم خومار دەمەوێ بەنیگەرانییەوە نغرۆی نێو چەمك و تێزەکان ببم و بوونم
ڕووناکبیێتەوەو ئارەزووم خاڵی
نائاگاییم بەردەوام پیتی لێ دەچۆڕێ و باوەش بە چە پێنراوەکانا دەکا
کەچی دەسەلاتی دالە بەتاڵەکان لێناگەڕێ هەرگیز بەنیازە ئیرۆتیکییەکان بگەم !
***
ئێستا بەم دەم ودەستە لەگەل ماناو ئیستاتیکای دەقدا
لەدیالۆگێکی ئازاددام و جووڵەی زمان پێم دەڵێ
جوانی ڕاڤە ناکرێ تەنها چێژی لێ دەبردرێ؟
***

کاتیَ وشەکان نوقمی هەڵچوونی هەستەکان دەبن خەیاڵ دەمبا!

***

ئەوە نامۆبوونە هانی شیعردەدا لەڕێگەی بیرکردنەوەو چێژبردن لە
جوانییەکانی جەستە و جیهان
هەوڵی پڕکردنەوەی بەتاڵییەکانی زمان بدات !

***

شیعر ڕامکردنی ڕیتمی هەڕەمەکیی ناوەوەی زمانە!

***

کیَ دەتوانیَ ئاشنای سیستمە ناوەکییەکانی زمان بێت!

***

شیعر لەبەردەم جوانیدا ڕیسك و سەرکێشییەکانی زمانە!

***

سوبێکتی شیعر لە سیستمی ڕەمزیدا لەتلەتکراوە!

***

کاتیَ لەچەمك و تێزە مەعریفییەکان قووڵدەبیتەوەو و چێژیان
لێدەبەی هەستدەکەی کردەی خوێندنەوە کارێکی چەندە قورسەو
کەم کەس دەتوانیَ دەسبەرداری چێژە ڕۆژانەییەکانی ببێت و کاتی
بۆتەرخان بکات!

***

ئێستا لەم یارییە شیعرییە هێزێکی نادیاری شێن دەمباو بیر لە (کیشوەری تارك ) و
یادەوەرییەکانی دەورانی منداڵی دەکەمەوەو
بوونم لەنێوان شیعرگەرایی وڕووناکی زمان و خرۆشانی ئارەزوودا جۆشدەدا و
نیگەرانییەکی قووڵ دامدەگریَ !

بۆ ( گیۆرگۆ ئاگامبین ) و ژیانی ڕووت
دەسەڵاتی جوانی خاوەن هێزێکی پێشێلکارە برێجار بڕیاردان و دۆخی نائاسایی
بەچرکەساتەکانی ناخودئاگاوە دەسپێرێ و لە فەزای درەوشاوەی ژیاندا منی (
هۆمۆساکەر ) ی ڕووت و قووت تەنانەت لە مافی چێژبردنیش
بێبەش دەکات!

***

گرنگ ئازادی تاکەکەسییە جا لە ناوچەی ( زۆی ) بێفۆرمدا
ساتە تێپەڕەکانت بگوزەرێنی یاخود لە هەرێمی ( بیۆس ) ی فۆرمداردا!

***

لەکۆمەڵگای کشتوکاڵیدا شیعری شەهوەتگەرا
هێندە گیرۆدەی جوانی جەستەیە عیشقی لەیادچۆتەوە و
خووی داوەتە مۆنۆپۆڵکردن!

***

ئێستا منی دوورخراوە لە قەڵەمڕەوی جوانیت
نازانم جگە لە شیعر پەنابۆچی بەرم !

***

کۆمەڵگای مۆدێرن خاڵی نییە لە سالارگەرایی و
دۆخی سرووشتی و نائاسایی و کۆنترۆڵ و لەمافداماڵین!

***

خۆرهەلاتی ناوین مەڵبەندی ( گوتاری مانەوە ) و پیشەسازی مەرگ و
کولتووری گۆڕستانە تاك تیایدا فیداکارێکی خاوەن زیندەگییەکی ڕووت
ڕۆحی دەستەجەمعی پیرۆزگەرا و بێگوناه و جاویدو شکۆمەند!

***

ژیان له خۆرهه‌لاتی ناوین له‌ڕه‌وشی قه‌لاچۆکردن به‌ده‌رنییه
تادێ خواستی مه‌رگ دژ به ده‌سه‌لات تێکه‌ڵ به حه‌ماسه‌ت ده‌بێت
هێورکردنه‌وه‌ی چی شتێ نییه ئه‌م تۆقاندن و فۆبیایه بڕه‌وێنێته‌وه!

***

هه‌ستێکی ناوه‌کی پێم ده‌ڵێ په‌یوه‌ستبوون به ڕووکه‌شگه‌رایی و دروشمبازی
جگه له هه‌ڵه‌وه‌ڕی پێویستی به هیچ جۆره پاشخانێکی مه‌عریفی نییه!

***

ژاوه‌ژاو و دووفاقیه‌تی ده‌ره‌وه واتلێده‌که‌ن له‌ناوه‌وه به‌دوای کونجێکی ئارامدا بگه‌ڕێی
گیانبکات به‌به‌ر وشه و شته‌کانا!

***

ئیمڕۆ من له ڕه‌هه‌نده‌کانی (گوتاری مانه‌وه ) ڕاده‌مام
بوومه‌له‌رزه له‌سه‌رکاغه‌زی خاك تراژیدیای (گوتاری نه‌مانه‌وه )ی بلاوده‌کرده‌وه!

***

له‌م ڕووتبینی و کاره‌ساتی سه‌مبوله‌کانی مانه‌وه‌یه‌دا شیعر ماناگه‌لێکی له‌ناوه‌وه‌ی
خۆیدا هه‌ڵگرتووه ئه‌وه‌ی ده‌یورووژێنێ و به‌ره‌و بیرکردنه‌وه‌و ناواخنکردن و ڕوانینیی
نوێی ده‌با کرده‌ی تێپه‌ڕاندنی دۆخه‌که‌و
تراژیدیای بێکۆتای بوونه!

***

پێداگرتن له‌سه‌ر مانه‌وه‌ی ڕووت و شێوه‌ی خۆڵه‌مێشی به‌سه
له‌مه‌به‌دوا پێویسته شیعر که‌ژیانه ڕووه‌و جووڵه‌و جوانی و فه‌نتازیا و
فره فۆڕمی بکرێته‌وه!

***

له‌م هه‌راو هوریای مانه‌وه‌و ڕووتگه‌راییه جوانی جه‌سته‌ت بوونه‌و

تونێلەتاریکەکانی ڕۆحم ڕۆشندەکاتەوە!

***

جوانی چێژی نێو ئارەزووە هەستی ئازادی و کرانەوەم لەلا دەخولقێنیٚ و
حەزدەکەم باوەش بە ئەبەدییەتا بکەم !

***

ئەی شۆخ واز لە بیرتەسکی و مانەوەی ڕووت بێنە و دەرگای بیرکردنەوەت لەسەر
جووڵەی ئیستاتیکی و فرە فۆڕمییا بکەرەوە!

***

دەرکەوە ئەم ڕووتبینییە چییە هزر لەنێو قاقلە داخراوەکاندا دەپووکێتەوە!

***

لێرە هزر بەستێنێکی نەسرەوت و ناجێگیرە
لەنێوان ترادسیۆن و مۆدێرندا هەڵدەلەرزیٚ!

***

میلۆدییەك بۆ نووسەرە نادیار و نەزانراوەکەی
کتێبی ( هەزارو یەك شەوە )
سەمەرقەند قەشەنگە پڕاو پڕ لە گومەزی جوان و بەردی گرانبەهای ڕەنگین
لێرەو لەهەمووشوێنێك سێکس ئارەزووەو لەجەستەی ئەویتردا نیشتەجیٚ و بەرپاکەری
چێژگەرایی و زەماوەندی خوێن عەیشونۆش پەیوەست بە سامان و دڵخۆشی و زەوق
ئەگەر ( شازەمان ) بەدوای هێنانی (گۆ)یە سوورەکەدا نەوچووبوایە نە هاوسەرە
چاوباشقاڵەکەی بەرشمشێردەدرا
نە گۆرانیبێژە عوودژەنە کلۆڵ و داماوەکە لەبانیژەی کۆشکەکەیش
بە دڵبرینداری لەباغ و ڕەز و شاژن و کەنیزەك و خزمەتکارەکانی

نەدەڕوانی کە بەڕووت و قووتی و سەرمەستی بەدەوری حەوزە شینەکەدا خولیان دەخوارد و شیعریان دەخوێندەوەو گۆرانییان دەچڕی ودەسبازییان دەکردو لەتریقەو قاقایان دەدا ( شەهرەیار ) یش بەم ئە نجامە نەدەگەیشت گوێ بۆ چیرۆکە تراژیدییە پەندئامێزەکانی ( شەهرەزاد ) ڕادێدرێ کە پڕاوپڕن لە چپەی سیحر و نەعرەتەی دێو و درنج

ئاما نجی یارییەکەش تەنها دواخستنی مەرگە!

***

ژیان تێکستێکی ئالۆزە لێوانلێو لە چرکەساتی گومان و گومڕایی و ڕاڕایی و تێپەڕ هەم لەو برینە دەکا بە پێستی شا( یۆنان ) ە وەیە و چارەسەری گەرەکە هەم کتێبە ژەهراوییەکەی دکتۆر ( ڕۆیان ) دەبێ بەزمانت پە نجەت تەڕبکەی و لا پەڕەکانی هەڵدەیتەوە!

***

دوای خوێندنەوەی چیرۆکی ئەولاوەی لەناوکی بەرەو خوار بووەبەرد و بەسەرهاتی ماسیگرەکەو گۆمەکەو ماسییە ڕەنگینەکان بۆم دەرکەوت ( شەیاتانی ڕەش ) ی دوولێو ئەستوور و ملپان و نەگریس و دەمارگیرو دروشمفرۆش لە پاشماوەی کۆیلەکانی نەتەوەی ( عاد )ە!

***

ئەم شەو بەمەستی ( هەزارو یەك شەوە ) م دەخوێندەوە و هەستم دەکرد کۆشکە شینەکە بەئاوازو گۆرانی دەهەژێ لەناکاو دەرگاکە کرایەوەو بەژوورکەوتم خوانی ڕازاوە بە مەیی و میوە و شەراب ( خوشکاشە ) عوودی دەژەنی و گۆرانی دەچڕی ڕێکەوت خەلیفە( هارونەڕەشید )و ( ئەبو جەعفەری بەرمەکی ) و ( مەسروری شمشێرباز ) وحەماڵێك و سێ قەلەندەری لارکوێری مووشەنی بەیەکەوە کۆکردبۆوە لەم کۆڕی عەیشونۆش ومەستانەیە هەمووشتێك لەتری دەدا چاوم بڕییە ڕووخساری سێ کیژەکە

دەتوت لەتەخۆرن و دەدرەوشێنەوەو گولاو دەپرژێنن و مۆم دادەگیرسێن و بخوور دەسووتێنن (کیژێکیان ناوقەدە تەنگەکەی بەست و کەوتە سەماکردنەوە) دیمەنە سیحرییەکان سەراسیمەیان کردم دوو دەڵەسەگی ڕەشی ڕستکراو بەر قامچی دەدران و نەمدەزانی سیحریان لێ کراوە و شێوەیان گۆڕاوە هەرباشبوو بەسەر (گۆپکە خڕەکە) نەکەوتم

ئەگەنا دێوەزمەکە دەردەکەوت و کارلەکاردەترازا کچێك لەداخان کراسی لەبەر خۆیدا دادڕی و لەهۆشخۆی چوو و شوێنەوای ئەشکە نجەم بەلەشییەوە بینیی و شۆك بووم ئیتر ئارامم لەبەرهەڵگیراو بەرگەی ئەو کەشە توندوتیژ و تەلیسماوییەم نەگرت هەچۆنێ بێت بەلەز خۆم دەربازکرد!

***

منی شیعر ئانارشستێکی ئیستاتیکییە هەڵگری پرشنگگەلێکی ئایدیای بوونگەرایی پەیوەست بە ئازادی تاکگەرایی و خەیاڵ و زمان هەوڵدەدا کلێشەی فۆرم و مانا جێگیرەکانی پاسەوانانی سەلەفیەت تێکبشکێنێ و مۆراڵ و دەلالەتگەلێکی نوێ و جیاواز بە تێکست ببەخشێت!

***

جوانی توحفەیەکی ناوازەیە هەمیشە دەدرەوشێتەوەو هزر بەرەو وێناکردن دەباو هانی دەدا بەدەوری ڕوخساردا خولبخوات!

***

تێگەیشتنم لەبەردەم جوانیتدا گیریخواردووە تێڕامانم مەست وێنەی زەینیم پەرش وبلاو خەریکە هەرچی هەیە جگە لە بلێسەی جەستەت دەخرێتە کەنارەوە!

***

جوانی هێزە ئاڕاستەی بیرکردنەوە دەگۆڕێ و یاری بەماناکان دەکاو

بەرەو ڕوانینیی قووڵ و نوێمان دەبات؛

***

جوانی شەوەزەنگی هزرو زانین ڕۆشندەکاتەوەو زمانی شیعر دەخاتەگەڕ؛

***

جوانی نەبێ زمان  لەنێو ئەم هەموو تەمتومانی مانایەدا ناگەڕێ؛

***

شیعر لەنێو ئاڵۆزییەکانی هزر و زمان و جیهاندا  پرۆسەی تاریککردن و داخران
دەخاتەلاوە بەدوای کرانەوەو ڕوناککردن و جوانی و مانای نوێدا دەگەڕێ؛

***

جوانی دەقە باوەکان بەلاوەدەنێ بەدوای ناوازەکاندا عەوداڵ؛

***

جوانی جووڵەی بیرکردنەوە دەگەیەنێتە ئاستێکی تر؛

***

شیعر جوولآنەوەیەکی هزریی و ئیستاتیکییە سەرقاڵی ڕووناکردنەوەی شەوی ماناو
تێگەیشتن نێرەری گوتارێکی سەربەخۆیە لە ژیانی مەعریفییەوە بۆ وەرگر؛

***

شیعر وێڕای خەیاڵ وبیرکردنەوە و هەستی ئیستاتیکی
شوێنگەی بەیەکداچوونی چەندین کایەی مەعریفییە؛

***

سەیری ئەم نێوەندە نارێك و پەرشوبلاو و پەرێشانە
نیشانەی کایەیەکی مەعریفی تیا نادۆزرێتەوە؛

***

ئەستەمە لە جیهانێکی داخراودا مانایەکی کراوە بە شیعر ببەخشێندرێ؛

دیدی قووڵ گرێدراوی هۆشیارییەکی جیاوازو هەستی ئیستاتیکی و ئازادی تاکگەرایی و جیهانبینییەکە هەڵگریی کایەی جۆراوجۆری مەعریفی؛

***

وەرە لەنێو ئەم هەموو ژاوەژاو و غەڵبە غەڵبە گوێ بۆ دەنگی هزر ڕادێرە؛

***

بیرکردنەوە لە شیعر و جوانی لەجیهانێکی بەرتەسك و داخراودا کارێکی نەکردەیە؛

***

شیعر لەخوردبوونەوەی بوون وجیهان بپچڕێت نغرۆی بیرکردنەوەیەکی داخراودەبیت؛

***

شیعر هەڵوەدای دنیابینییە هێزی جوانی هانی دەدا لەچییەتی بوون و جیهان بکۆڵێتەوە و مانا لە ناوکۆیی و خودی وشەوە دابڕژێ؛

***

منی شیعر چێژگەرایەکی سەرلێشێواوە لەنێوان هەستگەرایی و هۆشگەرایی و تێبینیکردن و تێڕاماندا نیگەران؛

***

جوانی عیشقی لە ئامێزگرتووە عیشق جوانی؛

***

جوانی لەشیعردا فەرمانڕەوایە تێکڕای وزە و جووڵەکانی نێو سیستمی زمان بۆخۆی پاواندەکات؛

***

ویستی جوانی دەسەڵاتێکی تۆتالیتارە بڕێجار ئاژاوەی لەززەتاوی دەنێتەوە؛

***

هزریی شیعری لەگەڵ ئەویتردا لەدیالۆگدایەو لەدەقئاوێزان بەدەرنییە؛

ویستی جوانی ڕووداوسازەو یاری بەکرۆکی عیشق دەکا!

***

لەم ناکۆکی و پچڕپچڕی و لێکترازانی مەعریفییە شیعر لە تاراوگەی خودگەراییدا نیشتەجێیە و بایەخ بە هزر و جوانی و جیاوازی دەدا!

***

کاتێ گوتار بەرەو دروشمبازی هەنگاو دەنێ دەق هزرو جوانی لەدەستدەدا!

***

جوانی شیعرێکی کۆتنەکراو وبێباکە وشە لە مانای کۆن بەتاڵدەکاتەوە و دەلالەتی نوێی پێدەبەخشێت!

***

بڕێجار جوانی هێندە شەبەقی وچێژبەخشە نەتەنها دەروون هاوسەنگی شیعریش تێکدەدا!

***

شیعر بوونەوەرێکی زمانییە لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیدا ئۆقرەناگرێت!

***

شیعر تێکەڵەیەکی درەوشاوەیە لەهزرو خەیاڵ و جوانی وەچەی کارلێك و دەقئاوێزانە و ( قارچك نییە خۆی هەڵتۆقیبێت )!

***

شیعر کرانەوەیەکی بێکۆتای مەعریفییە ڕووەو جیهان و جوانی هیچ سنوورو بەربەستێك ناتوانێت پێشی پێبگرێت !

***

هزریی شیعری خاڵی نییە لە بێدەنگی و نەگوتراو و چەپێنراوی کولتووری و غەریزی!

***

شیعر کلێشە جێگیرەکان دەخاتەلاوەو بەقووڵبوونەوەو هۆشیاری لەهزرو جیهان ڕادەمێنێ و دەکەوێتە لێکدانەوە!

***

زمان بەکردەی تێگەیشتنەوە لکاوە عیشق بە چێژی جوانی!

***

چەند خۆشە لەمەیخانەیەکی نارنجیدا لەگەڵ بیرمەندێکی تیوریزەکار دابنیشی و بەمەستی لەکایەی فەرهەنگی و شیعر و ئیستاتیك وهەڵوەشانەوەگەرایی بدوێن !

***

دەرکەوە ئەم داخران و سنووربەندییە چییە هزر حەزی بە کرانەوەو کارلێکە لەخۆئاخنین و جوغزی بچوك بچوکدا دەپووکێتەوە!

***

شیعر گەڕیدەی نێو کایە مەعریفییەکانە و چێژ لە چەمك و تێز وکرۆکی میتۆدو زاراوەکان دەبا!

***

ئەم شەو بەمەستی و بە هۆشیارییەکی نوێوە هاتم بەدوای تروسکەیەکی هزریدا دەگەڕام تاکو خەیاڵم بجووڵێنێت و تێڕامانم چالاکبکا و بە شوناسێکی کراوەی ئیستاتیکی لەم جوغزە داخراوە ڕزگارم بێ کاتێ نیگام بڕییە بڵێسەی ڕوخساری لیا ڕاڕاییەکی قووڵ دایگرتم و
دیلبووم و هەمووشتێکم بیرچۆوە!

***

چێژبردن لەجوانی جووڵەیەکی ناوەکییە و بەنێو خواست و تێڕامانا تێدەپەڕێ!

***

شیعر بەرهەمی ڕووداوی جوانییە!

جوانی بزوێنی خەیاڵی شیعریی و مەعریفی!

***

جوانی ڕوخسار تێکستێکە لێوانلێو لە وشەی نەگوتراو و بێدەنگی وچێژگەرایی جووڵەیەکی شاراوەی تیا دەگەڕێ بەرەو تێڕامان و خۆنووسینەوەمان دەبات!

***

ژیان کارلێك ودانوستاندنە لەنێوان تێکست و وەرگردا فەراهەم !

***

لەکۆمەڵگای نەریتیدا ئارەزووەکان لە قاڵبدەدرێن!

***

لەکۆمەڵگا کە پیتالیستەکاندا جوانی زیاتر ڕووی لە ئەڤین و ئیرۆتیکە!

***

ئەی جوانی بەشێکی زۆری پرشنگەکانت لەڕوخساردا چڕکردۆتەوە بەشەکانی تر لە سینە و کەمەر و کەفەڵ!

***

کاتێ لە جووڵەی ڕوخساری لیا ڕادەمێنم هەستی هەلایساوی عیشق دەگاتە چڵە پۆپە!

***

لەم جە نجاڵی و ناکۆکییە ئەوە هێزی ئەڤینە لەنێوان ڕۆشتن و ڕۆناندا سەرپشکتدەکا!

***

عیشق تامەزرۆیەکی چڵێسە لەهەرکوێیەك جوانی هەبێت دەیەوێ دەستی بەسەردابگرێت!

***

جوانی هێزێکی نەرم ونیانە جارجار دەردەکەوێ و دەخزێتە هەموو شوێنێکەوەو دزەدەکاتە نێو چاو و دڵ و دەروونیش!

***

لیا خۆرە بەهەرلایەکدا بڕوانێت جوانی لێ دەڕژێ!

***

جەستە شوێنگەی گەمەی ئیرۆتیکییە!

***

خوێنەری ئازاد خاوەندی بیرکردنەوەی فرەڕەهەندە بەسەرتێکستا دەکرێتەوەو دەخزێتە نێو گەمەی ئاماژەکانەوەو دەست بۆ پڕکردنەوەی بێدەنگییەکان دەباو شتێکی تری لێ دەسازێنێ!

***

هێزی جوانی حەزی بە دیالۆگی مانایە لە پەیوەندیگرتنێکی ئەڤینیدا ناتەواوی نووسین بەرەو تەواوکۆیی دەبا!

***

لەکۆمەڵگای داخراودا نووسین بەسەرخۆیدا دادەخرێت!

***

کرانەوە ژیانەو یاریکردنە لەگەڵ پرشنگ و هێما و ئاماژەکانی تێکست!

***

لەکۆمەڵگای کراوەدا تێکست هەڵدەوەشێندرێ و دەدوێندرێ!

***

سەیری ئەم هەموو دەمارگیرو کاڵفامە وەرەلێرە سەرخۆشبە و گۆرانییەکی جیاواز بچڕە!

***

منی شیعر چەنێ سەرپێچیکارە دەست بۆ چە پێنراوەکانی نێو خەزێنەی نائاگایی دەبا!

نووسین پانتاییەکە فەنتازیای شاراوەی ناخودئاگای
لەخۆگرتووە!

***

نووسین گەمەیەکی ئیستاتیکی و دەلالییە هەم گوزارشت لە نائاگایی دەکات هەم لە
ئاگایی!

***

ئێوارە سەمبولە شاراوەکانی دەڤەری تاریکیی نائاگاییم هەڵڕشت دەتوت
شارەمێروویەکن ڕووەو ڕووناکی ئاگایی ڕێچکەدەبەستن!

***

هەوەسی نووسین جوانیگەرایەکی لەڕێ لادەرو سێکسگەرایەکی سەرشێت!

***

ڕوانین لەدنیا و دەوروبەر بەم داخراوەیی و تاك ڕەهەندییە
پرسیارە فەلسەفی و دەروونشیکارییەکان لەبەین دەبا!

***

جوانی هێزێکی نەرمە ناوکۆیی زمان بەعیشق بارگاوی دەکا وشە تیایدا بەئازادی
دەدرەوشێتەوە!

***

ئێستا لەم چرکەساتی مەستییە زمانم بەهەژمووونی جوانی جەستەت
ئابلۆوقەدراوە!

***

وشە بۆهەرلایەك بجووڵێتەوە پرشنگی جوانیت بۆلای خۆی دەبیاتەوە!

***

چێژی جوانی هێزە کۆنترۆڵی زمانی شیعردەکات و دەرگا لەسەر ماناگەلێك دەکاتەوە!

شیعر بەخواستی هەست و خرۆشی نەست و بیرکردنەوە گەمارۆدراوە!

***

نەستی شیعر یاری بە دەلالەتەکانی ئارەزوو دەکا!

***

شیعر لەززەتبازێکی بێوێنەیە!

***

زمانی شیعر لەخەیاڵی سێکسی خاڵی نییە!

***

زرنگەی وشە لە ستایش و پیاهەڵدان چێژبەخشترە!

***

چێژی تەماشا نەبووایە شیعر بەشێکی جەستەی لەدەستدەدا!

***

ڕوخساری لیا توخمەکانی شیعرگەرایی لێ دەڕژێ!

***

بەدەرکەوتنی جوانی بوون دەدوێ و ئێمەی نۆمادیش گوێی بۆ ڕادەدێرین!

***

بێدەنگییەکی قووڵ دەروونی داگرتووم مەگەر جوانی فریام بکەوێ!

***

جگە لە عیشق و جوانی ڕەها شتێکی تر نییە پەناگەی مرۆڤ بێت!

***

یادکردنەوی بوون یادکردنەوەی جوانییە!

***

گەر جوانیت دەرنەکەوێ لەبەردەم شیعردا هۆشم لەدەستدەدەم!

**ئەوەی بانگهێشتی بوونم دەکا زرنگەی بڵێسەی جوانییە؟**

***

**تەنها چێژی جوانی بوونی مرۆڤ لە خۆلەیادکردن و بێگانەبوون ڕزگاردەکا؟**

***

**شیعر ژیانە و لەئاسۆکانی بیرکردنەوەدا دەبووژێتەوە؟**

***

**زمان بیرکردنەوەیە لەژێر کۆت و بەندو هەژموونی چاودێریی و کۆنترۆڵکردندا ئازادی دەربڕین لەدەستدەدا؟**

***

**ئازادی تاکگەرایی فیردەوسە چە پاندنی هزریی دۆزەخ؟**

***

**زمانی شیعر  بە بیرکردنەوەو هۆشیاری لەکۆت و  پێوەندەسوونەتییەکان ڕزگاری دەبێت و ڕووەو خوڵقاندنی گوزارشتی نوێ و ناوکۆیی جیاواز هەنگاودەنێ؟**

***

**لەم نەهامەتی و کوێرەوەرییە ئاخۆ شیعر دەتوانێ ئارامی و دڵنیایی بۆ بوون بگەڕێنێتەوە؟**

***

**شیعر کۆیلەی چێژی بینینی جوانییە ؟**

***

**بوونی مرۆڤ بەشیعرگەراییەوە لکاوە؟**

***

**جوانی کۆشکی ئارامیی شیعرگەراییە؟**

***

شیعر زمانە بوون لە نامۆبوون ڕزگاردەکا!

***

چرکەی بەختەوەری شیعر بەدەرکەوتنی جوانییەوە بەندە!

***

مرۆڤ نیشتەجێیەکی ڕاڕا و نۆمادە!

***

شیعر بەئارامیی زمان خۆشنوودە بەهەڵەوەری و فریودانی نیگەران!

***

لەقاڵبدان ئازادی نووسین لەخشتەدەبا!

***

شیعر زمانەو دەدوێ و شتەکان لەچییەتی خۆیدا دەئاخنێ تاکو بکەونە بەر ڕووناکی !

***

شیعر گینگڵدانی وشەیە لەنێوان عەقڵ و شەهوەتدا!

***

شیعر درکاندن و گوزارشت لێکردنی چە پاندنە

بەتواندنەوەی لەنێو ئاگاییەکی درەوشاوەدا!

***

جوانی خاوەندی درەوشانەوەیەکی بێسنوورە دژی سنووردارکردنی ئازادییە!

***

شیعر هێندەی ناخوئاگا دەنووسێتەوە نیو هێندە خودئاگا نانووسێتەوە!

***

شیعر بەسەربەخۆیی زمان دەدرەوشێتەوە!

***

تۆ ئەی دەسەڵاتی ستەمکار ئەم مۆنۆپۆڵکردنەت لەچی لێگەڕێ باهزرەکان ئازادبن؟

***

زمان لێوانلێوە لە هێما و وشە و ناوکۆیی و ڕەهەندی جۆراوجۆر و کایەی هزریی و وزەی دەلالی ئاخۆ کەس دەتوانێ مۆنۆپۆڵیبکات؟

***

فۆرمی ناتەواوی زمان لەبوونی بێبنەمای مرۆڤ دەکا؟

***

بەم دەم و دەستە تێگەیشتنم لەگومان بەدەرنییە ڕۆحی جوانیش بەشێوەیەك زەین و دڵی ئابڵووقەداوم ئارەزووم خرۆشاو زمانم ناگەڕێ و تێڕامانم سست؟

***

شادییەکانی ژیان بەکەشی دیۆنیزیۆسییەوە لکاون عیشق و مەستی و جوانیپەرستی؟

***

چێژبردن لەجوانی کۆتەکانی زمان تێکدەشکێنێ و گوزارشت ئازاددەکا؟

***

ئێمە ژیانی خۆمان لە لاکۆلاَن و کووچە تەنگەبەرەکان بەسەردەبرد چەند خۆشبوو لەگەڵ لیا شەوان دوور لە چاودێری باوەشمان بەیەکدا دەکردو پێدەکەنین ئێستا کە من ئەم وشانە دەنووسمەوە

لیا لەژیاندا نەماوە؟

***

خۆشییەکانی ژیان وابەستەی ڕۆحی دیۆنیزیۆسین؟

***

ژیان هێدی هێدی شتەجوانەکانمان لێ دەسێنێ؟

***

ئێواران هەستەغەمگینەکانم نغرۆم دەکەن!

***

ژیان کاتبەسەربردنە لەنێوان جەنجاڵییەکانی ڕۆژانەو خامۆشییەکانی شەودا!

***

ژیان بەوزەی دیۆنیزیۆسییەوە جوان و چێژبەخشە!

***

هێندە گیرۆدەی جوانی بووم چاوەڕوانی حەوانەوەی لێ سەندم!

***

ئەڤین ڕووناکییە لەئەقڵی کراوەدا نیشتەجێ!

***

ئەقڵی داخراو بەلەتە تاریکی ئاخێنراوە!

***

سەرجەم خولیاکانم بەجوانی لیا گەمارۆدراون!

***

خۆسنووردارکردن لەنێو بیرۆکەیەکدا هەم شیعرگەراییمان پێ لەدەستدەدا هەم تێڕامان!

***

هێگڵ مەست بوو دەیوت : ئەقڵگەرایی بەرەو ئازادیمان دەبات من لەومەستر وتم جوانی بەرەو عیشق و تێڕامان و شیعرگەرایی!

***

جوانی ڕووی خۆی لەشیعر وەربگێڕێ خەم دایدەگرێ!

***

ئەوەی لە تێکستدا پرشنگ دەدا ڕۆحی شیعرگەراییە!

دۆگما دۆزەخی شیعرە کرانەوە فیردەوسی!

***

بەڕۆشتنی کات مانا لەتێکستدا چەشنی گوڵ چرۆدەکات!

***

عیشقی لیا ئاگرێکی شینە نەتەنها لەدڵدا لەشیعریشدا نیڵەی دێت!

***

ئەمشەو لیا مەست و شادمان هات نەشوەی شەراب یاری بە زەین و جوانی بالأی دەکرد

منی داماو  چاوم بڕییووە نقێمی سەوزی ملوانکە زەردەکەی!

***

بێدەنگییەك دەروونی داگرتووم هێزی ئەبستراکتی زمانیش ناتوانێ گوزارشتی لێ بکات!

***

( یتار اوجی ورما قلبم یارالی

گیدارتم المنان  بیر گوزال مرالی )

چەنێ تراژیدییە  پەیوەندی عیشق و جوانی نەهامەتی بوون وابەستەی چێژی ژووان و مەینەتی لێکجیابوونەوە!

***

کاتێ شیعر چاو لەچاوی جوانی دەبڕێت عیشق ئاگری تێبەردەبێت!

***

جوانی بدرەوشێتەوە دەرگا لەبەردەم چێژبردندا دەخاتەسەرپشت!

***

جوانی لیا  پڕە لەزیندەگی بەدەرکەوتنی بەهای جۆراوجۆر بەبوون دەبەخشێ!

***

جوانی شایانای ئەوەیە خاوەندی ڕۆحێکی فراوا نخوازی بێت و سەرتاسەری جیهان بەچێژ بتەنێتەوە!

***

ئامادەگی جوانی لەئێستادا لە وەهمی ئەبەدییەت چێژبەخشترە!

***

جوانی لەشیعردا دەریایەکی ئەفسووناویە و هاژەی دێ!

***

جوانی لەشیعردا دانەمەرجانێکی ناوازەیەو لەخۆوە دەبریسکێتەوە!

***

جوانی لەدۆخە بچووك و خودگەراییەکاندا دەدرەوەشێتەوە!

***

جوانی هێزێکی سرکە بەدەست ناگیرێ لەنێوان ڕوانینیی کۆنە پارێز و نوێخوازیدا گینگڵدەداو چێژ و بەهای جیاوازی لێ دەچۆڕێ!

***

جوانی دەرگای نوێ لەشیعر دەکاتەوە!

***

شیعر بوونەوەرێکی زمانییە ڕوو لە (ڕەنگدانەوەکان) وەردەگێڕێ و بەهۆشمەندییەکی قووڵی تاکگەرایی چەمکگەلی ئیستاتیکی دەخوڵقێنێ!

***

شیعر کردەیەکی ناکۆتای زمانییە ڕووی لە نوێکردنەوە!

***

دەسەلاتی فێندەمێنتاڵی دژە تازەگەرییە لەگەڵ جوانییا هەڵناکا!

***

لەجووڵەی بازنەیی و گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی ڕابردوو نەتەنها مانای نوێ بەڵکو مانا بەگشتی بوونی نامێنێ!

***

عیشقی لیا بەجوانییەوە بەندە بەرەو بیرکردنەوەم دەبا!

***

هەڵەوەڕ فریودەرێکی کارامەیە لەژەهری ئایدیۆلۆژیا ئەفسانەی مەرگ دەخوڵقێنێ!

***

ماشێنەکانی کە پیتالیزم و زیندانەکانی دیسیپلین و بانگهێشتی ئایدیۆلۆژیاکان و دۆگما گەورەکان و فاشیستە وردەکان جوانی ژیانیان لەگرێژەنە بردووە!

***

ئەوە فۆبیای ئایدیۆلۆژیایە لەسەرتاسەری جیهاندا ئاژاوەو دووبەرەکی دەنێتەوە!

***

ئەفسوونی ئایدیۆلۆژیا کە مخایەنە هزر قووڵتر و جوانتر!

***

نەگریس لەهەرکوێیەك بێت هەستی جوانی دەشێوێنێ واچاکە بیخەیتەلاوە!

***

بەڕۆیشتنی کات هەمووشوێنیك پادەبێتەوە شەقامی پڕ لە زیخ و چەو باغی پڕ لە زبڵ و زار قەسابخانەی پڕ لە ئێسك و پروسك و سپڵی گەنیو مێشکی داخراوی فاشیست و دەمارگیریی لێ دەرچێت!

***

جوانی هێزێکی سپییە دژی دەسەڵاتی کارخانەڕەشەکانی خوێنە کە گرنگی بە تراژیدیای خانەوادەیی و ڕۆحی بڵندگەرایی و تاکگەرایی نادەن و

قوربانییەکان لەنێو بێمانایی ئەرشیفسازی و تەڵەکەی دروشمبازیدا دیلدەکەن؛

***

لەم جووڵەی بەردەوامیی و گۆڕانکاریی هەمەچەشنەدا کێ دەستی بە ڕاستییەکان دەگا
شتێ نییە تائەبد لەقاڵبی خۆیدا بمێنێتەوە؛

***

( مرۆڤ بەشیعرییەت نیشتەجێی زەوییە )
ئەوەی شیعرو فەلسەفە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە دنیابینییە؛

***

لەجە نجاڵییە وزەی هزرم بێبڕست ئەوەی زەینم بەرەو ( ئیپۆخی ) دەباو
بڕیارەکانم پێ هەڵدەواسێ هێزی جوانی ڕوخسارە؛

***

سوکرات و گەندەلاّندنی لاوان نەزمی زاڵی کۆمەڵگا پڕە لە وێنە و هەواڵ و ڕووداو و
پەلەی کارو خێرایی دەسەلاّتیش بە پلەو پایە و ململانێ کوشندەکانی لەهێزو
هەژموونی زمان دەکا هەموو پنت و کونج کەلەبەرێکی جیهانی تەنیوەتەوەو خۆشی
ژیان ونەو بەئازادی تاکگەرابیەوەلکاوە هەڵکشانی سوبێکتیش بە هۆشمەندی و تاسە
فرەچەشنەکان هەست ئەڤین بەرەو پۆرنۆ دەباو جەستەجوانەکان هێندە سرك
ولە نجەدارن هزری نوێ دەخولقێنن و زیندەگی لە واتا کۆنەکان خاڵی دەکەنەوەو بەرەو
چێژگەرایی و تێڕامان لە واتای بوون هەنگاودەنێن
خاوەندی توانایەکی نەوڕەسیدەن لەم وێلگەرایی و گومانکاری و سەرگەردانییە جوانی
بەڕۆحێکی نهیلیستیانە ناونشین دەکەن و بەمژێك حەشیش غوباری نەریت دادەتەکێنن؛

***

بۆ( ژیل دۆلۆز)

ئەم شەو لە مە یخانەیەکی وەنەوشەیی بەمەستی ( ڕەنگدانەوەکان ) و زاراوەگەلێکم
بەلاوەناو هۆشم ورووژاو لەچییەتی زاراوەگەلێکی ( دۆلۆز )ی ڕامام و بەزرنگەی بوون بە
و لۆچ و کرانەوەو هەڵهاتن و
هێڵ و ڕووتەخت و خاڵ نەشوەیەکی نەرم وناوازە دایدەگرتم و یاری بەتەزووی
ئارەزووەکانم دەکرد چەشنی بەدمەستێکی بێباك نەئاوڕم لە بڵندگەرایی دایەوە نە
قووڵگەرایی بەلام خولقاندنی چەمکی ئیستاتیکی
لەهزرم جیانەدەبۆوە تومەز زەینی پەرشوبڵاوم خزابۆوە نێو دۆخی ( ئیمانێنت ) ە وە
لەخۆدابوون و لەسەرزەوییوون یەکسەر ( جیهانی ژیان )ی ( هوسرڵ ) و ( نیشتەجێبوون لە
نێو جیهاندا ) ی( هایدیگەر ) یان بیردەخستمەوە من بەجۆشوخرۆشەوە ئالوودەی شیعرو
جوانیم لەبەرخۆمەوە وتم دۆلۆز جیاوازی لەخودی شتەکاندایە و لەناویەك و
لەیەکلۆچدان
شیعریش بوونەوەرێکی نیگەرانی زمانی و ئیستاتیکییە هەم هەڵگری توخمەکانی
ئەقڵانی و هەم نائەقڵانی جوانیش هێزێکی لەززەتبەخشە وبەناویدا گوزەردەکاو
جەستەی لە گوژمەکان دەخشێنێ و جوغزی سوبێکی زمان تێکدەشکێنێ و لەزیندانی
فۆرم دەچێتەدەرەوە شیعر هەڵوەدای بڵێسەی جوانی و ماشێنی ئارەزوو و هێزی حەزکردنە
و لەهەموو شوێنێکەوە هەڵدەقووڵێ و قوڵپدەداو دەڕژێ و فیچقەدەکاو دە پرژێت و خوڕەی
دێت
نەست کارخانە شینەکەیەتی کێ لەم لێڵی و جە نجاڵییە لەسیمای شیعر و شێتی و زمان
دەگا کە سەرشارن بە هەست و جووڵەی بێشوماری ئارەزوو
شیعر وزە وەردەگرێت و دەیبەخشێتەوە و تێپەرگەی تەزووەکانی هزرو وشەیە و ئارەزوو
تیایدا هێزو گوژمێکی نادیارەوتێرکردنی مەحاڵ و نەکردە خاوەن وزەیەکی جیاوازی
شیزۆییە و دیواری ( سۆسیۆکان )

دەسمێ و بازدەداو خۆی لەودیوی دەسەلاتەکان دەدۆزێتەوەو ڕووی لە ( مۆلارەکان )
وەردەگێڕێ و باوەش بە پەراوێزخراوەکانا دەکا و
حەزی بە جیابوونەوەو جیاوازیی و ڕیسك و جەستەی بێئەندامە
دژی ئۆرگانیزەکردن و ڕەقێتی و نەگۆڕیی و کۆنترۆڵ و کۆدسازی و سیستماتیزەکردن و
کاراکتەری پارانۆیدی خۆی لە نەرمڕەوی و جووڵە و شلێتی و بلاو بوونەوەی ڕیزۆمیدا
دەدۆزێتەوە !

***

گوژمی ( دۆلۆز ) ی هێزێکی ناوەکی جیاوازی خولقێنە پێمان دەڵێ :
بێمانایییەك لەناو مانای بووندا دەگەڕێ و هەستی پووچێتی و نیهیلیستی دەورووژێنێ
جوانیش لەخۆیدا ناونشین و چێژبەخش و جووڵەدارە دەشێ ئەم دۆخی شکاندنی سوبێکت
و بێسوبێکتبوون و بەتاککردن و دەرچوون لە فۆرم و بوون بە و بوون بە شیعر بەرەو
فرەیی و هزری ڕیزۆمی بەرێت و لە هاوسێبوون وفرەڕەنگی و ناسکی و مانا و ڕوانینیی
نزیك بکاتەوەو دۆگما گەورەکان و فاشیزمە وردەکان بخاتەلاوە ئەم پرۆسێسە
دۆلۆزییە ڕەفتارە سەیرەکانی ( ویلارد ) ی کوڕە گەنج و شەرمنمان بیردەخاتەوە کەلە
ڕێگەی بوون بە ئاژەڵ نەك بوون بەژن دژی دلڕەقی و چەوسانەوە پە یمان لەگەڵ
جرجەکان دەبەستێ و هێزی ناڕێکی یاری بەتەزووەکانی ئارەزووی دەکاو ڕیسك و
سەرکێشیکردن بەرەو تێکشکاندنی قەڵەمڕەوی هەمووجۆرە نیشتەجێبوون و
گەمارۆدانێك هانی دەدەن !

***

ئەمڕۆ ٨-٣-٢٠٢٣ دەمەوبەیانە ( فانی ) سەرقاڵی کارکردنە
لەسەر ئەو قەسیدانەی کە ( هـ . هـ .لۆرانس ) تیایاندا لە کیسەڵەکان
دەدوێت ,( ژیل دۆلۆز) نغرۆی ئایدیای بوون بە ئاژەڵ ،بوون بە ژن و

یەکتربینین و پێکگەیشتن و یادکردنەوەی خۆشەویستی دوو مامۆستاکەی( ئەلکوی ) و هیپۆلێت ) یەکێکیان دوودەستی سپی بوو زمانیشی قورس بوو نەختێك دەگیرا ، پرسی گۆکردن و ئەفازیا و زمانگرتنەکانی نێو زمان و زمانە کەمینەییەکان و دەسەلاتی ئیپستمۆلۆژیا و سەرکوتکاری و( فیلیکس گواتاری ) پزیشکی عەقڵە و دۆلۆز بە ئاماژەکانی بۆ ڕووداو بە

( کالیدۆسکۆپ ) ی دەچوێنیٚ ، ماشێنی ئارەزوو ، ماشێنی ئەبستراکت ،

جەستەبێئەندامەکان ، کونە ڕەشەکان و دیواری سپی و بەیەکگەیشتن

و دوولایەنیی زمانی و دزینی ئایدیاکان و پەرە سەندنی ناتەریب و سپینۆزا و نیچە و فرەیی و هێڵی هەڵهاتن و لەقەڵمڕەو یخستن

دۆلۆز دەڵیٚ دزیم لە فیلیکس کردووە و هیوادارم ئەویش هەمان شتی بەرامبەر بەمن کردبێت منیش خۆم ئامادەکردووە حەزدەکەم بەجۆشو خرۆشەوە سەردانی پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب بکەم بەڵکو سەرجەم بەرهەمەکانی دۆلۆزم دەستبکەویٚ!

***

جوانیت مۆنادێکە بیٚ درزو کەلەبەرتەنها لە هەستەکانمدا دەردەکەویٚ و شیکردنەوەی نەکردەیە!

***

جوانی تەوژمێکی پەتی و ڕاگوزەرە بەچێژەوە تەکان دەداو پەی پیٚ نابردریٚ!

***

منی داماو و نیگەران هۆشیاریم ترازاو دەروونم بەکاتی ناوەکییەوە لکاو لە پڕێکا جوانیت لەبەرچاوم بزردەبێت!

***

شیعر خوڵقاندنی جوانییە ستایلەو بە ئەفازیای زمانەوە لکاوە!

شيعر له سيستمی زماندا هاوه‌ڵی و دراوسێبوون و شيكی و پێچخواردن و لۆچگه‌راييه؛

***

ويستم له‌رزه‌تی جوانيت له لۆچه دۆلۆزييه‌كاندا بشارمه‌وه بڵێسه‌ی جه‌سته‌و شيكی ته‌نووره شه‌كه‌ريه‌كه‌ت خێسه‌يان لێ كردم و يه‌كسه‌ر كردنيانه‌وه؛

***

نووسين گه‌مه‌يه له‌گه‌ڵ ژيان و بوون به دا به‌خشينی بريسكه‌و جوانييه به‌چييه‌تی زمان؛

***

جوانی هاوه‌ڵی ته‌نياييه؛

***

شيعر به پێكگه‌يشتنه‌كان ده‌بووژێته‌وه؛

***

ئاژاوه‌يه‌ك له سيستمی هزردا نيشته‌جێيه‌و به‌ره‌و گومانكاريمان ده‌با؛

***

فۆرمی ته‌مومژاوی هزر پێويستی به شيكارييه؛

***

له‌م سارای ئه‌ڤينه خه‌ياڵی جوانيت ته‌نياييم به‌ره‌و ئاوه‌دانی ده‌با؛

***

ژيان له‌گه‌ڵ جوانييا هاوه‌ڵييه ته‌نياييت لێ داده‌ماڵێ؛

***

جوانی چێژه به‌ره‌و ئايديای جياوازو كايه مه‌عريفييه جياوازه‌كانمان ده‌باو ئامازه‌كان به‌يه‌ك ده‌گه‌يێنێ؛

÷÷

جوانی وزه‌ده‌كان به به‌ر شيعردا شيعريش به به‌رجوانيدا؛

دادا خۆڕسکتر و جوانترە لە سوریال ڕیزۆم پەرشو بلاّوتر لە درەخت!

***

کۆچەرەکان سێوی جوانی هەڵدەدەنە نێو سەبەتەی ژیانەوە کۆدەزگای دەسەلاّت قارچکی ژەهراوی!

***

ئێوارە لە مە یخانە شینەکە تۆزێ مەست بووم چاوم بە ( دۆلۆز ) کەوت و وتم: دەشێ
شیعریش چەشنی کۆچەرەکان لەناوەڕاستدا بدرەوشێتەوە و
لەچۆڵەوانییەکی بێدرەخت و لەنێو گژوگیای پەرشوبلاّوی
ڕیزۆمیدا بە بوون بە کانەوە بلکێت و مێژوو بخاتەلاوەو
گیرۆدەی جوگرافیا بێت و لەوێوە زمانی بەقورسی بگیرێت و تەتەڵەبکا و بێگانەبێت و
پرشنگی جوانی لە بوون و جیهان بگرێت
دۆلۆز سەیرێکی کردم و چاوێکی لە ( فانی ) داگرت و
فیکەیەکی سەیریشی بۆ ( فیلیکس گواتاری ) کێشا!

***

بۆ ( ژیل دۆلۆز ١٩٢٥-١٩٩٥ )

ئەو بیرمەندە فەرنسییە ژیاندۆستەی کە لە پە نجەرەی شوقەکەی خۆی هەڵدایە
خوارەوەو کۆتایی بە ژیانی هێنا هەمیشە ماشێنێکی دوولایەنە
لەسیستمی زماندا کاردەکا بەژاوەژاوی زۆربلێیی بیرکردنەوە دەخاتە تەنگوچەڵەمەوە
ناچاری ملکەچی بیت بەتایبەتی کاتێ وشە فەرمانییەکانت ئاڕاستەدەکا یا ئەوەتا
دەبێ چەشنی شەهوەتبازێکی هەڵوەدا بەبێدەنگی و زمانقورسی ڕووله هێڵی هەڵهاتن
بکەی و
دیوارەکان کوناوەدەربکەی و بەدەم ڕاکردنەوە جوانی بفرێنی و
وەك بێگانەیەك بدوێی و ڕوخسارت لێبکەیتەوەو ئەدگارت

تەنكتر بكەی ئاخر كێشەكە وابەستەی ڕۆشتنی كاتە و
جوانیی بوون لەئێستادایە و گیرۆدەی جوگرافیایە نەك مێژوو دەبێ گژوگیات خۆشبوێ
نەك درەخت و دارستان مانەندی غەجەر و كۆچەری لەناوەڕاستدا ئۆقرە بگریت نەك لە
سەرەتا و كۆتایی بێگومان لەم ڕەوشە لێڵ و تەماوییە ئایدیۆلۆژیا تەفرەدەرەو
هزرەكان لەقاڵبدەداو
بەكۆتكردن و كلۆمدان هەژموونی ئاڕاستەكردنت بەسەرادەسە پێنێ
وەك دەزانی نەزمی بالاّ لەخۆیدا قێزەون و ڕەزاقورسە تۆی نۆماد لەم چركەی خرۆشانە
چیت داوە لە كۆدەزگای دەسەلاّت سەربەخۆیی ئازادییە و هارمۆنیای چێژی جوانییە و
نقومبوونە لە هزری ڕیزۆمی هەست ئاگرێكی شینی شێدار تاكێتیی جوانی ڕووداوێكی
تاقانە مرۆڤ تەمەن كورت و زووتێپەڕ ئیرۆتیك پێكەوەلكان و لێكجیابوونەوە مەرگ
چاڵی ڕەشی هەڵخزین و ڕۆچوون ژیان بە لەنێوچوونێكی بێمانا تەنراو
گاڵتەجاڕییەكە لێوانلێو لە قیژەی شاقووڵی و نەعرەتەی ئاسۆیی
شیعر لەنێوان ڕۆنانی قەڵەمڕەویی و لەقەڵەمڕەویخستن و
درزتێخستن وكوناودەركردنی دیوار و پەیكەربەندی درەختەكانا
داهێنانی ڕووتەخت و قەڵەمڕەو و سەرزەمینێكی نوێ وجیاوازی هزرییە كەبە گوژمی
ناوەكی و حەزكردن و تەزووی ئارەزووەكانەوە
لكاوەو شیعر فوارەیەكی ناوەكییەو لەخۆوە هەڵدەقووڵێ و زنجیرەیەك ڕستەی لە نەست
دەرپەڕیوە هەڵوەدای تاكگەرایی و چڕبوونەوەو قوڵپدان و
جووڵەی پێچەوانە و پێچكردنەوەو ناوبڕ و كەلێنەكان و لەرینەوەو خوڕییە ماشێنێكە
دژ بە كۆدەزگاكانی دەسەلاّت دەرەوە خالّی نییە لە زەبروزەنگ و توندوتیژی
بەیەكگەیشتن و پێكداتوانەوەو كرانەوەو ئەڤین

هاوەڵییانە خۆشترەو نووسین لەم ئاژاوەو جە نجاڵییە ورووژاندنی هۆشمەندی نییە
بە پێچەوانەوە خزینە لە لەکایەی تەفرەدان و ڕووکردنە ڕووگەی ئولفەت و هۆگریی
هزر ملکەچی چێژی جوانییە
( ڕیزۆم بکەن بە گژی درەختدا ، درەخت ماشێنی دوولایەنەو
بنەمای دابەشبوونی دوانەییە ) سەنتراڵەو فەرمانەکان دەگەیەنێ
خودایا قوتا بحانە چەنێ ترسناکە بەشێکە لە سیستمی درەخت و
لەسەرکوتکردنی دەروونی و بازاڕسازی بەدەرنییە نەخاسمە بە ئەفازیاوە ڕووی تێبکەی
ئازادی تاکگەرایی خۆشنوودییە نیشەجێبوون و توانەوەی کارلێك و زایەڵەکان
لەیەکتردا بە تیشکگەرایی و جۆشوخرۆشەوە
پرۆسێسێکە پەیوەست بە پێچخواردن و لۆچبوونەوە تیایدا شیعر چەشنی وردەگیا
هەڵدەقووڵێت و گەشەدەکا درەخت دژی گژوگیایە
ڕیزۆم ڕیزۆم ڕیزۆم
ژیان شیعرەو چرکەساتەکانی ڕووداوی بوونبەیە گژوگیا ڕەگداکوتانی نییە
بوونبە بوونبە بوونبە
گوژم و تەوژم و درزتێخستن و بەیەکگەیشتنی بوارەکان
( گوڵ جوانە ،کەلەرم سوودبەخشە ، خەشخاش زۆر هەستبزوێنە ،
بەڵام گیا واتە زێدە – هەڵقووڵان ) ئەگەر مرۆڤ گیای مردن بێت گیای ژیانیشە نیتشە
دەڵێ :فیکر دەبێ بهاوێژرێت تۆ سەیری جوانییەکانی جیهانی ژیان بکە ئەوە
دەقئاوێزانە هزر دەکات بە هێزێکی کۆچەری
خێرایی ڕەها ،ماشێنی ئیستاتیکا ،خوڕیی ئیرۆتیکا دەبێ بە بوونبە جوانییەکان
لەیەکتر گرێدرێن و یەکتر هەڵبمژن چێژبردن هەڵایسانی ناوەکییە وابەستەی
بڵێسەکانی جوانیی جەستە بوون خێراییەکە و تێدەپەڕێ و دیارنامێنێ لەم لێڵی و

ناڕوونییەی دەربڕینە شیعر بە تاکگەراییەکی تایبەتەوە بەندە لەنێو زۆرینەیەکی زەبەلاحدا وەك لەرەیەکی ورد خۆی بەکەمینەکانەوە دەلکێنێت

ڕیتۆرنیللۆ ڕیتۆرنیللۆ ڕیتۆرنیللۆ

ئازادی و خۆنەبەستنەوەیە بە هیچ شتێکەوە شیعر بڕێجار بەشێوازی ( گەنە ) کاردەکا بەلاّم لەبری خوێن بە بوون بە –مێش هەنگ

شیلەی جوانیی جەستە هەڵدەمژێ و لەم فیچقەکردن و هەڵقوولاّن و گوڕوتین سەندن و قوڵپدان و خوڕیی لێڕۆیشتن و فرەییە

عیشق وابەستەی شەیدایی و ئارەزوو سەرقاڵی خۆ سەرڕێژکردن و فیچقەکردنە ژیان لێوانلێو لە تاکشەیدایی و وەهمشەیدایی و

وزەی دیۆنیزیۆسی وتەزووی ئارەزوو ماشێنی ئیستاتیکا دژی کۆدەزگای دەسەلاّت هێڵ دژ بە پنت و میوزیك دژ بە یادەوەری لەرینەوەکان بەرزبوونەوەکان لە ئێستادا جوانن ئەم هەموو ڕەنگدانەوەیە چ کەڵەکەبوونێکە چۆن دەسبەرداریان ببم و بەئازادی تاکگەرایی بیربکەمەوەو خوڕییەکان بچنە پاڵیەکترەوەو چەمکی جیاواز جیاوازی شیعریی وەك گوژمێك دابهێنم گەیشتن بە چێژو عیشقی خانەدانی

بەوەلاوەنانی دووفاقی و دۆگماکانەوە بەندە ئارەزوو ڕووتەختێکی تایبەت دروست دەکات ڕووتەختی پێکەوە سازان،ئێمە وەچەی ئیمانێنتین ،لەخۆدابوون لەجیهاندابوون لە سەرزەوییبوون ، مەگەر چەشنی کاراکتەرێکی شیزۆیی خۆڕا پسکێنین و دیوارەکان بشکێنین ،ئەمە خواستی ناوەکی ترازان و جیاوازییە، هێڵی هەڵهاتن پێچخواردن و لۆچبوونەوە بەلاّم زیندەگی خۆشترە ،ئاخۆ خۆکوژی هێڵی هەڵهاتنە؟ ئەی جوانی ( فانی ) وکوناودەرکردنی دیواری سپی و تراژیدیای چاڵەڕەشەکان ،جیهانی ژیان مەڵبەندی گەمەکانی ئارەزووە وابەستەی چێژ و فێستیڤاڵ و پێکەوە سازان وتەزووەکانی دیۆنیزیۆسی ، ئارەزوو کێوی و هارە ( نە نوقسانی دەناسێ نە یاسا و ڕێسا ) کەواتە پێویستە دژ بە دوالیزمەکان

ئەفازیا و زمانقورسی دابهێنین ئەگەنا چۆن بترازێنرێن !

***

## بۆ سوڵتان

بەمنیوەڕۆیە خۆم کرد بە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتوونا ژوور و دیوارەکانی زەرددەچۆنەوە

بتڵە شەرابە ئاڵەکەی دەستم هەڵپچڕی و پیاڵەیەکم لێی خواردەوە من زیاتر بە

دایالۆگەکانی سەرمەست و سەرسامم

جارجارە پڕیشکی هزرەکانی بەرەو ئەندێشەکردنم دەبەن و

وێنەی ( سۆکرات و ئاگۆرا ) دەخەنە بەرچاوم هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە

خوێندنەوەیان ( کاتبەفێرۆدانبێت ) لەناکاو بێدەنگییەك دەروونی داگرتم

خەریکبوو درککرنم بوەستێ حەزم دەکرد زۆرتر نوقمی چەمك و تێڕوانینەکان ببم تۆزێ

شڵەژام و لەبەرخۆمەوە وتمتۆبڵێی ( دەقی نووسراو چەشنی تابلۆیەك ببێتەهۆی

لاوازکردنی یادەوەری و بەهرەی بیرکردنەوە )

ئەی ئەو گوتارانەی لەنێو جووڵەی ئاخاوتندا ونده‌بن و بەشێوەیەك لەگەڵ نووسیندا

بەناویەکدادەچن جیاکردنەوەیان نەکردەیە و لە پڕێکا درز دەخەنە فۆرمی یەقینەکان

و ( هێزی چالاك ) بەرەو بیرکردنەوەو نیگەرانی و چێژبردن لەجوانییەکانی ژیان دەبەن

!

***

مرۆڤ بوونەوەرێکی نیگەرانی کۆچەرییەکەچی لەناخەوە واهەستدەکا خاوەن موڵك و

ئارامییە بەلاّم لە بنەڕەتدا چەشنی باڵندەیەك یاخود پشیلەیەك لە

قەڵەمڕەوییەکانی جیهاندا دەگوزەرێ!

***

جیهان دەشتێکی قاقڕنییە زەمەندە!

***

شيعر ڕيزۆمه ڕەگە تۆڕێکی هزریی و زمانی و ئیستاتیکی
نەسەرتای هەیە نە کۆتا نە ئەسڵ و ئامانج و پەیامێك !

***

وتم ( دۆلۆز ) درکدەکەم شێواز لەسیستمی زماندا بێگانەبوون و ئەفازیایە
من دەمێکە چرکەساتەکانی زمانگرتن وزمانگیرانم دەنووسمەوەو
دەیا نخەمە سەرڕووتەختی هزرێکی ڕەنگاوڕەنگی فرەدیوەوە
بزەیەکی گرت و وتی : دۆزینەوەی جوانیشە لە ڕیزۆم و ڕەگەتۆڕدا
نەك لەڕەگ داکوتان و قەد و لق و پۆپی درەختا!

***

دادا لە سوریال خۆڕسکتر و جوانترە
ڕیزۆم لە درەخت پەرشوبلاّوتر !

***

شیعر لەسەر هێڵی زیکزاك و ڕووتەختی عیشق یاری دەکاو
بە ئارەزووی گەیشتن بە چییەتی جوانی!

***

شیعر بەرهەمی بەیەکداچوونی کارگەکانی نەست و ئارەزووە!

***

شیعر ئاکارەکانی ( هێزی چالاك ) دەنووسێتەوەو باوەش بۆجوانی ئاوەڵادەکا!

***

هەستە غەمگینەکانت بخەرەلاوە باوەش بۆ شادی بکەرەوە ئارەزووکردن لەززەتبەخشە و
ناخودئاگا کارخانەیەتی!

شیعر دەمانچەی ڕەنگپرژێن و وشە پرژێن نییە بەرهەمی بزواندنی زمانە لەڕێگەی هزرو جوانییەوە!

***

نووسین عیشق و بوون بە و ڕۆنانی قەڵەمڕەوییە خوڕییەکان دەچنە پاڵ یەك و یەکتر لە قەڵەمڕەویدەخەن!

***

شیعر سەرپێچییەکی بەجۆشە دژ بەو هێزە ڕەشانەی ئارەزووە سپییەکان ڕێسارێژدەکەن!

***

لە ژووررە تەنگەبەرەکانی (کۆشك)دا چێژێکی شاراوە لیبیدۆم دەورووژێنێ و زەینم ڕووەو دامەزراندنی ڕووتەختێکی پێکەوەسازان و لێکبەستنی تاقمەکان هاندەدا تاکو وشەکان بە خوڕییەکانی عیشق و جوانیدا تێبپەڕێنێت و ڕوولە ئامێزانبوون بکەن لەنێو نەزمی نیشانەکان و سیستمی گوتن وناوەڕۆك و ژیانی بەئارەزوو کۆدرێژکراودا تاکێتیم بێدەنگی بشکێنێ و توخمە ناچوونیەکەکان لەگەڵ یەکترا ڕووەو دراوسێبوون بەرێت ئاخر ماشێنی نووسین لەگەمەی وشەسازی و لێکخشانی ئیرۆتیکی و خەسڵەتی شیزۆیی و سینتاکسی و سیمانتیکی و لە قەڵەمرەویختن بەدەرنییە و دەیەوێ (زمانێکی تر لە نێو زمانێکی دیاریکراودا هەڵبکۆڵێ)

بڕوانە لەم پەیوەندیگرتن و سوبێکتسازی و بوونبە و دەستەکۆییە

چۆن بە خوڕیی و ئەلکولەوە لکاوەو بەرەو ئاوێتەبوون و چوونەوەیەك دەخزێ

هەمیسان بڕوانە (چەندین زمان لەیەك زماندا هەن)

جاچۆن تووشی تەتەڵە کردن و بێگانەبوون نەبین

(ڕەخنەش هونەری لێکبەستن و تێکەڵکردنەکانە

وەك چۆن کلینیك هونەری لادان و لاربوونەوەکانە)

خودی شیعر لە گالیسکەکەی ( ئەفلاتون ) دەکا نەك لە گالیسکەوانەکە
نەکردەیە بتوانرێ هاوسەنگی لەنێوان ئەسپە خۆشڕەوەکەو ئەسپە بەلەسەکە ڕابگیرێت
لەکاتێکدا جڵەوی ئەسپی دووهەم لەدەست ماشێنی ئارەزووە!

***

ڕوانینیی باو و سوونەتی بڕوای بە نوێبوونەوە وجیاوازی نییە تادێ ڕۆحی شیعر
لەخشتەدەبا!

***

چەنێ گۆشەنیگات قووڵتربێت زیاتر هەست بە خەمناکی دەکەیت!

***

ئەمشەو بەمەستی و بەڕستێك پرسیارەوە ڕووم کردە ( قاوەخانەی سۆکرات ) و وتم شیعر
چییە؟ ئەی بوون و جوانی؟ ( کالیاس ) بە شڵەژاوی وتی:
کەس تاقەتی وەڵامدانەوەی نییە!

***

لەوەیە شیعری جیاواز هەست و درکی هۆشەکی بوروژێنێ و وەرگری دایەلۆگکار بەرەو
خەیاڵ و بیرکردنەوە بەرێ!

***

هزر لەبەردەم بڵێسەی جوانیدا ڕادەچڵەکێ و
ئاسۆی نوی بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن دەکاتەوە!

***

خەیاڵی شیعری ماشێنی ئارەزووە و خاڵی نییە
لە ئیدراکی هەستەکی و تێڕامان و تەزووی ئیرۆتیکی و خوڕییە ناوەکییەکان و
چێژەکانی سەرپێچی!

***

له شیعردا بوونی عیشق و جوانی له بەنێویەکداچوونی
جەستەو دەروون دەکا !

***

لەم ژیانە هیچ شتێك جێگیرنییە دەشێ ڕۆیشتنی کات بە بەریەکەوتنی
جەستەجوانەکان بژمێردرێ!

***

ڕووتەختی ئارەزووی شیعر ڕووی لە هێزی چالاك و ژیاندۆستییە!

***

شیعر بە تاقم و قەڵەمڕەوی و بوونبە –جوانییەوە لکاوە!

***

وەرە لەم ئاژاوەخانەیەو لەبەردەم دۆگماگەلێکی ڕەزاگران دابنیشە و
مۆنادەکانی جوانی و تەزووەکانی ڕۆحی جە نجاڵ و سەرگەردانت
بنووسەرەوە!

***

کێڵگەی شینی وشەی شیعر بەبریسکانەوە ڕووەو بوون بە- باخچە
هەنگاودەنێ!

***

منی شیعر چەمکگەرایەکی شێتە هزر دووچاری جووڵە و درەوشانەوەدەکا!

***

بەتێپەڕینی کات دەنگ و وێنەکانی نێو جیهانی ژیان پێدەگەن و پاشان وردە وردە
دیارنامێنن!

***

شیعر چنینیی شکۆفەی بیرۆکەیە لە باغەکانی هزر!

هێزی ئیستاتیکی یاری بەچێژی عیشق دەکا ماشێنی ئارەزوو یاری بە کایە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا؛

***

نووسین بزاوتێکی زمانییە دزە دەکاتە ئەو شوێنانە کە خۆشی دەوێن؛

***

شیعر لە بونیادنانی کایەی مەعریفی بەدەرنییە لەڕێگەی ئارەزووکردن و لێکخشانی ئەڤینییانە؛

***

شیعر ئارەزووخوازێکی ئازادە هەڵوەدای جوانی جەستە؛

***

جوانی هێزە بە بوون بە —هزر ناونشین دەبێت و چەشنی دەسەڵاتێکی چێژبەخش گەشەدەکاو دەستمان بەسەردادەگرێت و هەژانێك بەرپادەکا دژبە ئاژاوەی ژیان پڕاوپڕ لە ئارامی و خرۆشان و درەوشانەوە ڕاڤەکردنی ئەستەمە؛

***

جوانی ئاگرە ئارەزوو دەوڕووژێنیٚ و دەروون ڕزگاردەکا لە ئیرۆتیکی ساردو سڕوکەشی غەمگینگەرایی؛

***

هزرە کەڵەکە کراوەکان لە تەڵەنانەوە بەدەرنین وریا نەبیت قاچت لەداوی وشە دەئاڵیٚ؛

***

تەنها جوانی تاسەی شیعردەشکێنیٚ؛

***

ویستم بەڕیتمی هەرزەکاری گوزارشت لەو پووچی و بەتاڵییەی بوون بکەم

کەبە مەرگەوە لکاوە جوانی خێسەی لێکردم !

***

لەبەردەم ( خواردنگەی برادەران ) بیرم لە گریگ و چەمکی فەلسەفەکاری و دایەلۆگ و هاوڕێتی دەکردەوە ( کالیاس ) بەلەفەیەکەوە هات و دانیشت یەکسەر خەیاڵم ڕۆیی!

***

ئێمە بەجیهانێك لکاوین لێوانلێو لە ستەمی دەسەڵات بە دیسپلین و کۆنترۆڵکردن ئامانج و بەرژەوەندییەکانی جێبەجێ دەکا!

***

کۆمەڵگای داخراو خاڵی نییە لە چەپاندن و گاڵتەجاڕی و سووکایەتیکردن بە کردەی نووسین!

***

لەکۆمەڵگای داخراودا باوك فۆڕمی دەسەڵاتە!

***

ئازادی خاپوورکردنی بەربەست و دەربازبوونە لە کۆت و پێوەندەکان!

***

شیعر بەرهەمی ئارەزووە دەسەڵات بەرهەمی زەبروزەنگ!

***

دڵخۆشی پاداشتی جوانییە!

***

دەقی کراوە خاوەندی فەزایەکی ئازادە سەرکوتکردن و کۆتوبەند ڕەتدەکاتەوە!

***

شيعر بە ڕیتمی هەرزەکاری چرکەساتەکانی سەربەستی و چێژبردن دەنووسێتەوە
بەڕیتمی پیریی مەینەتی بیماریی؛

***

چەنێ قێزەونە هەرچۆنێ بێت دواجار ژیان دەکرێت بە خەلاّت بۆمەرگ ؛

***

لە تیاترۆخانەکاندا زمان لەدەست و لەدەم دەردەچێت
لەقومارخانە و مە یخانە و ساقیخانەکانیش؛

***

شیعر بەلەبەرڕۆشتنی شیلەی جوانی دەبووژێتەوە؛

***

ژیان وێڕای چێژگەراییەکەی شوێنگەی لێکترازان و پارچە پارچەبوونی سوبیکتە ؛

***

دڵخۆشییەکی ڕاگوزەر لە خەمۆکی باشترە ؛

***

برێجار جوانیی یار چەشنی ئایدیایەك بەزەینمدادێت؛

***

بۆ ( ژۆرژ باتای ١٨٩٧-١٩٦٢ )
بەرگی کتێبی ( شینیی ئاسمان ) هێندە سرك و لووس و جوانە
لە شەقامێکی قەرەباڵغدا لەدەستی ( ژۆرژ باتای ) دەخزێ ؛

***

شیعر فیچقەکردنی ئارەزووەو ملکەچی یەك لێکدانەوە نابێت؛

***

جیهانی ژیان مەڵبەندی بەفیڕۆدانە؛

شیعر گوزارشتە لە گەمەیەك لەجووڵەوە دەگەڕێتەوە بۆجێگیربوون!

***

شیعر سەررێژکردنی زمانە بەماسکی ئیرۆتیکی!

***

بڕێجار زەبروزەنگی بێدەنگی زمان دەهێنێتە پەیڤین!

***

توندوتیژیی وابەستەی نەزمی بالآدەست و هەژموونە!

***

دەقی کراوە هەڵگری ترۆپکی چێژ وموچڕکی خۆشییە!

***

شیعر شوێنگەی وێناکردن و ئاخاوتنە!

***

ژیان بەبەریەککەوتی چێژ و ئازارەوە کۆتایی دێت!

***

مرۆڤ لە سیستمی زماندا لە بێگانە و غەریبەیەك دەچێت!

***

کەس نازانێ ( ئیرۆس ) لەنێودڵی ( تاناتۆس )دا نیشتەجێیە

یاخود تاناتۆس لەنێو دڵی ئیرۆس دا

***

سەیری ئەم بەدمەستییە سوبێکتی ئارەزوومەندم خەریکە لێك دەترازێ و

زمان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ڕووەو جوانییەکانی جەستەی ئەلەتیا

دەکرێتەوە!

***

نه تێکست له هزریی نیهیلیزم بەدەرە نه زەینی شڵەژاوی مرۆڤ!

***

نائاگایی گیرۆدەی چێژ و خۆشگوزەرانییه!

***

شیعر له  بەفیرۆدانی زماندا وابەستەی چێژی سەرچڵە!

***

شیعری ئیرۆتیکی به بەرپاکردنی وزەی شەهوەتی گوزارشت له جوانیی جەستەدەکا!

***

ئارەزوو عەمبارێکی بێبنه سەرڕێژبه چێژی سەرکێش!

***

شیعر بەئارزووی نائاگاییانه گوزارشت له چه پێنراوەکان دەکا!

***

جوانیی جەسته شیعر بەرەو مەسرەفکردنی زمانی دەبا!

***

شیعر وابەستەی ئارەزوو و بەفیرۆدانی هەستی جوانییه !

***

شیعر جوانییەکی تاقانەیەو گڕ له خەیاڵ و زمان بەردەدا!

***

شیعر ژانرێکی جیهانییەو لەڕێگەی بەستێنی جوانییەوە لۆکاڵ تێدە پەڕێنێ!

***

جوانیی خانەدان هێندە چێژگەرایە لەلای ئەویتردا
ئارەزووی بەخشش و پیرۆزگەرایی دەورووژێنێ!

***

خۆشگوزەرانیی ژیانکردنە لەگەڵ جوانییا!

***

جوانی لەڕێگەی پیرۆزگەراییەوە ئەویتری شەیدا بەرەو ترس و دڵەڕاوکێ دەبا!

***

تەزووی هەستەکان هەڵگری دڕدۆنگی و چێژبردنی شاراوەن!

***

شیعر ماشێنی ئارەزووە لەبەردەم جوانییدا وزەی غەریزەکان بەفیڕۆدەدا!

÷********************

ئەزموونی ناوەکیم نغرۆی جوانی و دیاردەی مەرگە!

***

لەم هەڵچوون و دەرپەڕینی زمانییە نەبوونسازی بوونی هەیە نەئاما نجسازی!

***

شیعر جووڵەیەکی ئیستاتیکیە لەنێوان ئیرۆس و تاناتۆسدا
دێت و دەچێت!

***

زمان سەرچاوەی سادیزم و مازۆشیزمە!

***

لە ڕەوشی ئارەزووی چە پێنراو و چێژی دواخراودا ئەوە غەریزەیە بیردەکاتەوە!

***

ئارەزوو هێزێکی لەڕێلادەری پێشێلکارە!

***

بڕێجار جوانی توانستە دەروونییەکان دەردەپەڕێنێ و لەدووتوێی ستایلدا
دەیتەقێنێتەوە!

دەقی کراوە سنووربەزێنە زۆرجار ڕوو لە دەڤەرە قەدەغەکراوەکان دەکا!

***

شیعری باو دوورە لە بەزاندنی ئیستاتیکی و قەدەغەشکێنی!

***

لەم هەراو زەنایە بەشڵەژاوی توانا دەروونییەکانم بەهەدەردا!

***

چێژبردن لە جوانی ئەزموونێکی ناوەکییە!

***

خودایا ئەم سەرگەردانی و پەرشبوونە چییە گەروابڕوا نەتەنها هەست هۆشیشم لەدەستدەدەم!

***

تۆ سەیری ئەم توندوتیژییە تەنانەت پەلاماری تایبە تمەندیی شیعریی و جوانییەکانیش دەدرێ!

***

لەژیاندا نەتەنها ڕەنج هەمووشتێک بەهەدەر دەڕوا!

***

ئەمە چ ئازار و ئەشکە نجەو دەردەسەرییەکە خەریکە سەرا پای بوون دەتەنێتەوەو شیعر توانای گوزارشتی لەدەستداوە!

***

شیعر عیشقەو کرانەوەیە بەسەر مەرگ وجوانییا!

***

مەرگ بەهەدەردانی هێزی ژیانە!

شيعر له بەستێنی زماندا عیشق و سێکس و جوانی و پیرۆزگەرایی بەیەکەوە دەلکێنێت؛

***

شيعر له تێهەڵکێشکردنی چێژ و نیگەرانی و ئارەزووی مەرگ بەدەرنییه؛

***

مەرگ بە شێوازە تراژیدییەکەی ڕێکخەری بنەماکانی ژیانە؛

***

ژیان لێوانلێوه له هەڵقوولان و فیچقەکردنی جوانی؛

***

چالاکی سێکسی مەسرەفکردنی وزەی ئارەزووەو ژیان دەدرەوشێنێتەوەو خاڵی نییه له هەدەردان و لەدەستچوون و فریودان؛

***

( میوەی ژەهراوی شیرینه ) بیرته ئەم ئیدیۆمەم لەشەوە ترسناکەکەو لەبەردەم جەستەی ڕووت و قووتی ڕەشئەسمەرتدا دەربڕی؛

***

سێکس عیشق و فەنابوونه لەجوانیی جەستەدا؛

***

تەقینەوەی زمانی گەمەی ستایلی شیعرییەو لەهەستکردن و هەڵچوونەتوندوتیژییەکان بەدەرنییه و خاڵی کردنەوەی وزەی زیادی ئارەزوو و دەرپەڕینی وشەو ناوکۆیی دەگمەن و جیاوازو نوێیه؛

***

شیعر گیرۆدەی تەزووی عیشق و جووڵەی جوانیی جەستەیه؛

***

شیعر کۆشکی کەرنەڤاڵی ژنەچاوباشقاڵ و داوێنتەڕەکانه

شەوان بەبەمەستی و بەشێوازێکی هیستیری سەمای تیادەکەن!

***

ئەوەی دەمکوژێ پیرۆزگەرایی جوانییە!

***

شەوان بەجۆشوخرۆشەوەوەرە با چرپا شینەکە بلەرێتەوە هەرباشە جارێ لەبوون دانەماڵراوین!

***

مرۆڤ بوونەوەرێکە وابەستەی جوانی و زمان و خەیاڵ!

***

سرووشت شیعرێکی جوانە شاراوگەی هێزی خاپوورکاریشە

***

ئەو چێژە دۆزەخییە چییە شیعر لە چییەتیدا دەیشارێتەوە ڕەنگە بە خەیاڵ و زمانەوە لکابێت نەك بە جوانی ئۆبێکتەکەوە!

***

ئارەزووەکان چەشنی ئاو لەناخی مرۆڤەوە هەڵدەقووڵێن!

***

جوانی چێژی زەینی و هەستەکی لەشیعردا بەرجەستەدەکا و نەست و دەروونی وەرگر بە پرشنگ دەورووژێنێ!

***

چێژی ژیان بەتاسە و دڵخۆشییەوە بەرەو خوێندنەوەی تێکستێکی شیعری بردم هزرم کۆکردەوەو هەستی ئیستاتیکیم دایساو بیرکردنەوەم

ئاڕاستەی کردەی نووسین کرد زەینم لەنێوان فۆرم و دەلالەتەکاندا

گیری دەخواردو درکم دەکرد بابەتەکە ئاماژە بۆ شتێکی تردەدا بەخۆمم وت تۆبڵێی ئەمە خەسڵەتی ئەو ڕەگەزە بەتاڵەنەبێت کە زمان تێیدا نیشتەجێیە!

***

کاتێ جوانی دەردەکەوێ بونیادی بەها و بیرۆکە کۆنەکان دەلەرزێنێ و ژیان بەرەو هاوئامێزبوون دەبا!

***

هەمیشە جوانی هانی کردەی نووسین دەدا یاری بە چەمکەکان بکاو ڕۆحی تەبایی و پێکەوەسازانی سوونەتی هەڵبوەشێنێتەوەو سەرڕێژی بکا
بە چێژی سەرکێش و ڕەوشی ئەنارشی و پۆرنۆگرافی!

***

نووسین لەم ئاژاوەی هەمەجۆری و جیاوازییەدا سەددەرسەد سەربە چاکەکاری پەتی و بالاّ نییە کەواتە لە ئەزموونی خراپە و لەڕێدەرچوونی ئیستاتیکی و تێهەڵکێشکردنی هزریی بەدەرنییە لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا
( هەر وشەیەك تەڵەیەکە )

***

ماشێنی ئارەزوو بێباکە و سەرچاوەی هێزی ئیرۆسیی کردەی نووسینە و سەرقاڵی لێکبەستنەوە و تاقمکاری و بەرپاکردنی ڕووداوی ئیرۆتیکی و گواستنەوەی مانا و لەخاوەنداریێتیخستن و داماڵینی سوبێکتە و هێدی هێدی ڕێساکانی نووسین و فۆرمی قەڵەمڕەوی ئیستاتیکی و کەرنەڤاڵی دەربڕین لەدەستدەداو دەسەڵاتی ڕاڤەولێکدانەوە ڕادەستی خوێنەری وەرگر دەکرێ و چیتر دەستی بەسەرئەوەناشکێت خوێندنەوە بەدنیازەکان ڕاستبکاتەوە لەکاتێکدا ئەزموونی ناوەکی بەدڵەڕاوکێوە خوو و خەسڵەتی خودگەرایی و تاکگەرایی و جیاوازییەکان بەکردەی نووسین دەسپێرێ و حەزو خولیاکان لە ( دال ) دا دەتوێنێتەوە و لەموڵکایەتیخستن بەلەدەستدانی جڵەوی گوزارشتکردنی

تاكەكەسی كۆتایی دێت و بڕیجار كۆمەڵێك نیشانە لە دەقدا دەردەكەون ئاماژەن بۆ شتێكی دیكە و ڕەنگە پێوندییان بە نیازەناوەكییەكانەوە نەبێت و بۆ ئارەزوویەك بگەڕێن لێی دەربازبوون نەكردەبێت ( ئارەزوو هەمیشە ئارەزووی ئەویترە ) ئیتر لەم دوورە پەرێزخستن و شەیداگەرایی وچاولێبڕین و سازاندنی گەمەی نووسین و شاردنەوەو دواخستنی مانایەدا دەشێ زمان لە گوناە بێبەری نەبێ و چاكە تێهەڵكێشی خرا پەبكرێت و هەستی مەرگ لە چركە خۆشەكانی ژیان دانەماڵرێت ،دەمەو ئێوارەیەكی درەنگە بەنیگەرانی لە قاوەخانەیەكی شیندا دانیشتووم و گۆڤاری ( ئەمبادۆكلیس )م پێیە و بیرلەڕەنگ و دەنگ و نووسین و ئاوازی وشە و گەمەی پیتەكان و پێوەندی نێوان شیعر و فەلسەفە و دنیابینیی ( جاك دریدا ) و ( سەنترالیزمی دەنگی میتافیزیكا ،جیاوازی و دواكەوتنی مانا ) و هەڵوەشانەوەگەرایی دەكەمەوە و جارجارە بزەیەك دەگرم وئەلەتیا جارێ دەرنەكەوتووە تاكو چاو لە گەمەی كەفەڵە تورتەكانی و ڕوخسارە غەجەرییەكەی ببڕم وتەزووی دڵخۆشییەك دامبگرێت ، دركدەكەم بوونی مرۆڤ لە یارییەكی نارنجی ئامالْ مۆر زیاترنییە ( وشە دوای گۆكردنی دەسبەجێ دەمرێ ) و لەگەڵ تێپەڕینی كات و تیاچوونم وەهمی تاكگەرایی منیش خۆی دەردەخا كەچی ماشێنی ئارەزوو هێندە بێباك وچاوقایم و شەهوەتخوازە لەڕادەبەدەر گیرۆدەی بڵێسەی جوانیی جەستەیە و گرنگی بە شتێكی ترنادا و دەزانێ ( نووسین دالی لەبەرگیراوەی دالی دەنگییە ) و ( جوانی )یش ڕووناكییە و چەشنی هەتاو تیشكەكانی بێ بەرامبەر بۆ تیلەی چاو پەخش دەكات!

***

بۆ ڕۆلان بارت

شیعر کردەیەکی ناوەکییە و بەدەرەکییەوە لکاو سەر بەجیهانی زانینیی ئیستاتیکی و دەلالەتکردن و ئاماژەدانە سوبێکتی نیگەرانم بۆ گەشە پێدانی بەستێنە ئالۆز و جوانەکانی لەنێوان ناسین و پێزانینیی
شتگەلەکانی ( ئەفلاتون ) و وشەسازی ( ڕامبۆ ) دا دووهەمیانی هەڵبژاردووە!

***

شیعر هەڵوەدای فۆڕمی ئەفسانەیی ڕوخسارە!

***

وتم : ئەلەتیا کێ تۆوی بڵێسەی ئەفسانەیی لەڕوخسارتدا
چاندووە وتی : میهر شڵەژام و هێندەی نەمابوو باوەش بەباڵایدا بکەم !

***

شیعر لەم لێڵی و ناڕوونییەدا ( کایۆس ) ە و هەڵگری چڕبوونەوەیەکی بەیەکداچووی مەعریفی دۆزینەوەی مانا تیایدا بۆ دالە دەروونییەکان
کارێکی نەکردەیە!

***

ئەلەتیای داوێنتەڕ کاتێ دەوروژێ بەغەریزە بیردەکاتەوەو هزر لە چەمك هەڵدەکڕێنێ فۆڕم لە ئەفسانە بەتاڵیی لە دال پڕیی لە نیشانە
ڕووداو لە جەوهەر جەستە لە نووسین زمان لە دانەر چێژ لە ئارەزوو
ونکردنی شوناس لە مەرگ خاپوورکردنی سیستمی ڕێساکان لە سوریالیزم
ناوەوەی ( کایۆس )ێکە پڕاوپڕ لە گەمەی ئیرۆتیکی و کایەی مەعریفی!

******************************

بۆ ( رۆلان بارت ١٩١٥-١٩٨٠ )

هەر زمانێك لەبنەڕەتدا هەڵگری کرۆکی چەندین زمانی ترە

دەقیش بەهەمان شێوە لە بەیەکداچوونی کۆمەڵێك کولتووری فرەچەشن وجیاواز
پێکدێت جا پێویست ناکا دانەر چەشنی باوکسالارێك
بەوپەڕی بوغرایی بەخۆی بنازێت و بەشێوازێکی دووفاقی
لەهیومانیزم بدوێ و بەرهەمهێنانی واتا بەسوبێکتی گرێ بدا
ئاخر لێرەبەدوا لەدایکبوونی خوێنەری وەرگر ڕاگەیاندنی مەرگی نووسەری بەدوادادێت
و دەسبەجێ و بەجۆشوخرۆشەوە دەکەوێتە نێو فەزایەکی ئازادی ڕاڤەکارییەوە؛
***

## بۆ رۆلان بارت

ئێوارەیەکی درەنگە منی هەڵوەدای دەقئاوێزان بەمەستی لەبەردەم ( کۆگایەکی کتێب ) دا
وەستاوم پڕاو پڕ لە بەرهەمی ئەدەبی
ڕەفە تۆزلێنیشتووەکان مۆزەخانەیەکم بیردەخەنەوە نازانم کەی و لەکوێ
سەردانم کردووە سوبێکتی گومانکارم لەم دۆخە باڵادەستە
بەتراومای عیشق و گرفتاریی ئیستاتیکایەکی تاقانەوە
بەدوای چییەتی داقدا دەگەڕێ و درکدەکا دەق خاوەندی فۆڕمێکی ڕیزۆمی و کایەیەکی
هێماینیی جووڵەداری میتۆدییە و لێوانلێو لە ئاماژەدان و دەلالەتکردن و دەنگدانەوەو
هاژەی مەعریفی هێزێکە لەگوتاردا نیشتەجێیە و بەرهەمە باوەکان تێدەپەڕێنێ و
پۆلێنکارییەکان دەخاتە لەرزەو ملکەچی تەقاندنەوە و لێکترازانسازی و
پەرشوبڵاوکردنەوەیە
بیژوویەکی ئازادەو بەخودی چێژەوە نووساوەو لە ئەفسانەی بنەچە دابڕاوە
ڕەنگە باوکە ڕاستەقینەکەی بوونەوەرێك بێت لە کاغەز !

***

لەسرووتی دیۆنیزیۆسیدا گوزارە بەهەستی پۆرنۆیی مەستە ئارەزوو لە سەرکوتکردن
ڕزگاری بووەو گیرۆدەی جوانی جەستەیە چێژ بە پێکەوەلکانەوە هەلاّیساو دوورنییە
بەهەدەردانی نەغمەی وشەوە
بگاتە ترۆپك!

***

بۆ رۆلان بارت

مرۆڤ حەزی بە دەسەلاّت نەبووایە ئالوودەی پەتای زمان نەدەبوو
زمان فرەیە و بەسەر فرەیشدا دەکرێتەوە و دزە دەکاتە نێو ڕێکخراو و دامودەزگاو
دامەزراوە فرەچەشنەکانەوە دەسەلاّت فۆرم و تۆڕێکی چنراوی بەربلاّوە و بەشێوەی
ئاسۆیی هەموو کونج وکەلەبەرو پنتەکان
دەتەنێتەوە و چەشنی ئەهریمەنەکان لەدانە و ژمارە بەدەرەو
خاوەن گوتارێکی هەلّەوەڕو خۆبەزلزان و دۆزەخییە و هەرگیز تیاناچێ و بەشێوە و
شێوازی جۆراوجۆر دەردەکەوێتەوە و ڤایرۆسێکە و بە جەستەی کۆمەلّگاوە نووساوەو
لەسیستمی زمانیدا گەشەدەکاو پەرەدەسێنێ و
بوونەوەرەکان دووچاری سەرکوتکاری و زەبروزەنگ و توندوتیژی و
دابەشکردن و نامۆبوون و ناچاری وتن و چەنەبازی دەکات تاکو بکەونە ژێر سایەی
دەسەلاّتەوە لەم مەحالّگەرایی و پووچێتی و سەرسەختی و
بالاّدەستی و هەژموونکارییە سیستمێکە لەگوتارو ڕاگەیاندنەکانیدا قەتیس نابێ
وهەمووشوێن و کایە جۆراوجۆرەکان تێدە پەڕێنێت
ئازادبوون لەم داخران و ستەمکارییە خزینە بەرەو دەرەوەی ئاخاوتن کە کارێکی
نەکردەیە دەمەو ئێوارەیەکی درەنگە بەنیگەرانی و بێدەنگی لەنزیك ( بورجی بابل )
دانیشتووم و سەرقالّی تیغکردنی دنیابینی و گەمەکردنم لەگەلّ زمان و پێچلێدان

لەڕاڕەوەکانی قەڵەمڕەویە بێشومارەکەی و لێکدانەوەی نیشانەکان و ئاماژەدان و دەلالەتکردنم
تاکو توانای ئیستاتیکیم بتوانێت کێشەو ئاڵۆزی و ئەفازیاو جۆرێك لەبێگانەبوون بخزێنێتە نێوییەوە بەڵام ژاوەژاو و گوزارەھەمەجۆرەکان و پەیڤین و بڕیاردان لەزەین و خەیاڵم جیانابنەوەو لەبەرخۆمەوە دەڵێم خودایا ئەم سیستمە ستەمکار و هێزگەرایە چەنێ لێوانلێوە لە گومان و تاراندن و ناچارکردن وپێڕاگەیاندن و ملکەچی و هەڵپەساردن و بڕیاردان و تۆوی فاشیگەرایی و گیرۆدەبوون بە ئاماژەو نیشانەکا نخۆبەدوورگرتن لەڕەوشی تۆتالیتاریزمی ئەو بوونەوەرە جیوەییە پێویستی بە بێدەنگی و کشوماتی و کردەی خاڵی لە هەروتنێکە تاکو نەبینە کۆیلەی ئامازەکانی!

***

دەمەو نیوەڕۆ لەڕێستوڕانتە شینەکەی نزیك هۆڵی زەرد
ئەلەتیا عەزییەکی نارنجی ئۆیەداری بە پەڕپەڕەی لەبەردابوو
سوپ وموقەبیلات و نانی ڕەشی بەردەمی نیشانەیەکی بەهێما تێکتەنراویان لەلا
دروستکردم منی نیشانەناسی شەیداو نیگەران
نەمدەزانی لەم کەشە ئیستاتیکییە کە لێوانلێوە لە
گەمەی دالەکان و گوژم و تینی مۆد و سیستم و مانا و
وێنەو و میوزیك و تاسەی ئیرۆتیکی و پێکەوەسازان
چۆن کۆدی پۆشاکەکە بشکێنم و ئاستی ئەفسانەیی و
دەلالەتەکان شیکاربکەم داڕژانی چێژ ئارەزووی نووسینی لەلا ڕەخساندم و
بەرەو لەززەتبردن لەجوانی و ڕووداوچنین هانی دام و
( ئەندرێ بریتۆن )ی سوریالیزمی بیرخستمەوەو
یەکسەر بەشێوازی ئۆتۆماتیکی دەقێکی سپیم نووسی!

## بۆ ڤیدا قادری

دەمەو ئێوارەیەو ڤیدای ڕەخنەکاری کارا تازە لە ساقیخانە گەڕاوەتەوەو
نەشئەی حەشیش یاری بە زەین و گیانی دەکاو لە هێما و نیشانە تێکتەنراوەکان
ڕادەمێنێ وگوێ بۆ میوزیکی گەمەی دەلالەتەکان هەڵدەخاو
بزەیەکی شێتانە دەگرێ و تاڵ تاڵ قژی زەردی لەنێوان لاپەڕەکانی چیرۆکە
پیرۆزگەراییەکاندا دەشارێتەوەو ژیان و واتای دەق دەخاتە فەزایەکی ئازادی
ڕاڤەکارییەوە و دەرکدەکا بەدەرکەوتنی دەنگە جیاوازەکانی شیکارگەرایی مەرگی نووسەر
ڕادەگەیەنرێ و
دەسەڵاتی لەنێودەبرێ ڤیدا بەشێنەیی بەدوای مانای کردەی نووسین و مەودای
جوانیناسیدا دەگەڕێ و زەوقی تاکگەرایی بەنەشوەوە دەییاو
ئاوڕ لە شوێنەوارە سڕاوەکانی منی نووسەر ناداتەوەو دەزانێ دەق جەستەیەکی
درەوشاوەیە و ڕاڤەی داخراو دەخاتەلاوەو
جوانییە شاراوەکانی بۆ ڕاڤەی کراوە دەردەخا و
سەرلەنوێ مانای دەگمەن و جیاواز لەخۆدەگرێت!

***

## بۆ باروخ سپینۆزا

باروخ کاتێ ئاوێزەی چاویلکەیەك چاکدەکاتەوە
یاخود ئاوێزە بۆ تەلسکۆب و مایکرۆسکۆبێك دروست دەکا
نوقمی کەشی عیرفانی (کابالا) و یەکێتی بوونگەرایی و
عیشقی کچکەی (ڤاندنانده) و سەختی ژیان و بەدخۆراکی و گۆشەگیری و گومانگەراییە
درکدەکا ڕۆحی ڕەها خاوەن سرووشتێکی ناکۆتایەو
(لەهەموو شتێکدا ئامادەیە و هەمووشتێك لەخۆیدایە)
مرۆڤیش بوونەوەرێکی ڕەوتەنی وکۆتاهاتوو دەڵێ دەشێ هزر ژیان بگۆڕێ

جوانی عیشق دنیاگەرایی جوانکاریی و ئاوەدانی بونیادبێ و
خۆشگوزەرانی فەراهەم بکا ئازادی تاکگەرایی سوبێکت بەرەو
بزاوت و جموجوڵی ئیستاتیکی و فەلسەفاندن بەرێت
ئاخر بە بەرتەسککردنی بیرکردنەوە دنیابینی بەشێك لە ڕوانینەکانی
لەدەستدەدا ئازادبوون ڕەهابوونی جوانییە و ڕزگاربوونە لە دەمارگیریی و ئوسوڵگەرایی
و بوغز و دۆگمای لاهووتی دادگای پشکنین سەرقاڵی
ڕاوەدونانی هەرتەقەکانە ئەرسۆدۆکسی ڕۆژهەلاتی سەرقاڵی تاریکپەرستی وتم تۆ
ئەی خاوەندی ڕۆحی جوانی و گەردوونی
هەمیشە بە مرۆڤ دەڵێی لەم ڕێگا بەمین چێنراو و رۆح و جەستە بەیەکداچووەدا
کە پڕاو پڕە لە مانای شاراوە و تەمومژاوی
نائاگایی کەیلی خورافەیە و ئارەزوو چییەتی بوونە و یاری بە کردەوە و هەڵچوون و
دامرکاندنەوەکانی چێژبردن و ئازارچەشتن دەکا
ویستی ئازاد بەبڕیارەکانی ئەقڵەوە لکاوە نیگاکە لەم گاڵتە و گەپ و لاقرتێ و
نەفرەت و بوغز و کینەگەراییە یاری غەریزەکان گوزارشت لەچی دەکەن تەواوکۆیی
نەلە شادیدا بوونی هەیە نە لە چێژوخۆشی گشتی چرکەی ڕاگوزەرن دەشێ بەیەکەوە
ژیان و لێبووردەیی و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان جوانتربن و مرۆڤ بەرەو ئاشتی و
دڵسافی و خۆشنوودی ببەن
ڕەهابوون ڕزگاربوونە لە هەموو کەڵەکەبووە جێگیرەکان و دوورکەوتنەوەیە
لە نەهامەتی و وەڕسی و ڕقلێبوونەوە چێژبردنە لەبڵێسەی جوانی جەستە
ڕەنگە جەوهەری بوون بە نیگەرانی تەنرابێت جەوهەری تیۆلۆجیا بەئەڤین زانست و
زانین بەیەکەوە لەڕێگەی ویستی ئازادەوە دەرگاکانی ئاکارناسی ئاوەلابکەن تۆ ئەی
ئوسوڵگەرای ئاوەز کلۆمدراوی توندڕەو

تۆزێ پە نجەرەکانی ژووری زەینی داخراوت وازکە کرانەوە بەخشندەییە و لە
چەقبەستوویی چێژبەخشترە سەربەستی لە سەرکوتکاری و تۆقاندن و
خۆسە پاندن و زەبروزەنگ ڕوو لە چێژ و شادی بکە و ئازارو دڵتەنگی بخەرەلاوە
ئاگامەندی جووڵەیەکە و دەکەوێتە نێوان هەڵچوونەکانی چێژ و ئازارەوە ( خۆشەویستی
ئەلەتیایە ، چاکەکاری زانستە و بەتێگەیشتنەوە لکاوە، چروکی جەهل ) ژیان بە
لۆژیك و ئەڤین و ژیریی و ئەقڵگەراییەوە جوانە پەیبردن بە هەست و هۆشمەندییەوە بە
عیشقی ڕەها
سەرچاوەی دڵخۆشییە !

***

ئەشرەف

بۆ ڕۆحی پاکی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) ی چیرۆکنووس
زستانان پەستەکێکی قاوەڕەنگی تەنکی بەسەر فانیلە سپییەکەی لەبەردەکردو
هاوینان لە باولێکی نارنجیدا قەدی دەکرد وەك نووسەرێکی بەتوانای عاشق
بەوەرگێڕان حەزی دەکرد کورتەچیرۆکێك دەربارەی ئەوشەمەندەفەرە کەسکە بنووسێت
کەبەنێو شارەدێیەکەیانا تێپەڕدەبوو
کاتێ دەوەستا دەستگێڕە داماوەکان بەسەبەتەی پڕلە کێك و کولێرە و کەلانە و کەل
و پەلی جۆراوجۆرەوە بەهەڵەداوان بەرەو فارگۆنەشینەکان ڕایان دەکرد بەڵکو
سەرنشینەکان شتێکیان لێ بکڕن بەلاّم مەرگ مەودای نەدا
( غەم الدی مانی نینم
یەتەغە سالدی نینم
چوخ مرازلر توتمشتم
گیولمدە قالدی نینم )

***

زمان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هێمایییە پڕاوپڕ لە جووڵە وکردە
خەیاڵی خوێنەری وەرگر لەبەردەمییا نوقمی دنیای دەقی کراوە ودەلالەتکردن و وێنەی
زەینی و هەڵوەشاندنەوەی نیشانەکان و
یاری کردن بە دالەکان و دۆزینەوەی ڕووەجیاوازەکانی مانا!
***
شیکاریی بەدواداچوونێکی کراوەی ئیستاتیکییە
گەڕانە بەدوای چێژی ژیان و پرشنگی جوانی و چرکەخۆشەکانی خوێندنەوەو مانای
جیاواز ئاخر زمان سەرقاڵی سکوزاو گەشەکردن و نوێ بوونەوەیە!
***
شیلان جوانە جلە ڕەش وشەکەرییەکەی بزە و
جووڵەی دەست و بەهێی سینەی بنێسیی و بالآی بڵندی
دەمویست ڕۆحی بزێوی لە یەکەیەکی زمانییدا بەرجەستەبکەم
پیاڵەیەك چای شیرینی بۆهێنام دەستی لەرزی و
بەسەر کتێبە سپییە شیکارییەکەیا ڕژا!
***
شیکارگەرا بەچێژی ئاوێتەبوونەوە لکاوەو چەشنی سوبێکتێکی سەربەخۆ و خرۆشاو
لەبەردەم دالەکانی دەقدا دەوەستێ و ئارەزووی ئیرۆتیکی دەییا و
لەئاسۆی چاوەڕوانیدا بەدوای مانای خەیاڵکراو دەگەڕێ تاکو لەداخران و گیرخواردن
ڕزگاری بکاو ڕووەو جوانی و جیاوازی و ژیانی نوێ بکرێتەوە!
***
زمان نیشانەگەلێکی بێشوماری لەخۆگرتووە
جەستەی درەوشاوەت جوانیگەلێکی بێئەژمار
***

هەرچەند لە ڕوخسارت ڕادەمێنم جوانی سپیت برینەڕەشەکانم
هەڵدەوەشێنێتەوە برینەشینەکانیشم
***
جوانیت هەستی لیریکیم دەورووژێنێ و حەزدەکەم گۆرانییەکی شین
بچڕم
***
چێژی جوانی جەستەت سنوورەکانی بیرکردنەوە تێدەپەڕێنێ و
بەئاگامەندییەکی کراوە و کاراوە دنیابینیم قووڵتردەکا
***
شیعر گرێدانێکی لەززەتمەندی ئیستاتیکییە لەنێوان
ئاگامەندی دەروونی و مەعریفی و لیریکیدا
***
مانا بەرهەمی بەریەککەوتنی ئاگایی دەروونی و مەعریفییە
***
شیلان درەنگی شەو بەڕووتی هات تۆڕێك ئاماژەی لەجەستەی ئاڵاندبوو
ڕەنگی برۆنزی مەڵبەندی چێژبردنی ئاگرییە من بەهەڕەمەکی کەوتمە دوان بیرم لە
ڕەگەزە جیاوازەکانی نێوزمان نەدەکردەوە
لەناکاو ئاگایی دەروونیم شلەژاو ئاگایی مەعریفیم بە پەرشوبڵاوی
هەڵخزی و خۆم لەبەردەم نووسینێکدا دۆزییەوە چێژی لێ دەڕژا!
***
بەم دەمودەستە چۆن بتوانم چێژلەجوانی ناوازەت ببەمو لەبەردەوامبوونی زەمەندا
بیپارێزم ئاخر من خۆم بوونم بە ساتەوەختەوە لکاوە
( اینەداندی

جمالو اينەداندى

من گالدم ايى گورم

گورنماس اى نداندى )

***

ئێستاش بۆنى خۆشى كراسە ڕەشەكە و تەنوورە زەردەكەتم

لەزەين ماوە كاتێ لەنزيك ( گەس سووورداش ) چەشنى دێوانەيەك بەدواتەوەبووم و

ليڤاكسە نارنجييەجوانەكەت بەلاڕانێكتەوە نووساندبوو

بەلە نجەو لار ڕێت دەكرد منى شەيدا لەبرخۆمەوە دەمگوت خودايا

ئەمە چ جۆرە عەترێكى شينى كچانەيە بەمشێوەيە سەرگەردانم دەكا

( نەدەوار

نەقصاب وار نە دەوار

أيليك سيوگلم سنسن

دها گوزم نەدەوار)

***

مە يخانە نەتەنها شوێنى مەستى و دڵخۆشى و گۆرانى وتن و

مشتومڕى ئەدەبييە تيايدا ڕوانينێ بۆ جيهان و جوانى گەشەدەكا

دنيابينى شيعريش ڕووله فووڵى و فراوانى !

( قاخ گيداغ چاى خەنە خەنەيە مەى خەنەخەنەيە كيف خەنەخەنەيە

بەبا گيولم اگلانسن

يارن حقن ديواننداً ديواننداً ديواننداً دوغردە سويلانسن )

***

ئەى كچە چاوكەسكە بالأبەرزەكەى باغە هەڵواسراوەكانى شارى عيشق

من شیکارگەرایەکی شێتم چێژگەرایەکی ئاقڵ هەموو وزەی زەینیم لە هێرمنیۆتیکادا
بەرجەستەکرد بۆ ئەوەی سیمیۆلۆژیای دەقی ڕوخسارت
ڕاڤەبکەم لەناکاو بلێسەی جوانیت پرشنگی داو هاوکێشەکانی تێگەیشتن و لێکدانەوەی
لەبیربردمەوە !

***

مرۆڤ چەشنی دەق بوونەوەرێکی زمانی و مێژووییە پەیوەست بە شرۆڤەکاری ناخودئاگای
ئارەزووە ئارەزووی ناخودئاگای لەهەراوزەنای کۆمەڵگادا بە سەرگەردانی دەخولێتەوە و
ئارەزووە چە پێنراوەکانی بەخەیاڵی سێکسیش تێرناکرێن!

***

شیلان بە فوستانێکی ڕەشەوە لەبەرئاوێنە وەستاوە جوانی لێ دەرژێ !

***

شیلان هەم کراسە ڕەشەکەی جوانە هەم جەستە سپییەکەی
گەر بەڕووتی باوەشی پیابکەی بوونت چەشنی شەختە لە بەفری لەشیدا
دەتوێتەوە!

***

لەچکە شینەکەت فڕێ دە با هەوری قژی قاوەڕەنگت بارانی جوانی
ببارێنێ و خاکی ڕۆح ببوژێنێتەوە
( ماوی یەزما یار بەغلامش باشنە
سەچاغلاری دەگار قلم قاشنە
ینگی گیریب اون اوچ اون دورد یاشنە
گوزەللارن مسکانی بو چایدادی
ایچمشام بادا بیلمرم سیودا هاردادی )

***

مرۆڤ بوونەوەرێكی نیگەرانی سەرلێشێوەوە لەقەڵەمڕەوی زیندەگیدا
جگە لەگەڕیدەیەكی كاتیی شتێكی تر نییە
( سانا قالماس
ای گیدەر سنە قالماس
گوزلارم أغام
ایستەر التونان كوشك یاب
بو دونیا سنە قالماس )
***
ڕوخساری یار كاتێ دەدرەوشێتەوە جوانیی لێ دەڕژێ
توندوتیژیش
( جغارانن دومانی
یوختی یارن ا یمانی
التونان قلعە یابتم
گومشتان ناردوانی )
***
لەم كەشە خەمۆكە ( شیلان ) ی نازپەروەر باسكە سپی و ڕووتەكانی
دەڵێی كریستاڵن جووڵەكانی جستەی
لە شنینەوەی گەڵای تەڕ و گوڵ و گوڵزار جوانترن!
( گون گوردم گوننار گوردم سانی گوردم شاد اولدم )
***
پێكەوەسازان وەهمێكی كاتییە ئایدیاكان لە ناتەبایی و بەركەوتنی
بەردەوامدان ئامازەكان سەرەتا دەدرەوشێنەوە پاشان كاڵدەبنەوە و بەزمانێكەوە دەلكێن
لێوانلێوە لە بێدەنگی!

تەنها جوانی هزر بەرەو جووڵە و کرانەوە و ئازادی دەبا؟

***

بەدەرکەوتنی جوانیت وزەی لیبیدۆ لە بینینم دەئاڵێ؟

***

جوانیی شیلانی کچە خانەدان دەزوولەی زەینم دەبزوێنێ؟

***

( زمان ماڵی بوونە ) نووسین ماڵی هەست وهزر و وەرشەی وشە؟

***

چێژی جوانیی چەشنی خەمۆکی ناونشینە؟

***

لەژێر سایەی تەبایی کۆمەڵایەتیدا هێزی تاقانە و جیاواز
کە هەڵوەدای جوانی و ئیرۆتیزمە سەرکوتدەکرێت ؟

***

قازانج سەرچاوەی سەرکوتکارییە؟

***

خودئاگایی سوبێکت بەشیعرگەراییەوە ئاڵاوە و تاکگەرایەکی هیدۆنییە
حەزی بەئاوێزانبوون وجوانیی جەستەو کرانەوەیە بڕوای بە مەسرەفکردن و زێدەڕۆیی و
بەفیڕۆدانی وشەنییە؟

***

شیعر زەماوەندی منی ئارەزووە و بەخودگەراییەوە لکاوە؟

***

شیعر کرداری نێو ئارەزووە مەبەستی تێکردنی چە پێنراوەکانە کەتێرنابن؟

***

شیعر سوبێکتەو عەودالّی ئۆبێکتی ئارەزووکراو؛

***

لە دەربڕینی شیعریدا زمانی هیدۆنی بالآدەستە؛

***

شیعر بەرهەمی لێکدانەوەو هەڵوەدابوونە بەجوانی؛

***

مەسرەفکردنی زمان وابەستەی هەڵپە و هەڵچوونی ئارەزووە؛

***

شیعر هەڵچنینی دیوارە ڕەنگاوڕەنگەکانی تەلاری عیشق و هزر و ئازادیە بەخشتەکانی ئیستاتیکی؛

***

شیعر و هزر لەدراوسێتی و تێهەڵکێش کردندا بەردەوامی بەخستنەوەی جوانی دەدەن؛

***

ئەودەمەی جوانی نیگەرانی دایدەگرێ هاوبەندی دەخزێ و توندوتیژی بەشاراوەیی سەرهەڵدەدا؛

***

بیرکردنەوەی تەسکی شیعری بەهای جوانیی لەخشتەدەبا؛

***

ئارەزوو ماڵی شینی ئازادی ناوەکییە؛

***

جوانی لێوانلێوە لەچێژ بڕێجار بەرەو مەشقی بیرکردنەوەمان دەبا؛

***

لەم پەیوەندیگرتنە ناوەکییە دوورە پەرێزی مەحاڵە ئێستا تۆ کەوتویتە باوەشی جیهانێك بەسیستمی ڕەمزییەوە دەهەژێ هەمووشتەکان لەنێو یەکتردا ناونشین و ئاوێزانن ڕزگاربوون لەم تۆڕە زمانییە ئاڵۆسکاو و پێکەوەبەستراوە کارێکی نەکردەیە

***

لە پۆلینکارییەکانی جیهانی ژیاندا سەروەریی چەشنی نەمریی جگە لە وەهمێکی شەکەری شتێکی تر نییە ئەوەی سەردار لە کۆیلە جیادەکاتەوە

هێز و ڕێژەی تۆقینە لە مەرگ !

***

کاتێ سوبێکتم نغرۆی عیشق و جوانی دەبێ جیهان بەگشتی بۆی دەبێت بە ئوبێکت

***

زناك ناونشینی جوانییە جوانیش ناونوێنی شیعرە !

***

شیعر لە هەڵقولاّن و خوڕیی دابڕێ هەستی جوانی لەدەستدەدا

***

جوانی ناونشینە بۆیە دوورکەوتنەوە لەشیعر کەنارگیری نەکردووم

***

کاتێ جوانیت لە ئاگاییمدا دەردەکەوێ درکدەکەم هەم گەردوون بوونێکی سەیری هەیە هەم ئێمەی میوان !

***

مەستیی لە مەیخانەی عیشقدا بەداڵغەی شیعرو بڵێسەی جوانییەوە دەلکێ!

***

بەدەرکەوتنی جوانی شیعر لەزەین دەخزێ!

دووریت لەناخم داماڵراوە لەبەرئەوەی جوانیت ناونشینە !

***

جوانی بەبریسکەی شیعرو شێوەوە دەنووسێ!

***

چەنێ دڵڕفێنی ئەی شۆخ شیعر تەنیا لە جوانیتدا خۆی بالأدەکاتەوە!

***

جوانی ( ئیمانانس ) ت لە پرشنگەکانی ( ترانسێندنس ) بێبەش نییە!

***

ئەم هەموو بوونە لەجیهاندا پەیوەستن بە جووڵە و بەردەوامبوون و
ئارەزووەوە دەشێ گرژی و بەریەککەوتن و دژیەکی و ململانێ و کێبەرکێ
تەنانەت ئاژەلأنیشی تووشی وەڕسی کردبێت !

***

برێجار لە ناونشیندا ڕۆدەچم و بەخۆم دەڵێم دەبێ ئامانج لەو درێژبوونەوەیە چی بێت
کەکۆتایی نایەت درێژبوونەوەیەکە تەنیا لەخۆیدا بەهایەکی ئیستاتیکی هەیە بەلأم
چەشنی جوانیی جەستەی شۆخێك لەئامادەگی دایە بۆئارەزوو و چێژبردن بکرێتەوە
ئەگینا جیهان چەشنی بوون هیچ واتایەکی نییە !

***

ئەی هێزی کارا لەم ڕووتەختە شینە هەمو ئوبێکتەکان بۆ سوبێکتی نیگەرانم بەلێڵی و
ئاڵۆزی دەردەکەن وەك کۆمەڵێ ڕەگەزی بەیەکداچوو
یاخود بوون لەخۆیدا بەلأم بەڕۆشتنی کات ئاوێتەی یەکتر دەبن !

***

چێشتەنگاوە خەریکم پرشنگەکانی جوانی جەستە دەنووسمەوە دەنگێك لەناونشینەوە
پێم دەڵێ : شیعر لە زماندا یەکسانە بە ئاو لە ئاودا

ئەی جوانی بەباسکە ڕووت و سپییەکانت چەنێ دڵگیری فوستانە ڕەشەکەش فڕێدەی
باوەش بە جووڵە ناوازەکانی جەستەت دەکەم !
***
ئەی جوانی بەجۆشوخرۆش و فیچقەکردنی گیانییەوە هاتم ڕەنگ پەڕیو و نغرۆی
ئارامییەکی غەمگین دەمویست پرشنگەکانی جەستەی بەفرین و جووڵەقەشەنگەکانت
بنووسمەوە لەناکاو بیرم لە وێرانەیی مەرگ کردەوەو
لەبەرخۆمەوە وتم خودایا تەنها جوانی تۆ جاویدان و هەتاهەتاییە منی گومڕا جگە لە
چێژگەرایەکی کلۆڵ شتێکی ترنیم!
***
( جەستە ماڵی ڕۆحە ) جوانی لەززەتمەند لەڕێگەی چێژەوە هەم خۆی بەسەردلا
دەسە پێنێ هەم بەسەر زەینا بڕێجار بەدرەوشانەوەی ناوازەی
دنیای ئاڵۆزی ئارەزوو ئاوەژوودەکاتەوەو تووشی ترس و تاسا نمان دەکا!
***
ئاگایی لیڵی شیعر پڕە لە شەقڵی سەرشێتانە و خواستی نارۆشن!
***
جوانی بوونە لەخۆیدا دەشێ لەکۆمەڵێك ڕەگەزی بەیەکداچوو
پێکهاتبێت جگە لە چێژبردن و خۆشی بەخشی هەمیشە بەلیڵی و ئاڵۆزی دەمێنێتەوە!
***
مەرگ خاوەن وێنەیەکی خۆڵەمێشییە بریسکە و پەلکەزێڕینەی
ژیان و جوانی لەنێودەبا و لەئاوێزانی ناونشیندا نەزمی شتەکان تێکدەدا!
***
بڕێجار زەردەخەنەی سۆزانییەکی جوان لەدەقێکی بێمۆراڵی کراوە بەچێژتره چەنێ
بەختەوەر و دڵخۆشم شیلانی کچە خانەدانی دەمبەخەندە

بەدانتێلایەکی ڕەش لەبەردەمم دەگەڕێ و جارجارە بەلە نجەوە ئاوڕێ دەداتەوە
باسکەسپییەکانی دەڵێی قەیماغن قژە تەڕوئاڵتوونییەکەی
سەرتوو ئەگەر شەوێکی شین لەسەرچر پایەکی کەسك ولەژێر چەرچەفێکی پرتەقاڵی
باوەش بە جەستە ڕووتەکەی بکەم لەوەیە زەوی واز لەخۆی و خۆر بهێنێت لەمەبەدوا
چەشنی سەرگەردانێك بەدەوری بلێسەی جوانی
شیلانی بالأبەرز و بنێسا بخولێتەوە!

***

ڕیتمی جوانیت نەزمی ئاوێزانی ناونشینە

***

جوانی جوولەیەکی ڕۆشنگەرایە لەشەوی شیعردا دەگەڕێ و
پانتاییە خزو تەومژاوییەکانیش ڕووناکدەکاتەوە !

***

دەتوانم لە سووچێکی موبەقی ماڵەکەم لەسەرکورسیەکی سپی هەڵکوڕمێم وبەبێدەنگی
چێژ لە جوانییەکانی شیلان ببەم چونکە دڵ و زەینم لێوانلێون
لەعیشقی ڕۆح و جەستەی بەلأم لەدەستچوونی کۆتایی ڕووی لە پووچێتییە!

***

شیعر جوانی لێ بخزێت درەوشانەوەی زمانی لەدەستدەدا!

***

جوانی لەتێکستدا بە پڕێتی بدرەوشێ زەینی وەرگر هەلا هەلا دەکا!

***

جوانی دڵخۆشی و پشووت پێ دەبەخشی و ڕەهات دەکا لە ساتەوەختە خەمۆکییەکان!

***

بۆ (ویلارد ڤان ئۆرمەن کواین) و (ساماڵ مانیی)

مانا خاوەن بوونێكی ئەبستراكتی ناجێگیرە و بەدەست ناگیرێت
لەڕۆشتنی شلەیەكی شینی نەبینراو دەكا كاتێ بە ناوكۆیی ڕستەدا تێپەڕدەبێت دیوێكی بۆ وەرگر دەردەخا!

***

جوانیی شیلانی كچە سپی و خانەدان لەدەلالەت بەدەرنییە
كاتێ دەردەكەوێ چاو لەبینینی تێرنابێ و مانا لەخشتەدەبردرێ وزمان لەئامازەدان دەكەوێ و بزواندنی تەزوو لە دەزوولەی گەیەنەرەكانی مێشك لەكاردەكەوێ!

***

شیلان بەجووتێ ( گەڤەگای ) تورت و سرك وخز سەرچاوەی چێژی بزوێنراو وخۆشییە گەڤەگای ئەی گەڤەگای شیلان لە بووندا لە دیارنەمان و مەحالبوونی مانا دەكا و( گەڤەگای ) كانی سوبێكتەو بەفۆڕمە یۆنیڤێرسالەكەی كراوەتر و قەشەنگتر!

***

جوانی شیعر بەرەو هەڵچوون وقوڵپدان و فوارەكردنی ئەڤینی دەبا

***

هەمیشە گورزە تیشكێك لەشەوی شیعردا دەگەڕێ ئەوە خودی جوانییە!

***

شیلان لە جیهانی هەستەكیمدا جلە ڕەشەكانی فڕێ دەدا جا وەرە چێژ لەم بەفرستانە مەبە!

***

شیعری كراوە هێدی هێدی ڕوو لە بالابوونی پەتی دەكا!

***

خود —ئاگایی جووڵەیەكی شینە و لەزەیندا دەگەڕێ!

***

شیعر گیرۆدەبوونە چێژ و بیرکردنەوە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە!

***

ئەی جوانی تۆ نەبویتایە شیعر ئەم ستایلەی لەکوێوەدەهانی ئەفازیاش فریای نەدەکەوت !

***

ئەی جوانی کاتێ دەردەکەوی تاریکی غەمگینی لەدەستدەدا!

***

ئەی جوانی دوێنێ چەشنی فریشتەیەکی تاقانە نێگات دەکردم و بزەیەکی زەردت دەگرت عەتری شینی فوستانە ڕەشەکەت لەدووررا شێتی دەکردم ئێستا بەم نیوەشەوە خۆش و بێدەنگە بەمەستی گاز لە باسکە سپییەکانت دەگرم و چرکەکانی دڵخۆشی دەنووسمەوە!

***

مرۆڤ لەنێوان تاسەی برسێتی و تێربووندا کات بەسەردەبا بەڵام دامرکانەوە کاتییە!

***

چێژ خواستی شیعرە بەئازادییەوە لکاوە!

***

ئاخۆ زمان هێز بەئیستاتیکا دەبەخشێ یاخود ئیستاتیکا هێز بە زمان!

***

جوانیت لەئیستاتیکایەکی شیندا دەقی لە ئاکار بەدەرم پێ دەنووسێ!

***

شیلان بیرکردنەوەکانی چەشنی خۆی جوانن
کاتێ پێدەکەنێ لەئاخاوتن و نووسیندا
یاری بە بونیادی سیمانتیکی ڕستەدەکاو

مانا لەخۆوە هەڵدەلەرزێ!

***

تاكو جوانی شیلان نەدرەوشێتەوە مانا لەڕوخساریا
خۆی نادات بەدەستەوە!

***

زۆرجار جوانی پرسی مانا دەخاتەلاوەو
چیەتی بوونی لە ئیرۆتیکادا دەدۆزێتەوە!

***

جوانی لە جیهاندا چەشنی ڕستە بێكۆتایە !

***

وەك چۆن ڕستە یاری بە وشەدەكا جوانیش یاری بەعیشق!

***

شیعر دەربڕینی ئۆنتۆلۆژی ئاوێزانی توخمە شەیتانییەكانی ئیستاتیكا
دەكا!

***

شیعر گەمەیەكی ئیستاتیكییە لەنێوان ڕستە بینراوەكان و نەبینراوەكانی تیۆرگەرایی
و ئەزموونگەراییدا وابەستەی بینین و چێژبردنە لەجوانی و كردەیەكە لەتیائالأنی
وزەی لیبیدۆیی بەدەرنییە!

ئەم دڵەڕاوكێ و كڵۆڵی و شڵەژانییە چییە خەمناكی چەشنی تەم سەرا پای دەروونی
داگرتووم ژیانی پڕ ژاوەژاو وجە نجاڵم تەنها لە لەرزەی ئیرۆتیزمدا بەئارامی دەگا
لێگەڕێ تاكات بەسەرنەچووە تاجەگوڵینەیەكت لەسەر بنێم و هەموو جوانییەكانی
گەردوون لە پنتێكی جەستەی برۆنزیتا بئاخنم و چەشنی ئەڤینداریكی دەروونشێواو
قۆڵ و باسكەكانت بلێسمەوە و

قه پیان لێ بگرم و دانەدانەی بازنگەکانت ڕامووسم بەڵام منی نەریتگەرا دەترسم ڕێسا و پێودانگەکانی کۆمەڵگا تێکبشکێنرێن !

***

کات چۆن لە چرکەیەدا هەیە بەهەمان شێوە لە دەنکە گێلاسێکیش
نیشەجێیەوە و سووردەچێتەوە لەخونچەی گوڵەباغدا پێدەگا و دەپشکوێ
دواتر هێدی هێدی دەژاکێ وەك ئەوەی لەبنەڕەتەوە بوونی نەبووبێت
بوونی مرۆڤیش جگە لەجووڵەی کات شتێکی تر نییە بەڵام ڕووی ڕاستەقینەی لە وەستانە!

***

دوای ڕزگاربوونم لەتاریکی ئەشکەوتی شیعر بەجۆشوخرۆشەوە ڕووم لە ڕووناکی خۆرەتاوی جوانی کردو بەدڵەڕاوکێوە لەبری فۆڕم بەدوای ڕاستی بووندا دەگەڕام و بیرکردنەوەم هەوڵی دەدا لەنێو ئایدیاکاندا پەی بەخودی جوانی ببا هیلۆ-مۆرفی هیلۆ-مۆرفی چەندە ڕاگوزەر و تێپەڕی
ئەی ( هۆشی ڕەها ) فریام کەوە لەم فەرامۆشکردنە هەڵگێڕانەوە و هەڵوەشاندنەوەی هاوکێشە میتافیزیکییەکە هێندە ئاسان نییە منی داماو چۆن بیربکەمەوە لەناکاو خۆم لەنێوان بوون و هەبووەکان و فۆڕم و چەمکی ( ویست بۆ هێز ) دا بینییەوە و لەنیگەرانییان هەڵدەلەرزام چیم پێ نەکرا جگە لەوەی بەئاگامەندییەکی ئۆنتۆلۆژی باوەش بکەم بە چێژ هیچگەراییا و ئەم گۆرانیە بچڕم
( سونامز گولدا قالدی
گوزمز یولدا قالدی
گوردم گیردی یار گیلە
چخمادی اوردە قالدی )

***

لەم هەراوزەنای زیندەگییە جوانی جگە لە بلێسەیەکی کاتیی شتێکی تر نییە؟

***

بیرکردنەوە بڕستی لەبەربڕیم لەنێو ونبووەکاندا هیچم بۆ نادۆزرێتەوە
وتم شیلان ئەگەر بەجەستەی سێبەر و لەبەرگیراومان کە پڕاوپڕە لە هەست و خوست و میوزیکی غەریزی گەشتینە جیهانی ئایدیاکان تۆبلێی ئیرۆس هەمیسان هەلاێسێ و چێژگەرایی بالادەستی لە دەستنەداو هەوەسبازی بلێسە ئالەکانی لەش بنووسێتەوە
شیلان بزەیەکی گرت و وتی :
باجارێ لەچەمکی گۆڕانی ( هیراکلیتۆس ) و نەگۆڕانی ( پارمەنێدس ) و
پرسی بیرچوونەوە و بەبیرهاتنەوە بگەین
ئینجا نغرۆی دنیای هەستەکی و فۆڕمەکانی ئەفلاتون ببین؟

***

ئەم هەموو نیشتەجێبوونە تەنانەت زەینی پەرشوبلاویشم هەڵپەسێرم
پەی بەم ئالۆزی و دژوارییە نابەم گشتی ڕووی لە کالبوونەوەو لەنێوچوونە
شتومەك لە وشەدا نیشتەجێیە بوون لە زماندا جیهانی هەستەکی وسیمولاکراکان و جیهانی فۆڕم وئایدیا وئایدیالەکان
وینەی درۆزن وساختە نیگارو زڕەوێنەو مۆدێل و ئایکۆن و لەبەرگرتنەوەو نووسخە و هاوشێوەیی و نمایش و نواندنەوەو لاسایی کردنەوە و نیشانەو ئاماژەو جیاوازیی و ئۆرگینالێ ( ئەسڵەکە لەهیچ شوێنێك نییە )
بەلام ئینسان بەڕێکەوت هەڵدراوەتە نێو تۆڕی هیچگەرایی و پووچگەرایی بوون و کاتەوە مەگەر مەرگ بەیارییەتراژیدییەکانی ڕزگاری بکات ؟

***

سۆفیا
ئەی کچە بالابەرزەکەی دنیای جوانی عیشقت چەندین کتێبی شیعری

پێ نووسیم و ئارەزووی هارم  لە چێژی  جەستەت تێرنەبوو

( ایولرینن اوگی یونجا

یونجا قاخمش دام بویونجا

بویو ئوزون بیلی اینجا

نیننە یاورم نیننە

اسمر یارم نیننە )

***

جوانی تواناکان دەتەقێنێتەوە و بە وزە ونبووەکانی عیشق وهێماکان زمانی شیعریی بارگاوی دەکات

***

جوانی لەنێوان هەستگەرایی و ئاوەزگەراییدا دێت و دەچێت

تنۆك تنۆك شیلەی چێژی لێ دەرژێ و ئارەزوو دەورووژێنێ

***

جەستەی بنێست چ وزەیەکی لەخۆگرتووە بەجۆرەها شێوە

دەدرەوشێتەوە و کرۆکی ئارەزوو ژێرەوژووردەکا

***

شیعر بە بیرکردنەوە جیاواز و هێزی ئەنارشی و ئیستاتیکی

لەنێو هاودژەکاندا هێمای نوێ نوێ ئافەریدەدەکات !

***

هەمیشە لە زەیندا ئایدیایەکی شڵەژاوی شیعریی

دەگەڕێ  ئەگەر گوزارشتی لێ بکرێت  لەوەیە  تێگەیشتنمان

سەبارەت بە بوون و جیهان و جوانی بگۆڕێت!

***

## بۆ ئەنتۆان ئارتۆ

خەونە شانۆییەکانت پڕن لە جنۆکە و هێما و وڕێنە و بووکەڵە و فۆبیای هەمەڕەنگ و لەرەی ئاخاوتن و هەرا و زەناو هاوارو قیژەی ڕەش

کاتێ تێکەڵ بە جووڵە و شیعرگەرایی شوێن و سەمای دیۆنیزیۆسی و وێنەو وێناکردن و دنیابینی و ئەندێشەی تراوامایی و ڕووناکییە شینەکان دەبن

گوزارشت لە نەهامەتی و شێتی و دڵڕاوکێ قووڵەکانی ئازاری ئێستای مرۆڤ دەکەن !

***

شیعر گەمەکردنە لەگەڵ مانا بڕێجار جوانی بەچێژەوە هانت دەدا

( لەڕێی ماناوە ژیان بکەیت بەبەری وشەکاندا )

***

کێ پێی وتی زمان بەرگی بیرکردنەوەیە ئەی شیعر خودی زمان و هزر نییە ،ئەی چی لەم سێگۆشە دۆزەخیە دەکەی ئایدیا و وشە و دنیا( ئۆبێکتەکان ) زەینی تاکی بیرکەرەوە چۆن ئەو بەرگەی پێ دادەماڵدرێ تاکو بە پاکی و بێگەردی بگا و مانا بەیەکمان ببەستێتەوە ئاخۆ مانا چەشنی جوانی لەخۆدا نیشەجێیە یاخود لەزەینی ئاخێوەر و لەچۆنیەتی بەکاربردنی وشەکاندایە ، ئاخر لە هاوکێشەی ئایدیا و زەین و دەنگ و زمان و ئاگاییدا ئایدیا هاوەڵی ناوەڕۆك و ماڵی مانایە من لەم تیکچڕژانە ئاڵۆسکاوە زمانییە هەرئەوەندە دەزانم جوانی شیلان شیعرە و لەدەنگ وبزاوتی زمانی جەستەیتدا دەردەکەوێ وبەمانایەکی ئاوێزان بە چێژ و چێژێکی ئاوێزان بە مانا ڕۆح بەعیشقەوە دەپرووکێنێت و پێناسەکردنی مەحاڵە ولەزمانێك دەکا کە لەگەڵ بیرکردنەوەدا بەیەکەوە دابڕژێن !

( اغلمە جیران بەلاسی

سزلمە جیران بەلاسی

گیدر گوزو قەراسی

سوينم باخ جا نمه

حمسده سيوده و ياراسى )

***

زەينم پڕە لە ئايديای جوانيت لەگەڵ عيشقا تێكرژاون

***

فينۆمينەی جوانيت ڕيتم و مانای لەخۆيدايە و چێژی لێ دەڕژێ و
شيكردنەوە زەينێكی عاشقانەی گەرەكە!

***

ئاخر زمان پاكژ نييەوچۆن دەتوانێ گوزارشت لە بلێيسەی بێگەردی جوانيت بكا !

***

وشە دەنگەو ئايديای نێو زەين ڕووەو ئۆبێكتەكانی نێو جيهان
دەورووژێنێ و واتايان پێ دەبەخشێت !

***

( چۆن زمان پەيوەندی بە دنياوە هەيە )

ئاشنايەتی شيلانی كچە سپی و تاقانە نەبووايە هێزی زەين نەيدەتوانی بيركردنەوەی ئاراستەی ناوەوە و دەرەوەی بكاو وەسفی ديارو ڕۆشنی ڕوخساری گەشاوەی بە پرشنگی جوانی زمان دووچاری ليێلی و ئاريشەو ئاڵۆزييەك بكات لەچەمكی ماناو دەلالەت خاڵی نەبێت !

***

بۆ ڤيتگينشتاين

( زمان ڕاستی تيانييە .زمان لەبەكارهێنانيدايە )

ئێستا نيوە مەستم ياری بەسيستمی زمان دەكەم و شيلان لەبەردەمم دێت و دەچێت وێنەكەيشی لەنێو دەستمدايە و شێوەو لەيەكچوونێك بەيەكەوە كۆياندەكاتەوەو منی

سەرگەردان چاوم بڕیوەتە جوانییە تاقانەو
خانەدانەکەی ئایدیاکانم لەگەڵ وشەو هەست و نەستم لەئاوێتەبوون و پەیوەندیگرتنێکی شینی لیریکیدا هەڵیساون خەرکە بیرکردنەوەیەکی قووڵ بەچێژگەرایییەوە بەرەو خولْقاندنی زمانێکی تایبەتی و ناوەکیم دەبات!

***

زەین و جیهان لە پەیوەندیگرتن و ئاڵوگۆڕێکی بەردەوامی ئیستاتیکی و تراژیدیدا درێژە بە بوون دەدەن و زمان بە دەنگەدەنگ و نووسینگەرایی زەین ڕووەو بیرکردنەوە و وەسف و وێناکردن دەباو جوانیش بەخەمناکی لەجیهانەوە ڕووەو زەین شە پۆل دەدا!

***

بۆ فرێدرێك لۆدڤیك گۆتلب فرێگە

کەس نازانێ مانا چەشنی بیرکردنەوە لە زەین وزماندایە یاخود لە جیهان و ئۆبێکتەکان ،مرۆڤ بە ئایدیاگەلێك گەمارۆدراوە بوون وابەستەی درککردن ، لێگەڕێ لێشاوی دەربڕینەکانت بێمەبەست فیچقەبکا، پیت سەر بەدنیایەکی دیاریکراوە ڕستە سەر بە دنیایەکی بێکۆتا ئەوە هێزی جوانییە بەهای سیمانتیکی بەناوکۆیی دەستەواژە دەگمەنەکان دەبەخشێت !

***

بۆ چۆمسکی

جوانی شیلانی کچە سپی بلێسەیەکی شینی شیرینە و یاری بە زەین وفۆڕمی ڕێزمانی یۆنیڤێرساڵی و بونیادی ناوەکی و زگماکی و هێزی بایۆلۆجی و سیستمی زمان دەکات!

***

ئێستا بە ئاخاوتنێکی مەست تێکەڵ بە دنیای ماناو زمان و تێگەیشتن دەبم !

***

دەشێ تێگەیشتن یاری بە ماناو زمان و ئایدیاکان بکات؟

***

زمان ماڵی ئاوەدانی دیالۆگە دیالۆگ ماڵی ئاوەدانی  زمان ؟

***

جوانی لە کەشی عیشقدا ڕوودداوە و چەشنی بەرکەوتنی تێکست و وەرگر تیایدا مانا شوێنی چێژ دەگرێتەوە؟

***

جەستە تێکستە لەسێکسکردندا ئاسۆکانی چاوەڕوانی تێکەڵ بە یەکدی دەبن؟

***

# ژياننامەی نووسەر

- هاشم ئەحمەد محەمەد سەڕاج
- ساڵی ١٩٥٤لە گەڕەکی –خانەقا – ی شاری هەولێر لە دایك بووە
- ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ کۆلێجی کارگێڕی و ئابووری – بەشی ئابووری – لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە
- دیوانە شیعرە چابکراوەکانی
- دووکەڵ ساڵی ١٩٨٣
- گۆڕستانی ئە پیکۆرۆس ساڵی ٢٠٠٠
- لالە بەدەستان ساڵی ٢٠٠١
- سروودەکانی عیشق ٢٠٠٣
- زینانی ڕۆح -کۆشیعر ساڵی ٢٠٠٥
- شالیس ساڵی ٢٠٠٦
- عەترو حەشیش و زەهرا ساڵی ٢٠٠٨
- تێکست ساڵی ٢٠١٠
- زمان وزەماوەندی ناوەکان ٢٠١٢
- چێژ وخەیاڵ و وشە٢٠١٢
- شەبەنگی شینی ژمارەکان –شیعری زیپ-٢٠١٢
- شیعری نانۆ -٢٠١٢
- کتێب و ئاسۆکانی خوێندنەوە –خوێندنەوەی کتێب -٢٠١٣
- پەخشانی شین – شیعر- دەزگای فام ٢٠٢٣
- دەقی سپی – شیعر - دەزگای فام ٢٠٢٣

- پەخشانی زەرد و شیعر و وشە _ شیعر - دەزگای موکریان - ٢٠٢٣

- شیعر و ئەلەتیا – شیعر – دەزگای موکریان ٢٠٢٣

- اللغة و عرس الاسماء – شعر - هاشم السراج – ترجمة –المهندس محمد حسين رسول –سلسلة خاصة بمهرجان (كە لاويز ) الثالث عشر ٢٠٠٩ **هەمان کتێب لەلایەن ئەندیازیارو ئەدیب محمد حسين رسول ەوە بۆ زمانی ئینکلیزی وەرکیردراوە**

- ( برۆزەی برادەرانی زناك ) لەكەڵ زانا خەلیل و حەمە علی خان و فریاد هیرانی

- ٤-١-١٩٩٦ لەکۆڕێکدا بڕکەو بەندەکانی برۆزەکە خرانەڕوو

- کتێبی –زناك – کۆمەڵێك وتاری ئەدەبی ساڵی ٢٠٠٩

- تاریکی خۆر –نۆڤلێت –بەهاوبەشی لەگەڵ حەمەعەلی خان ١٩٨٦ گۆڤاری کاروان

- کتێبە چاپنەکراوەکانی –شیعر-

- شیعر و سوبێکت_شیعر٢٠١٧

- شیعر و بوون- ٢٠١٨

- شیعر و لۆگۆس -٢٠١٩

- شیعر و سۆفیست ٢٠٢٠

- شیعر و دازاین ٢٠٢١

- چەندین لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی کتێبی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان دا بڵاوکردۆتەوە